# چەند باسێک لە بنەماکانی تەفسیری قورئان

چەند باسێک لە بنەماکانی تەفسیری قورئان

نووسینی: موساعید سولەیمان تەییار

وەرگێڕانی: دانا جەباری

نەخشاندنی نوسین و بەرگ: کتێبخانەی گەشە

چاپکردن: کتێبخانەی گەشە

نۆبەی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٢

تیراژ: ١٠٠٠دانە

نرخ: ٤٠٠٠دینار

لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ژمارە سپاردنی (١٥٧١)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە.

کتێبخانەی گەشە بۆ چاپو بڵاو کردنەوە

سلێمانی – بازاڕی ئاوباریک بەرامبەر کاسۆ مۆڵ – دوکانی ٧١

٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣ – ٠٧٥٠٨٨٢٩٠٨٦

# چەند باسێک
# لە بنەماکانی تەفسیری قورئان

نووسینی:
موساعید سولەیمان تەییار

وەرگێڕانی:
دانا جەباری

چاپی یەکەم
١٤٤٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ﴾

(العلق:١ ).

# پێشەکیی وەرگێڕ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الْحَمْدَ لِلهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ؛ صَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِيْن، أَمَّا بَعْد:

زانستەکانی قورئان و ئەوەی پەیوەندیی بەم زانستەوە هەیە، لە بەڕێزترین و گرنگترینی زانستەکانن، چونکە ئەم زانستانە پەیوەندییان بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە و قورئانی پیرۆزیش سەرچاوەی یەکەمی موسوڵمانانە کە بۆی بگەڕێنەوە.

خوای گەورە هەواڵی ئەوەی بە پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمانان داوە، ئەو پەیامەی کە ناردوویەتی بۆ ئەوەیە تێبگەن، تێبفکرن و بیربکەنەوە لێی، وەکو دەفەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٢٩﴾ [ص: ٢٩]؛ پێشەوا تەبەری دەڵێت: سەرم سووڕ دەمێنێت لە کەسێك، قورئان بخوێنێت و شارەزای واتاکەی نەبێت چۆن لەزەتی لێ دەبات؟

ئەم لەزەتبردن و تێگەیشتنە بە هۆی ئەم بنەمایانەوە دەبێت، کە بریتین لە زانستەکانی قورئان.

ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم زانستانە، کەسی موفەسیر (ئەو کەسەی تەفسیری قورئان دەکات) پێویستە شارەزا بێت لەم بنەمایانە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە لە تەفسیرەکەیدا. جگە لە کەسی موفەسیر، ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێ لە وتەی خوای گەورە تێبگەن و لەزەتی لێ ببەن، تەفسیری پەسەند لە ناپەسەند جودا بکەنەوە.

کتێبی "فصول في أصول التفسير"، کە شێخ موساعید تەییار نووسیویەتی، کۆمەڵە بنچینە و بنەمایەکی گرنگی باس کردووە لەبارەی تەفسیری قورئانەوە، ئەم کتێبە بەوە لە کتێبەکانی تر کە لەبارەی زانستەکانی قورئانەوە نوسراون جیا دەکاتەوە، تەنها گواستنەوە و کۆکردنەوە، یان پوختکردنەوەی بۆ بابەتەکان نەکردووە، بەڵکو هاتووە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و وزەیەکی تێدا سەرف کردووە، هەندێ بۆچوونی نوێی لە بارەوە خستۆتە ڕوو، بەڕاستی جێگەی گرنگیپێدانە.

لەکۆتایشدا دەتوانم بڵێم، خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم خوای گەورە یارمەتیی دام، کە ئەم پەرتووکە لە زمانی عەرەبییەوە وەربگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی، بۆ ئەوەی قوتابیی شەرع و کەسانی تریش لێی سودمەند بن، کوردانی خۆمانیش لەو سوودە بێبەش نەبن.

**وەرگێڕ: دانا جەباری**

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێداچوونەوەم لەسەر کۆمەڵە بابەتێك كرد كە پەیوەستە بە تەفسیر و بنچینەكانییەوە، كە برام (شێخ موساعید سولەیمان تەییار) نووسیویەتی، لێكۆڵینەوە گەلێكی جوان و بەسوودم بینیوە لە ماوەی خوێندنەوەم بۆی، گەورەترین سوودم بۆ دەركەوت لێوەی، لەسەر ئەو كۆمەڵە بابەتە ڕێچكەیەكی گرتۆتە بەر بۆ لێكۆڵینەوە لێی؛ كە پشتی بەستووە بە بنچینە بۆ دانانی ورد و قاڵبوونەوە تێیدا؛ نەك تەنها كۆكردنەوە و گواستنەوە بێت، كە ئەمە هەر بەم شێوازە كاری كردووە لە كتێبەكانی تریشی لە هونەری (علوم القران و أصول التفسیر)، كتێبانێك هەن كە كۆكردنەوە و گواستنەوە زاڵبووە بەسەریاندا، لەوانە؛ زەركەشی لە "البرهان" ، سیووتی لە "الإتقان" باسیان كردووە تێیدا كە لەم دوو كتێبە وەریان گرتووە و كۆیان كردۆتەوە، لەگەڵ زیادە و هەڵێنجانێك تێیدا، بەڵام هەر لە ژێر سایەی ڕێچكەی پێش دەمێنێتەوە، بۆیە وادەزانم ئەم بابەتانە هەنگاوی یەكەمە لە ڕێچكەی زانستی بنچینە بۆ دانان دابنرێت بۆ ئەم زانستە (علوم القرآن و أصول التفسیر) لە ڕیزی زانستەكانی تر هەنگاو لەم ڕێگەیەدا.

بە ڕاستی لێكۆڵەر -وائەزانم (ان شاء الله)- شایستەی ڕۆچوونە لەم بابەتەدا، لەوەی من دەربارەی زانیوومە لە پشتی لێكوڵینەوەكانی و خوێندنەوەی و ڕۆشنفكرییەوەی، كە یارمەتیدەری بوونە لە هەڵێنجانیدا، داواكارم لە (الله) سەركەوتوو و بەردەوامی بكات.

وصلى الله على نبینا محەمەد وعلى آله وصحبه وسلم.

**د. محەمەد ساڵح فەوزان**

**سەرۆكی بەشی دیراساتی قورئانی، كۆلێژی مامۆستایان ، ڕیاز**

# پێشەکیی نووسەر:

الحمد لله منزل القرآن، والصلاة والسلام على رسول الكريم، القائل: "خيركم من تعلم القرآن و علمه"، وعلى آله وصحبه البررة الذين تعلموا كتاب ربهم و علموا به...

بەڕێزیی "زانستەکانی قورئان" شاراوە نییە لای فێرخوازان، ئەگەر ئەم زانستە بەڕێزە؛ ئەوە بەهۆی زانراوەکەیە کە قورئانی پیرۆزە، گومان لەوەدا نییە لێکۆڵینەوەکان لەم زانستەدا لە باشیدا هەندێکیان باشترن، بڵندترینیان "علم التفسیر"، کە ڕوونکەرەوەی وتەی خوای پەروەردگارە. ئەوەی لەم زانستە دەڕوانێت پێویستیی بە پێشەکییەکە بیخوێنێت بۆ ئەوەی ئەم زانستەی بۆ ڕوون بکاتەوە، ڕێگای بۆ ڕۆشن بکات، ون نەبێت لێی لە کاتی خوێندنەوەی ئەم زانستە، باش و خراپ تێکەڵ بەیەك نەکات، ئەم پێشەکییانەیش زاراوەی "أصول التفسير"ی بۆ دانراوە.

ئەم زاراوەیە وەرگیراوە بۆ ناونیشانی ماددەیەکی خوێندنی هەندێ پەیمانگاو کۆلێژ، کە هەستاون تێکۆشانیان بۆ تاکەکانی ئەم مەنهەجە کردووە بۆ ئەوەی بابەتانێکی شیاوی بۆ هەڵبژێرن. بە هەر حاڵ، چونکە ئێستایش وای دەبینم (تاکەکانی مەنهەجەکە) لە ڕووی زاڵ بوون، لە "علوم القرآن" زانستەکانی قورئانە، تا زیاتر لە ئوسووڵی تەفسیر بنچینەکانی قورئان بێت.

ئەو کاتەی من هەستام بە وتنەوەی وانە لە کۆلێژی ماموستایان لە ڕیاز، هەندێ لێکۆڵینەوەم هەڵبژارد کە وای دەبینم پەیوەست بێت بەم زانستەوە، هەوڵم داوە لە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکان ئەگەر کات ڕێگەمان بدات.

تاوەکو ئێستا هەندێ بابەت لە هزرم دایە، بەڵام پێویستی بە خوێندنەوەی کتێبی تەفسیر هەیە، داواکارم لە خوا بۆم ئاسان بکات و یارمەتیم بدات لەسەری، ئەوە باشترین بەرپرسیاریەتییە و گەورەترین بەخششە. هەوڵم داوە بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە بەهێز بکەم بە نموونە هێنانەوە، ئەگەرچی

هەندێکی وا نەبێ، بەڵام بەدواداچوونم بۆ کردووە لە شوێنێکی دواتر دایبنێم بە ویستی خوا. پاشان مەبەست لەم نموونانە تەنها نموونەی ڕەهان، پەیوەستم ناکات بە دروستێتی و بەدواداچوون لە لێکۆڵینەوە لێی، وەکو وتراوە: لە کەلتووری کەسێکی لێهاتوو نییە ڕەخنە لە نموونە بگرێت، چونکە مەبەست لێی بۆ دەرخستنی بابەتەکانە و ڕوونکردنەوەیانە. هەندێ لەو دابەشکاریانە دێنە پێشت؛ دەچێتە بواری هونەرییەکەیەوە و بەس، مەبەست لێی جۆرێتی و هونەری لە مەبەستێتی بابەتەکان.

پاشان ئەوەی کە دەیبینی لەم لێکۆڵینەوەدا هاتووە کۆششێکن، ئەوەی لەسەر تۆی خوێنەرە تەنها تێبینییەکانتم بۆ بنێری، یارمەتیم بدەی بە بۆچوونەکانت، جیاوازیی نییە ئەگەر لەسەر بابەتەکانی ئەم زانستە بێت یان لەسەر بابەتێك کە خرابێتە ڕوو، منیش زۆر سوپاست ئەکەم.

لە کۆتاییدا بیرم نەچێت -لە دوای الله- سوپاسی دایك و باوکم ئەکەم، کە یارمەتییان دام لە بەدەستهێنانی زانستدا، پاشان ئەوەی یارمەتی دام لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەکو (شێخ محەمەد ساڵح فەوزان)، سەرۆکی بەشی (الدراسات القرآنیة) لە کۆلێژ، سوپاسی دەکەم لەسەر ئەوەی خوێندنەوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەم کرد، تێبینیی خۆی خستە ڕوو. هەروەها برام (محەمەد عەبدولعەزیز خوزەیری) کە مامۆستایە لە هەمان بەش، کە خوێندنەوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەم کردووە لە گەڵمدا، یارمەتیدەرم بووە بە بۆچوونەکانی و ڕا پەسەندەکانی.

هەندێ برای تر کە نەیان ویست ناویان بهێنم، بەڵام جێدەستیان دیارە لە کاتی خوێندنەوەم بۆ ئەم زانستە لە بونیادنانی خشتەکان لە گەڵمدا، کۆکردنەوە و بیروبۆچوونەکانیان، (الله) پاداشتی بەخێریان بداتەوە.

ئەوەیش لەبیر ناکەم (دایکی عەبدوملەلیك) یارمەتیدەرم بوو بەپێی توانای، خوای گەورە پاداشتی بە خێریان بداتەوە، بیکاتە خێری دنیا و دوارۆژم.

**ئەبو عەبدوملەلیك (موساعید سولەیمان تەییار)**

**کۆلێژی مامۆستایان، ڕیاز**

# دەستپێك

بێگومـان زانسـتەکانی قورئـان زانسـتێکی فراوانـی بێسـنووره بە بابەتـانێکی بەربـڵاو، وەکـو: مەکـکی و مەدەنی، ناسـخ و مەنسـوخ، ژمـارەی ئایەتەکـان، قیرائەتەکان و ...هتـد. بە بەردەوامـیش ئەگەری ئاشـکراکردنی بابەتـانێکی نـوێ هەیە لەم زانستەدا، لەوەی دەرکەوتە زانسـتی "التفسـير الموضـوعي"، زانسـتی "مناهج المفسـرين" و جگە لەمانیش.

لەو زانستانەی کە دەرکەوتووە، بەڵام چاودێرێکی تەواوی بۆ نەکراوە، "علم أصـول التفسـير"ە، لە ڕاسـتیدا بەشـێکە لە زانسـتەکانی قورئـان، هەرچەنـدە هەندێك دەڵێن هاوواتای زانستەکانی قورئانە، کاتێك "أصول التفسير" بەشـێکە لە "علـوم القـرآن"، ئێسـتا هەنـدێ بۆچـوون دەخەمە پـێش دەسـتت، بیکەیـتە تەوەری گفتوگـۆ و پێـداچوونەوە، ئومێـدەوارم پێـداچوونەوەی ئەم زانسـتە بیگەیەنێتە ئاستێکی باڵا لەوەی تێیدایە، ببێتە جێی گرنگی فێرخواز، هەر وەکـو ئەوەی کە گرنگییان بە زانستی فەرمووده و زانستی شەرعناسی (فقه) داوە.

لە کـاتی خوێنـدنەوەت بـۆ مەنهەجـی "زانسـتەکانی قورئـان" ئەوەی کە دەخوێنرێـت لە پەیمانگاکـان و کۆلێژەکـان، تێبینـی ئەوە دەکەی بەزۆری ئەو کتێبـانە گواسـتراونەتەوە و پوخـت کـراون لە کتێبـی "البرهـان" ی زەرکەشی و "الإتقـان"ی سـیووتی. بەم شـێوەیە لایەنە لێکـۆڵینەوە و نوێبـوونەوەکە ون دەکات، ئەوەی پوخت کراوەتەوە تێیدا تەنها بیرخەرەوەکانن، پاشان چاپکراون کـراون بە کتێـب، جیـاوازییەکی ڕوون هەیە لەوەی کەسـێك بیرخەرەوەکـان بنووسێت بۆ قوتابی، کەسێکیش شتێك بۆ قوتـابی بە گشـتی بنووسێت. بەزۆری بەم شێوە نووسراوە، هەر چەندە کتێبخانە قورئانییەکان خاڵی نین لە بۆچـوونی تازەگەری.

ئەمە ڕێگـای هەسـتانەوەیە بەم زانسـتە: هەسـتانەوەی لایەنی تێڕوانینـی، هەستانەوەی بە لایەنی تەحقیقی، ئەم ڕێگایە لە مەدا دەبینم کە دێت:

یەکەم: زانستی قورئان دوو لایەن دەگرێتەوە: لایەنی تێڕوانینی ڕووت، لایەنی تێڕوانینی کردەیی (التطبيقي).

أ. وەکو زانستی ژمارەی ئایەتەکان، زانینی (الصيفي و الشتائي و المنامي و السفري و الحضري) ئەوەی لە هاوین، زستان، لە خەودا، لەسەفەر و نیشتەجێ ...دابەزیوون. ئەم زانستانە دەتوانی بە قوتابی لایەنی تێڕوانینەکەی پێ بڵێیتەوە، ئەگەر لایەنی کردەییەکەی تێدا بینرا ئەوە ئەبێت لە لایەنی کردەییەکەی بیڵێیتەوە.

ب. وەکو چیرۆکەکانی قورئان، نموونەکانی قورئان، بەشەکانی قورئان و هاوشێوەی ئەمانە. ئەم زانستانە و وەکو ئەمانە ئەکرێت لایەنە کردەیەکەی بەسەردا جێبەجێی بکەی، لە دوای زانینی تێڕوانینەکەی. کردەییەکەی دوو بوارە: (قورئانی پیرۆز) و (تەفسیر)، بۆ هەریەك لەمانە بابەتانێك بۆیان شیاون.

مەبەست لە کردەییەکەی:

قوتابی هەستێت بە دەرکردنی نموونەکان یان تەفسیر، هەر وەکو ئەوەی قوتابی فەرموودەوانی دەیکات لە زانستی فەرموودەدا، دێت فەرموودەکە دەردەهێنێت و خوێندنەوە بۆ سەندەکەی دەکات.

لەسەر ئەمە ئەکرێت داوا بکرێت لە خوێندکار نموونەکان دەربهێنێت لە قورئان بۆ بابەتی "أمثال القرآن". داوای لێ بکرێت لە مەککی و مەدەنی دا خوێندنەوە بۆ دەرئەنجامی مەککی و مەدەنی بکات لە کاتی تەفسیردا. بەم شێوەیە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم زانستە لایەنی کردەیی، لەوە دەریهێناوە کە خوێندنەوەی بۆ لایەنە تێڕوانینەکەی کردووە.

دووەم: ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە لێکۆڵینەوە و دەوڵەمەندی دەکات؛ گەڕانەوەیە بۆ کتێبەکانی پێشین، لەوەی کە زەرکەشی و سیووتی لێیانەوە گواستویانەتەوە، چونکە هەردووکیان بەزۆری پوختیان کردۆتەوە لە کتێبەکانیان، ئەکرێت هەندێ شتیان وازلێهێنابێت پێویست بێت لە زانستەکانی

قورئان. لەوەی کە یارمەتیدەرە -هەروەها- دانراوەکانی فەرمـوودە و کتێبەکـانی ئەسـەر، بـۆ ئەوەی ئەو فەرمـوودانە و ئەسـەرانەت دەسـتکەوێت لە بـارەی زانستەکانی قورئان .

ئەگەر بگەڕێیـتەوە پێرسـتی شـەش کتێـبەکەی فەرمـوودە نموونەکـان لە بابەتەکانی زانستەکانی قورئان؛ گومانت نەبێت لەسەر ئەم بابەتانە لە فەرموودە و ئەسـەردا دەسـتتان دەکەوێـت. ئەم سـوودە کە لەم پێڕسـتە دەسـتتان دەکەوێـت، بەهـۆی پشتبەسـتنە بەم فەرمـوودە و ئەسـەرانە لە هەڵێنجـانی زانیارییەکان تێیاندا.

هەندێ باس -زۆر جار- ئەو دەقەی کە ئاماژە لەسەر زانیارییەکـان دەکـات تێیدا لە دەستی ئەدات، ئەگەر بکۆڵیتەوە -بۆ نموونە- لەسـەر ئەو بەڵـگەی کە دەڵێت: ئیمامی عوسـمان ڕەزای خـوای لێبێـت خەڵـکی کـۆکردەوە لەسـەر یەك "حرف"، شەشەکەی تری ڕەت کردەوە، یان ئەو بەڵگەی پێغەمـبەر ﷺ لەسـەر هەمـوو ئایەتێـك وەسـتاوە بـۆ ئەوەی ژمـارەی ئایەتەکـان بـزانن، دوای ئەوە بەردەوام بـووە لەسـەر ئـایەتەکە بـۆ تەواوکـردنی واتـاکەی. بێگومـان ئەگەر بخوێنیتەوە لەم زانستەدا نمـوونەی ئەم وتـانە دەبینـی کە نـابنە ڕێنیشـاندەر -بەڵگە-.

بـۆیە کـۆکردنەوەی فەرموودەکـان و ئەسـەرەکان لە یەك بابەتـدا، شـتە شاراوەکانیت بۆ ئاشکرا دەکات و سـودەکەی دەردەخـات، بـۆ نمـوونە سـەیری کتێبی "الأحرف السبعة"ی دکتۆر (عەبـدولعەزیز عەبـدولفەتاح قـارئ) بـکە، لە ڕووی کـۆکردنەوەی ئەسـەرەکان کە هـاتووە لە بـارەی "الأحـرف السـبعة"وە، پاشـان هەڵێنجـانی بـۆ کـردووە سـوودەکانی ئەوەی پەیوەسـتە پێـوەی دەری هێناوە.

لە کۆتایدا ئەی بـرای بەڕێز ئەمـانە هەنـدێ تێبینـی بـوو کە خسـتوومەتە بەردەسـتت، بـۆ ئەوەی ببێـتە بـابەتی گفتوگـۆ و سـوود، خـوای گەورە هەنگاوەکانمان پـێ بپێکـێ، یارمەتیـدەرمان بێـت بـۆ ئەوەی کە پێـی خۆشـە و ڕەزامەندە.

# بنچینەکانی تەفسیر

(أصل) لەزمانەوانیدا: واتا خواروو (بن)ی شتێك، بە سەرەتایی شتێك دێت، ئەوەی جگە لە خۆی بینای لەسەر دەکرێت، هەندێ بەو شێوازە پێناسەیان کردووە: ئەوەی لە غەیری خۆی پێویستیان پێیەتی، پێویستی بە غەیری خۆی نییە. ئەمە لە ڕووە زمانەوانییەکەوە هاتووە.

ئەوەی لە واتای (أصل)ەوە نزیکە: (القاعدة)یە: واتا ئەو بنچینەیەی کە خانووی لەسەر بونیاد دەنرێت.

(التفسیر) لە زمانەوانیدا لە (فَسَرَ)وە وەرگیراوە، ئاماژەیە بۆ دەرخستنی شتێك و ڕوونکردنەوەی، دەرخستنی واتایەکی نادیار و شاراوە.

(التفسیر) لەڕووی زاراوەیـیەوە: ڕوونکردنەوەی وتەی خوای پەروەردگارە کە موعجیزەیە و دابەزیوە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

أصول التفسیر: بنچینە و پێشەکییەکە دانراوە بۆ تێگەیشتن لە تەفسیر، ئەو ڕاجیاییەی کە تێی دەکەوێت، چۆن کاریان لەگەڵ بکەین.

تەوەری باسەکە لە دەوری دوو شت دەخولێتەوە: چۆن تەفسیری قورئان کراوە؟ چۆن تەفسیری قورئان بکەین؟

بۆ یەکەمیان ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ تەفسیرەکانی سەلەف، زانینی مەنهەج و ڕێگاکانیان تێیدا، بەتایبەتی سەلەف پێشەنگ بوونە لەم زانستەدا. لەدووەمیشدا پشتبەستن بە یاساکانی بنچینەکانی تەفسیری پێشین، بۆ ئەوەی پشتبەستنێکی دروست بێت و دووربێت لە هەڵە و کەموکوڕی.

شایەنی باسە لەم زانستەدا خوێندنەوەیەکی تەواو نەکراوە بۆ بابەتەکان، ئەو کتێبانەی نوسراون لەم زانستەدا لەسەر سێ مەنهەجن:

یەکەم: ئەوەی بابەتەکانی زانستەکانی قورئانی تێدایە، وەکو کتێبی "الفوز الكبير في أصول التفسير"ی دەهلەوی.

دووەم: پشتی بەستوە بە بابەتە فقهییەکان و ئەوەی پەیوەستە بە قورئانەوە، خوێندنەوەی بۆ کردووە لە بابی تەفسیردا، وەکو "دراسات في أصول التفسير القران"ی د. موحسین عەبدولحەمید.

سێیەم: لەم زانستەدا هەندێ بابەتی نووسیوە، وەکو کتێبی "مقدمة في أصول التفسير" شێخولئیسلام ئیبنو تەیمییە.

من هەوڵم داوە و هەنگاوم ناوە لەم لێکۆڵینەوەدا خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکەم، هیوادارم بتوانم هەندێ لایەنی تەواو بکەم و هەندێ بابەت دەربارەی ئەم زانستە بخەمە ڕوو.

## سەرچاوەکانی ئەم زانستە:

### ١. کتێب و سەرچاوەکان بەم ناوە کە "أصول التفسير"ە:

ئەم کتێبە تەواوی ماددەکانی ئەم زانستەی لێ پێك نەهاتووە، بەڵام بابەتی بەربڵاوی تێدایە، گرنگترینیان ئەمانەن:

أ. "مقدمة في أصول التفسير"، هی شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە (٧٢٨ك) کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ناوە "مقدمة في أصول التفسير" ئیبنو تەیمییە بۆ کتێبەکەی داینەناوە، بەڵکوو موفتیی حەنابیلەکان لە دیمشق دایناوە، "جميل شطی" ئەوەی کتێبەکەی چاپکردەوە (١٣٥٥ك)[١].

ئیبنو تەیمییە لەسەرەتای کتێبەکەیدا هۆشداریی ئەدات، ئەوەی کە دەینووسێت ئەوە یاسا و بنچینەیەکە بۆ تێگەشتن لە قورئان و تەفسیرکردنی و ئاشکراکردنی واتاکەی.[٢]

ب. "الفوز الكبير في أصول التفسير"ی دەهلەوی (١١٧٦ك).

ج. "أصول في التفسير"ی شێخ محەمەد ساڵح عوسەیمین.

---

[١] مقدمة عدنان زرزور لكتاب شيخ الإسلام ،ص ٢٢.

[٢] ص٣٣ من مقدمة فی أصول التفسير (ت: عدنان زرزور).

د. "أصول التفسير وقواعده"ی خالید ئەلعەك.

هـ. "بحوث في أصول التفسير"ی محەمەد لوتفی سەباغ، کە پشتی بەستووە بە پێشەکیی موفەسیرین و هەندێ کتێبی وەکو شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە و کتێبی دەهلەوی، لە هەموو ئەمانە پوختەیەك لە لێکۆڵینەوە و پێشەکییەکانی ئەم کتێبانە باس دەکات.

و- "دراسات في أصول التفسير"ی د. موحسین عەبدولحەمید.

ز- "أصول التفسير ومناهجه"ی د. فەهدورڕۆمی.

ئیبنولقەییم لەم بوارەدا نووسیوەتی بەڵام بەردەست نییە و دیار نییە.[٣]

## ٢. پێشەکیی موفەسیرەکان کە لە پێشەکی تەفسیرەکەیان نووسیویانە:

لە هەندێ کتێبی تەفسیر پێشەکیی گرنگ هەیە پەیوەستە بەم زانستەوە، هەندێك لەو لێکۆڵینەوانە باس دەکەین، لە نموونەی ئەوانە:

- پێشەکیی ئیبنولکەسیر، کە سوودی لە شێخولئیسلام ئیبنو تەیمیە بینیوە.
- پێشەکیی "نكت والعيون"ی ماوەردی.
- پێشەکیی ئیبن جەزی کەلبی بۆ تەفسیرەکەی.
- پێشەکیی "جامع التفاسير"ی ڕاغیبی ئەسفەهانی.
- پێشەکیی "القاسمي" بۆ تەفسیرەکەی.
- پێشەکیی "التحرير والتنوير".

هەروەها جگە لەمانەیش پێشەکی و لێکۆڵینەوەی تر هەن، کە دوور و درێژتر و لایەنی زۆری لەخۆ گرتووە، کە ئەم زانستە لێی بێبەش نییە.

## ٣. کتێبی زانستەکانی قورئان:

بنچینەکانی تەفسیر بە بەشێك لە زانستەکانی قورئان دادەنرێت،

[٣] جلاء الأفهام ص١٥٩.

هەرچەند هەندێك دەڵێن: هاوواتان، هەر بۆیە لێکۆڵەر لە کتێبەکانی زانستەکانی قورئان لە کۆمەڵە بابەتێکی ئەم زانستە قووڵ بوونەتەوە.

نموونەی ئەو کتێبانە:

کتێبی "البرهان في علوم القرآن"ی بەدرەدین زەرکەشی (٧٩٤ك)، کتێبی "الإتقان في علوم القرآن"ی جەلالەدینی سیوتی (٩١١ك).

## ٤. لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی تەفسیرەکان:

لێکۆڵینەوە لە کتێبی تەفسیر گرنگترینی سەرچاوەن، گرنگیی ئەم زانستەی تێدا دەردەکەوێت، گەڕانەوە بۆ تەفسیرەکان و هەڵێنجانی زانیارییەکانی تێیدا لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەندتر و بەهێز دەکات، باشترین لێکۆڵینەوە لە کتێبی تەفسیردا کتێبی لێکۆڵەرەکانن ئەوانەی کە پشتیان بەگفتوگۆ و پەسەندکردن بەستووە لە دوایی نەقڵکردنی وتەکان.

لەنموونەی ئەو کتێبانە:

١. تەفسیری ئیمامی تەبەری.
٢. تەفسیری ئیبن عەتییە.
٣. تەفسیری شەنقیتی.
٤. تەفسیری تاهیری کوڕی عاشوور.

بابەتەکانی ئەم زانستە: بابەتەکانی ئەم زانستە بە شێوەیەکی دەقیق دیاری نەکراوە، چونکە تێڕوانین بۆ بابەتی "أصول التفسیر" لە نووسەرێك بۆ نووسەرێکی تر جیاوازە، ئێستا باس لە هەندێ تەوەر دەکەم کە وائەزانم گرنگترینی تەوەرەکان بێت، ئەمە ئەوەیە کە لەم لێکۆڵینەوەدا دەیبینم:

١. حوکمی تەفسیر و بەشەکانی.
٢. ڕێگای تەفسیر.
٣. تەفسیر بەرەئی و مەئسوور.
٤. ئەو بنچینانەی کە تەفسیر بە دەوری دەسووڕێتەوە.

٥. ڕێبازی سەلەف لە تەفسیردا.
٦. هۆکارەکانی ڕاجیایی لە تەفسیردا.
٧. جۆرەکانی ڕاجیایی لە تەفسیردا.
٨. کۆڕایی لە تەفسیردا.
٩. ئاراستەی وتەی سەلەف.
١٠. ئاراستەی قیرائات.
١١. شێوازەکانی تەفسیر.
١٢. (كليات القرآن).
١٣. یاسا گشتییەکان لە تەفسیردا.
١٤. یاساکانی تەرجیحکردن و پەسەندکردن لە تەفسیردا.

❊❊❊

# حوکمی تەفسیر و بەشەکانی

## حوکمی تەفسیر:

خوای گەورە قورئانی پیرۆزی ناردووە بۆ ئەوەی خەڵکی تێیبفکرێت، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ مُبَٰرَكٞ لِّيَدَّبَّرُوٓاْ ءَايَٰتِهِۦ ﴿٢٩﴾ ﴾ [ص: ٢٩]، ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی بۆچی تێنافکرن، ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ ﴾ [محمد: ٢٤]، تێفکرین لە دوای تەفسیری لەفزەکە و تێگەیشتن لە واتاکەی دێت، بۆیە موسوڵمان لەسەریەتی تێبگات و شارەزایی هەبێت لەتەفسیردا.[٤]

تەفسیر لەسەر ئوممەتی موسوڵمان بەشێوەیەکی گشتی واجبە، نابێت ئوممەتێك زانای تەفسیری تێدا نەبێت بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی فێری واتای وتەی خوا بکات.

بەڵام لەسەر تاکی موسوڵمان ئەوە واجبە کە پەیوستە بە واجبەکان، کە فەرزەکانی پێوەی ئەنجام ئەدرێت، خوای پەروەردگاری پێوەی دەناسرێت.

ئیبنو عەبباس ڕەزای خوای لێبێت تەفسیری دابەش کردووە، ئەکرێت حوکمەکەی دابەش بکرێت بەپێی دابەشکردنەکە، بەهۆیەوە دەزانرێت چی واجبە لەسەر تاکی ئوممەت، وەکو ئەوەی کە هاتووە:

## بەشەکانی تەفسیر:

تەفسیر چەند بەشێکە، هەر بەشێکیش لەسەر ئەگەرێك بونیاد نراوە، ئەم ئەگەرانەیش بەهۆی تێڕوانینی لایەك لەلاکانی تەفسیرەوە دروست دەبێت.

---

[٤] تفسير الطبري ١/٣٦ـ٣٧.

ئەکرێت حاڵەتەکان بەم شێوازە دابەش بکرێت:

١. بەپێی حاڵەتی زانینی خەڵکی بۆی.
٢. بەپێی حاڵەتی گەیشتن پێی.
٣. بەپێی حاڵەتی شێوازەکانی.
٤. بەپێی حاڵەتی ئاراستەکانی موفەسیرین تێیدا.

ئەمانە هەندێ حاڵەت بوون، هەندێ حاڵەتی تر هەن ئەکرێت تەفسیر دابەش بکەن بەسەریدا، وەکو لەفز، واتا و پشتبەستن بە کات، شوێن و ...هتد.

## یەکەم: بەپێی حاڵەتی زانینی خەڵکی بۆی:

زانای ئوممەت ئیبنو عەبباس بۆ چوار شێواز دابەشی کردووە:[٥]

١. لایەنێکی عەرەب بەهۆی قسە و وتەی خۆیانەوە دەزانن.
٢. لایەنێکی هیچ کەس عوزری تێدا نییە لەوەی کە نەیزانێت -ئەبێت بیزانێت-.
٣. تەفسیرەکەی تەنها زاناکان دەیزانن.
٤. تەفسیرێك هیچ کەس واتای نازانێت تەنها خوا نەبێت، هەرکەس بانگەشەی ئەوە بکات کە واتاکەی دەزانێت درۆی کردووە.

دریژەی ئەم لایەنە:

### لایەنی یەکەم: ئەوەی عەرەب دەیزانێت بەهۆی قسە و وتەکانیانەوە:

ئەم بەشەیان لەفزەکانی قورئان دەگرێتەوە، شێوازی پەیامەکان، چونکە لەسەر شێوازی قسەکردنی ئەوان دابەزیبوو.

ئەم لەفز و شێوازە لایان شتێکی ڕوون بوو شتێکی شاراوە نەبوو، ئەگەر

---

[٥] تفسير الطبري ٣٤/١، وإضاح الوقف و الابتداء ١٠١/١.

شتێك لای تاكێك ڕوون نەبووبێت بەهۆی نامۆیی وشەكەوە بووە، یان لەناو هۆزەكەی -لەفزەكە- بەكارنەهاتووە، هەروەكو چۆن لای ئیبنو عەبباس ڕەزای خوای لێ بێت وشەی (فاطر)ی لا ڕوون نەبوو، وشەی تری جگە لەمەیش.

بۆیە دەبینرێت لە تەفسیرەكانی سەلەفدا تەفسیرەكەیان زمانەوانی بووە بۆ واتای (الصمد، الكفئو، الفلق، الغاسق، و...هتد).

شێوازەكەی كەلتووری قسەكردنی ئەوان بوو[٦]، مەبەست تێیدا شاراوە نەبوو لایان، دەزانن لەوەی كە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ ذُقۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡكَرِيمُ ﴾ [الدخان: ٤٩]، ئەم پەیامە سەرزەنشت و تانەلێدانە، هەر چەندە لەفزەكانی لە ستایشدا بەكاردێت، لەبەر ئەوەی سیاقی ڕستەكە ئاماژەیە بۆ سەرزەنشت و تانە لێدان.

حوكمی ئەم لایەنە: ئەم لایەنە لەفەرزی كیفایەیە، واجب نییە لەسەر هەموو موسوڵمانێك واتای هەموو وشەكانی و شێوازەكانی كە لەقورئاندا هاتووە بیزانێت. كاتێك دەبێتەوە واجب كە واجبێكی پێوەی بەند بێت.

## لایەنی دووەم: لایەنێكی هیچ كەس عوزری تێدا نییە، لەوەی كە نەیزانێت -ئەبێت بیزانێت- .

ئەمە فەرمانە فەرزەكان دەگرێتەوە، ڕێگری لە حەرام و بنچینەی ئەخلاق و بیروباوەڕەكان، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ [البقرة: ١١٠]، ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗا ﴾ [آل عمران: ٩٧]، ﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ

[٦] راجع تأويل مشكل القرآن ابن قتيبة، والصاحبي في فقه اللغة لابن فارس.

﴿١٨٣﴾ [البقرة: ١٨٣]. هیچ کەس عوزری تێدا نییە نەزان بێت بەم ئایەتانە کە قورئان بخوێنێتەوە.

بەم شێوەیە ئەوانەیش دەگرێتەوە کە لەبارەی فەرمان بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و ڕێگری لە درۆ و خیانەت و ناپاکیکردنی تاوان و جگە لەمانەیش ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕەوشت هەیە.

ئەوانەیش دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە بیروباوەڕەوە هەیە، وەکو ئەوەی کە خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ١٩ ﴾ [محمد: ١٩]، ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥ ﴾ [الأنبياء: ٢٥]، جگە لەمانەیش ئەوانەی کە پیوەندییان بەلایەنی بیروباوەڕەوە هەیە.

حوکمی ئەم لایەنە: ئەمە هەمووی داخلی واجب دەبنەوە، کە پێویستە موسوڵمان تەفسیرەکەی بزانێت.

**لایەنی سێیەم: تەفسیرەکەی تەنها زاناکان دەیزانن:**

ئەمە ئەو بەشە دەگرێتەوە کە لێکچوو (متشابه)ە بە نیسبەت گشتێتیی خەڵکییەوە، ئەوەی کە هەڵێنجانی بۆ دەکرێت بۆ سوودەکانی و ئەحکامەکانی.

حوکمی ئەم لایەنە: ئەمە لە فەرزی کیفایەیە.

**لایەنی چوارەم:** تەفسیرێك هیچ کەس واتای نازانێت تەنها خوا نەبێت، هەرکەس بانگەشەی ئەوە بکات کە واتاکەی دەزانێت؛ درۆی کردووە:

ئەم بەشە شتە غەیبییاتەکان (نادیارەکان) و کاتی ڕوودانیان دەگرێتەوە،

وەکو ئەو (دابە)ی کە لەکۆتایی زەمان دەردەکەوێت، کەس نازانێت شێواز و چۆنێتییەکەی تەنها خوا نەبێت، کاتی دەرچوونی نازانرێت تەنها خوا نەبێت، شتە غەیبییاتەکانی تریش هەر بەم شێوەیەیە.

حوکمی ئەم لایەنە: واجب نییە لەسەر هیچ کەس، مەبەستی تەفسیرکردنی درۆکردنە بەدەمی خواوە و تاوانە، تەنها خوا خۆی دەیزانێت.

## دووەم: بە پێی حاڵەتی ڕێگای گەیشتن پێی:

بەپێی ئەم حاڵەتە بۆ دوو بەش دابەش ئەبێت:

یەکەم: گەیشتن پێی بەڕێگای ئەسەر (أثر)، کە ئەوەیش تەفسیری مەئسوورە.

دووەم: گەیشتن پێی بەڕێگای ئیجتیهاد، کە تەفسیری رەئییە.

## سێیەم: بەپێی حاڵەتی شێوازەکان:

بەپێی ئەم حاڵەتە بۆ چوار بەش دابەش دەبێت:

١. تەفسیری "التحليلي".
٢. تەفسیری "الإجمالي".
٣. تەفسیری "المقارن".
٤. تەفسیر "الموضوعي".

لێرەدا پوختەی ئەم بەشانە باس دەکەم بۆتان:

یەکەم: تەفسیری (التحليلي): ئەم بەشە زۆرترە لەتەفسیرەکانی تر، موفەسیرەکە بەم شێوازە شیکاری ئایەتەکە دەکات، هۆکاری دابەزینەکەی ڕوون دەکاتەوە، نامۆکانی ئاشکرا دەکات، شیکردنەوە (ئیعراب)ی بۆ دەکات و ...هتد، لە نموونەی ئەم تەفسیرانە: تەفسیری ئیبن عەتییە، ئالووسی، شەوکانی و کەسانی تریش جگە لەمانەیش.

دووەم: تەفسیری (الإجمالي): موفەسیر بە شێوازێکی گشتی واتاکەی ڕووندەکاتەوە، بێ ئەوەی درێژەی باسەکە بخاتە ڕوو، وەکو (ئیعراب شیکردنەوە، زمانەوانی، ڕەوانبێژی، سوودەکانی و ...هتد.

لە نموونەی ئەم تەفسیرانە، وەکو شێخ عەبدوڕڕەحمان سەعدی، تەفسیری مەککیی ناسری، هەروەها لە تەفسیری مەراغی و ئەبی بەکری جەزائیری دەبینرێت لەژێر ناونیشانی "المعنى الإجمالي".

سێیەم: تەفسیری (المقارن): موفەسیر لەم شێوازەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو قەول؛ هەڵسەنگاندن لەنێوانیاندا دەکات، هەندێجار لە نێوان ئایەتێك و ئایەتێکی تر یان ئایەتێك و فەرموودەیەك، هەندێجار وتەیەك لەسەر ئایەتێك و وتەیەکی تر لەسەر ئایەتێکی تر، لەگەڵ پەسەندکردنی لەوەی کامەیان پەسەندە.[٧]

نموونەی ئەم تەفسیرانە وەکو ئیبن جەریری تەبەری، کە وتەی موفەسیرین وەردەگرێت و هەندێکی پەسەندێتی دەدات بەسەر ئەوی تریان.

هەروەها لە نموونەی ئەم جۆرە تەفسیرە ئەوەی کە ئێستا پێی هەستاوە ئەبو عەبدوڕڕەحمانی عەقیلی زاهیری، کە لەڕاگەیاندنەکانەوە تەفسیرەکەی پەخش دەکرێت بەناوی "تفسير التفاسير".

چوارەم: تەفسیری (الموضوعي): ئەم شێوازە خوێندنەوە بۆ لەفزەکە یان ڕستەکە دەکات، یان بابەتێك لە قورئانەکە، ئەمە چەند بەشێکە:

١. ئەکرێت لەهەموو قورئانەکەدا بابەتێك دەربهێنێت و بیخاتە ڕوو، وەکو: بابەتی (صفات عباد الرحمن).

٢. ئەکرێت لەسوورەتێکدا بابەتێك دەربهێنێت و بیخاتەڕوو، وەکو: لایەنی کۆمەڵایەتی لە سوورەتی (الحجرات).

---

[٧] ئەم دابەشکارییە لە تەفسیری (تحليلي وإجمالي ومقارن) دابەشکارییەکی فەنییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەموو تەفسیرێك تایبەت کراوە بە یەکێك لەمانەوە، بەڵکوو لە تەفسیرەکاندا ئەم بەشانە بەرچاو دەکەوێت، لێرە مەبست لە زۆرینەیە، لە تەفسیری ئیبنو جەریر (تحليلي والإجمالي والمقارن)یش دەبینرێت.

٣. موفەسیر، لەفز یان ڕستەیەکی قورئانی دەخاتەڕوو، واتاکەی ڕووندەکاتەوە لە قورئاندا، وەکو: وشەی (الأمة)، یان ڕستە وەکو (الذين في قلوبهم مرض)[٨] لە قورئاندا.

## چوارەم: بەپێی حاڵەتی ئاراستەی موفەسیرەکان:

مەبەست لە ئاراستەکان: لایەنی مەبەستی موفەسیر لەتەفسیرەکەیدا کە زاڵبووە بەسەریدا، یان لە تەفسیرەکەیدا دەردەکەوێت، بەو هۆیەوە لە غەیری خۆی جیای دەکاتەوە. ئاراستەکان لە تەفسیردا ئەو ئاماژانەی تێدایە، تێڕوانینی مەزهەبی بیروباوەڕی موفەسیر دەردەخات، بۆ نموونە:

ئاراستەی سەلەفی، نموونەی تەفسیری ئیبن جەریری تەبەری، ئیبنولکەسیر و شەنقیتی.

ئاراستەی موعتەزیلە، نموونەی تەفسیری زەمەخشەری.

ئاراستەی ئەشعەری، نموونەی تەفسیری ڕازی.

هەندێکی زانستێك زاڵبووە و دەرکەوتوە لە تەفسیرەکەیدا، نموونەی:

- کتێبی "المعاني القران"ی فەڕرائـ ، "مجاز القران"ی ئەبی عوبەیدە، نموونەی ئاراستەی زمانەوانی دەکەن.
- کتێبی "إعراب القران"ی نوحاس، "البحر المحيط"ی ئەبی حەییان، "الدر المصون"ی سمین حەلەبی، نموونەی ئاراستەی نەحەوی.
- کتێبی "الكشاف"ی زەمەخشەری، "التحرير والتنوير"ی تاهیری کوڕی عاشوور (ئیبن عاشوور)، نموونەی ئاراستەی ڕەوانبێژی (بلاغي)ن.

بەم شێوەیە دەبینی لە کتێبی زانستەکانی قورئان نووسراوەتەوە، یان لە کتێبەکانی بابەتی ئاراستەکانی موفەسیرین.[٩]

---

[٨] موضوع أساليب التفسير: دراسات في تفسير الموضوعي للقصص القرآني، د.أحمد جمال العمرى ص٣٧ـ٤٦. أصول التفسير و مناهجه، للدكتور فهد الرومي، مذكرة على الراقمة ص٤٩ـ٦٠.

[٩] التفسير والمفسيرون لمحمد الزهبي ،اتجاهات التفسير في القرن الرابع عشر د. فهد الرومي، وغيرها مما كتب في هذا الموضوع.

# ڕێگاکانی تەفسیر

تەفسیر شەش ڕێگای هەیە، بەزۆری باسی چوار ڕێگا دەکرێت، ئەم ڕێگایانەتان بۆ ئاشکرا دەکەم، پاشان بە کورتی شییان دەکەمەوە:

١. تەفسیری قورئان بە قورئان.
٢. تەفسیری قورئان بە سوننەت.
٣. تەفسیری قورئان بە وتەی هاوەڵان.
٤. تەفسیری قورئان بە وتەی تابعین.
٥. تەفسیری قورئان بە پێی زمان (لغة/زمانی عەرەبی).
٦. تەفسیری قورئان بە ڕەئی و ئیجتیهاد.

## یەکەم: تەفسیری قورئان بە قورئان:

باشترین تەفسیر تەفسیری قورئانە بە قورئان،چونکە هەموو قسەکەرێك شارەزاترە بە وتەی خۆی تا کەسێکی غەیری خۆی، مەرج نییە هەر کەسێك بڵێت: ئەم ئایەتە تەفسیری ئەم ئایەتەیە قسەکەی دروست بێت و لێی وەرگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە لەسەر ئیجتیهاد و بۆچوونی موفەسیرەکە بونیادنراوە، بۆیە لەوانەیە تەفسیرەکە دروست نەبێت[١٠].

پێغەمبەر ﷺ تەفسیری قورئانی بە قورئانی پیرۆز کردووە، وەکو لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە،کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ٨٢﴾ [الأنعام: ٨٢]، پێغەمبەر ﷺ بەم ئایەتە تەفسیری کرد: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ [لقمان: ١٣].

ئەوەی لە سەلەف گرنگی بەم جۆرە تەفسیرە داوە، موفەسیر

---

[١٠] سەیری ل(٥٢) بکە لەم لێکۆڵینەوەدا.

(عەبدورڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم) بووە، بەڕوونی دەرکەوتووە ئەوانەی کە لێوەی ڕیوایەت کراوە لە تەفسیری تەبەریدا، (ئیبنولکەسیر)یش گرنگی بەم جۆرە تەفسیرە داوە.

ئەمیری سەنعانی (محەمەدی کوڕی ئیسماعیل) بەم ڕێگەیە تەفسیری نووسیوەتەوە، ناونیشانی کتێبەکەی "مفاتيح[مفتاح] الرضوان في تفسير الذكر بالآثار والقرآن"[11].

لە ئێستادا باشترین کتێب لەم جۆرە بەردەستبێت تەفسیری (ئیمامی شەنقیتی)یە، کە ناوی "أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن"، پێشەکییەکی گرنگی بۆ نوسیوە و جۆرەکانی تەفسیری قورئان بە قورئانی بە شێوەیەکی بەرفراوان تێدا ڕوون کردۆتەوە.

## جۆرەکانی تەفسیری قورئان بە قورئان:

چەند جۆرێك لەژێر ناونیشانی تەفسیری قورئان بە قورئان لەخۆ دەگرێت، هەر وەکو پێشتر ئاماژەم پێدابوو؛ لە کتێبی "أضواء البيان" ڕوونی کردۆتەوە بۆ زۆرێك لە تەفسیری قورئان بە قورئان، لە نموونەی ئەوانە:

١. (بيان المجمل) ڕوونکردنەوەی پوختە.
٢. (تقيد المطلق) کۆتکردنی ڕەها.
٣. (تخصيص العام) تایبەتکردنی گشتی.
٤. تەفسیری (مفهوم) چەمك (تێگەیشتن)ی ئایەتێك بە ئایەتێکی تر.
٥. تەفسیری وشە بە وشەیەکی تر.
٦. تەفسیری واتایەك بە واتایەکی تر.
٧. تەفسیری شێوازی قورئانی لە ئایەتێکدا بە شێوازی ئایەتێکی تر.

---

[11] هذا الكتاب مخطوط بالجامع الكبير بصنعاء. وقد في الرسالة ماجستير (عبدالله بن سوقان الزهراني) في الجامعة الإسلامية.

جۆری تریش باسکراوە لە پێشەکییەکەی ئیمامی شەنقیتیدا، ئەگەر کتێبی تریش لەم بارەوە -تەفسیری قورئان بە قورئان- سەیر بکەیت جۆری تریشت بۆ دەردەکەوێت.

لە نموونەی ئەوانەی پێشوو کە باسمان کرد:

١. بیان المجمل:

ئەوەی کە پوختە و پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، وەکو ئەوەی کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ۝١ ﴾ [المائدة: ١]، ئەمە ﴿ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾ موجمەلە، خوای پەروەردگار لە جێگەی تر ڕوونی دەکاتەوە: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ﴾ إلى قوله: ﴿ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ ﴾ [المائدة: ٣].[١٢]

٢. (تقيد المطلق) کۆتکردنی ڕەها:

ئەوەیە یەکێك دەگرێتەوە، نەك بە دیاریکراوی، لە بنچینە فیقهییەکاندا دابەشکاریی بۆ کراوە. وەکو نموونە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَٰنِهِمْ ثُمَّ ٱزْدَادُواْ كُفْرًا لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ ۝٩٠ ﴾ [آل عمران: ٩٠].

هەندێ لە زانایان دەفەرموون: واتا ئەگەر تەوبەکردن دواخرا بۆ کاتی مردن، لەو کاتەدا تەوبەی کرد. ئەم ئایەتە شاهیدە لەسەری کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ

---

(١٢) أضواء البيان /٢٣.

حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمۡ كُفَّارٌۚ ﴿١٨﴾ [النساء: ١٨]، ئایەتی یەکەم ڕەهایە و ئایەتی دووەم کۆتی کردووە.[١٣]

٣. (تخصيص العام) تایبەتکردنی گشتی:

گشتی: ئەو وتە گشتییەیە بۆی بگونجێ بەپێی پێگەکەی بەبێ سنوور و ئەژمار[١٤]، سیغە و لەفزەکانی زۆرن، زۆرێك لە زانایان باس لەوە دەکەن کە ئەلفازەکانی قورئان گشتین تا ئەوکاتەی شتێك دێت تایبەتی دەکات.

لەو نموونانە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖ﴿٢٢٨﴾﴾ [البقرة: ٢٢٨]، ئەمە حوکمێکی گشتییە بۆ هەموو تەڵاقدراوێکە، پاشان هاتووە تایبەت کراوە بۆ ئەو کەسانەی کە حەملیان هەیە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّ ﴿٤﴾﴾ [الطلاق: ٤]، لەگشتییەوە تایبەت کراوە، لە تەڵاقدراوەکان بۆ تەڵاقدراوێك کە خاوەنی حەمل بێت.

٤. تەفسیری (مفهوم) چەمك (تێگەیشتن)ی ئایەتێك بە ئایەتێکی تر:

مفهوم (چەمك): وشەکە ئەوە دەگەیەنێت، نەك بە (نطق) دەربڕینەکە - بەڵکوو بە تێگەیشتن لێی-، وەکو ئەوەی خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كَلَّآ إِنَّهُمۡ عَن رَّبِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّمَحۡجُوبُونَ ﴿١٥﴾﴾ [المطففين: ١٥]، لە سەلەفەوە واتای ئەم ئایەتە هاتووە، بینینی خوای پەروەردگار دەگەیەنێت، وەکو ئیمامی شافعی

---

[١٣] أضواء البيان ٣٤٣/١، بگەڕێوە بۆ تەفسیری سوورەتی (شورى) ئایەتی٥.

[١٤] مذكرة أصول الفقه ص ٢٠٣.

دەفەرموێت: پیاوچاکان لە ڕۆژی قیامەت خوا دەبینن.[15] ئەمە بە پێی تێگەیشتن لە ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ۝٢٢ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ۝٢٣ ﴾ [القيامة: ٢٢ - ٢٣]، جگە لەم ئایەتانەیش ئایەتی تر هەن کە بینینی خوا دەگەیەنن.

٥. تەفسیری وشە بە وشەیەکی تر:

أ. ڕوونکردنەوەی وشەیەکی نامۆ: وەکو ئەوەی لە ڕستەیەکدا وشەیەکی نامۆ هاتووە، لە جێگەیەکی تر وشەکە بەشێوەیەکی دیارتر باسکراوە، وەکو: ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ ۝٨٢﴾ [هود: ٨٢]، لەجێگەیەکی تردا دەفەرموێت: ﴿ لِنُرْسِلَ عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن طِينٍ ۝٣٣﴾ [الذاريات: ٣٣]، ئەم دوو ئایەتە دەربارەی قەومی لوت دابەزی.[16]

ب. ڕوونکردنەوەی مەبەستی وشەکە لە دەقەکەدا: وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا ۝٣٠ ﴾ [الأنبياء: ٣٠]، تەفسیر کراوە بە: ﴿ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ ۝١١ وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ ۝١٢ ﴾ [الطارق: ١١ - ١٢] [17]، وقوله: ﴿ فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَىٰ طَعَامِهِ ۝٢٤ أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاءَ صَبًّا ۝٢٥ ثُمَّ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقًّا ۝٢٦ ﴾ [عبس: ٢٤ - ٢٦][18].

٦. تەفسیری واتا بە واتا:

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَعَصَوُا

---

[15] شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعه للالكائي٣/٤٦٨.
[16] أضواء البيان١/٨٦.
[17] تفسير الطبري ١٩/١٧
[18] أضواء البيان ٤/٥٦٤ تفسير الطبري ١/٦٨.

ﭐلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ ﴿٤٢﴾ [النساء: ٤٢]، بەم وتەی پەروەردگار: ﴿ وَيَقُولُ ٱلۡكَافِرُ يَٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا ﴿٤٠﴾ [النبأ: ٤٠].

٧. تەفسیری شێوازی قورئانی لە ئایەتێکدا بە شێوازی ئایەتێکی تر:
وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا وَقُولُواْ حِطَّةٞ ﴿٥٨﴾ [البقرة: ٥٨]، واتا: چوونە ناومان بۆ ئەو شوێنە لێخوشبوونە، وەکو نموونەی خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَإِذۡ قَالَتۡ أُمَّةٞ مِّنۡهُمۡ لِمَ تَعِظُونَ قَوۡمًا ٱللَّهُ مُهۡلِكُهُمۡ أَوۡ مُعَذِّبُهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدٗاۖ قَالُواْ مَعۡذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾ [الأعراف: ١٦٤]، واتا: ئامۆژگاری ئێمە بۆ ئەوان بۆ ئەوەی عوزرێکمان هەبێت لای خوای پەروەردگار، شێوازی ئەم دوو ئایەتە چوونیەکە لە وشەی ﴿حِطَّةٞ﴾ و ﴿ مَعۡذِرَةً﴾.

وە نموونەی ڕوونکردنەوەی (الإلتفات)[19]: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤﴾ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴿٥﴾ [الفاتحة: ٤ - ٥]، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ ﴿٢٢﴾ [يونس: ٢٢]، ئیلتیفات (گواستنەوە) لە غیابەوە بۆ (مخاطب) کەسی بەرانبەر ڕووی داوە لەم دوو ئایەتە: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ و ﴿وَجَرَيۡنَ بِهِم ﴿٢٢﴾.[20]

---

[19] گواستنەوەی وتەیە، لە شێوازی قسەکەر بۆ کەسی بەرانبەر یان بە پێچەوانەوە، یان لە تاکەوە بۆ کۆ. (وەرگێڕ)
[20] تفسير الطبري ٦٧/١

ئەبو لەیس دەڵێت: خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ ﴾ [طه: ٨١]؛ واتا: (پێیان وترا: ﴿ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ ﴾)، ئەمە لە شاراوەکانە، لە زمانی عەرەبی شتێك دەشارێتەوە ئەگەر لە ڕستەکەدا دەلیل هەبوو لەسەر شاراوەکەی، وەکو لە ئایەتێکی تر خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ ﴾ [آل عمران: ١٠٦]؛ واتا: (پێیان ئەوترێت: ﴿ أَكَفَرۡتُم ﴾)، وەکو لە ئایەتێکی تردا: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ ﴾ [الزمر: ٣]؛ واتا: ئەیانوت (ما نعبدهم). نموونەی ئەمە زۆرە لە قورئاندا.[٢١]

* * *

[٢١] تفسير القرآن للسمرقندي ٣٥٩/١

## دووەم: تەفسیری قورئان بەسوننەت:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ ٤٤﴾ [النحل: ٤٤]، خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا گرنگیتی پێغەمبەر ﷺی خستۆتە ڕوو، کە ڕوونکردنەوەی قورئانی پیرۆزە، ڕوونکردنەوەی قورئانەکەی پێ سپاردووە، ئەبێت لە تەفسیری قورئاندا بگەڕێینەوە بۆ وتەی پێغەمبەر ﷺ، هۆکاری گەڕانەوەکەیش ئەوەیە کە سوننەتیش هەر لە نیگای خوای پەروەردگارەوەیە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤﴾ [النجم: ٤]، ئەمە دەلیلی پێگەکەیەتی لە قورئاندا و ئەمە بنچینە و تێگەیشتنی قورئانەکەیە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِتُبَيِّنَ﴾، ئەمە واتا: ناکرێت سوننەت پشتگوێ بخرێت لە تەفسیری قورئاندا، چونکە هیچ کەس شارەزاتر نییە بە وتەی خوا وەکو پێغەمبەر ﷺ.

### جۆرەکانی هەڵێنجراوەکان لە تەفسیری پێغەمبەر ﷺ:

ئەتوانرێت هەڵێنجان بۆ جۆرەکانی تەفسیری پێغەمبەر ﷺ بکرێت لە دوای خستنەڕووی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ، لەدوای ئەمانەی کە ئێستا دێن:

١. کاتێك هاوەڵان تەفسیری دەقێك یان وشەیەکی قورئان دەکەن، ئەمەش دوو شێوازە:

أ. تەفسیرەکە باس دەکرێت، پاشان ئایەتە تەفسیر بۆ کراوەکە باس دەکرێت.

ب. ئایەتە تەفسیر بۆ کراوەکە باس دەکرێت، پاشان

تەفسیرەکەی باس دەکرێت.

٢. کاتێك هاوەڵان گرفتێکیان بۆ دروست دەبوو لە تەفسیردا، بۆیان تەفسیر دەکرا.

٣. کاتێك باس لە وتەیەکی دەکرێت، دەگونجێت ببێتە تەفسیری ئایەتێك.

٤. تەفسیرکردنی قورئان بە کارکردن بەوەی تێیدایە و وازهێنان لەوەی ڕێگری کراوە لەوەی تێیدا.

لە نموونەی ئەو جۆرانە:

١. کاتێك هاوەڵان تەفسیری دەقێك یان وشەیەکی قورئان دەکەن، دوو شێوازە:

أ. تەفسیرەکەی دادەنێن، پاشان ئایەتە تەفسیر بۆ کراوەکە باس دەکرێت.

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴿٩٦﴾ ﴾ [مريم: ٩٦]، لە ئەبو هوریرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إذا أحبَّ الله عبداً نادى: يا جبريل إني أحببت فلاناً فأحبه، قال: فينادي في السماء، ثم تنزل له المحبة في أهل الأرض، فذلك قوله تعالى: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴾، وإذا أبغض الله عبداً نادى: يا جبريل، إني أبغضت فلاناً فينادى في السماء، ثم تنزل له البغضاء في الأرض).

واتە: ئەگەر خوای پەروەردگار کەسێکی خۆش بوێت بانگ دەکات: ئەی جوبرەئیل فڵان کەسم خۆش دەوێت، تۆش خۆشت بوێ، وتی: لە ئاسمانەوە بانگ دەکات، پاشان خۆشەویستییەکەی دادەبەزێت بۆ خەڵکی سەر زەوی،

وەکو خـوای پەروەردگـار دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا ﴾، ئەگەر خـوای پەروەردگـار ڕقـی لە کەسـێك بێتەوە، بانگ دەکات: ڕقم لە فڵانە کەسە، پاشان ئەو ڕقە دادەبەزێت بـۆ سـەر خەڵکی سەر زەوی ڕقیان لێ دەبێتەوە.[22]

ب. ئـایەتە تەفسـیربۆکراوەکە بـاس دەکرێـت، پاشـان تەفسـیرەکەی بـاس دەکرێت.

وەکـو خـوای پەروەردگـار دەفەرموێـت: ﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ وَمِن رِّبَاطِ ٱلۡخَيۡلِ ٦٠ ﴾ [الأنفال: ٦٠].

لە ئەبـی عەلـی سـەمامەی کـوڕی شـەفی عـوقبەی کـوڕی عـامرەوە بیستوویەتی (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بـوو کە لەسـەر مینـبەر بـوو دەیفەرمـوو: (﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ ﴾ ألا إن القوة الرمي، ألا إن القوة الرمي، ألا إن القـوة الرمـي).[23] واتە: خەڵکینە! چـاك بـزانن ئەو (هێـزە) خـوای گەورە لە ئـایەتەکەدا داوا لە موسـوڵمانان دەکـا ئامادەی بکەن تیر هاویشتنە (٣ جار دووبارەی کـردەوە)، دەسـا ئێـوەیش خـۆ ئامادە بکەن.

٢. کاتێك هاوەڵان گرفتێکیان بۆ دروست دەبوو لە تەفسیردا، بۆیان تەفسیر دەکرا:

لە ئیـبن مەسـعودەوە (ڕەزای خـوای لێبێـت) دەڵێـت: کاتێـك ئەم ئـایەتە دابەزی ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ... ٨٢ ﴾ [الأنعام: ٨٢]، ئەمە قـورس

---

[22] رواه الترمذي ٣١٨/٥.

[23] صحيح مسلم، كتاب الإمارة، باب فضل الرمي والحث عليه، حديث: ٣٦٣٣.

و گران بوو لەسەر شانی موسوڵمانان، فەرموویان ئەی پێغەمبەری خوا کێ هەیە زوڵم لە نەفسی خۆی نەکات؟ فەرمووی: بەم شێوەیە نییە، ئەوە مەبەست لێی هاوبەشیدانانە، نەتانبیستووە لوقمانی حەکیم چی بە کوڕەکەی دەڵێت کە ئامۆژگاری دەکات: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ [لقمان: ١٣].[٢٤]

٣. کاتێك باس لە وتەیەکی دەکرێت، دەگونجێت ببێتە تەفسیری ئایەتێك:

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ ٢٣﴾ [الفجر: ٢٣]، ئیبنو مەسعوود (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (يؤتى بجهنم يومئذ لها سبعون ألف زمام، لكل زمام سبعون ألف ملك يجرونها). واتە: دۆزەخ ئەهێنرێ حەفتا هەزار قوڵفی هەیە، هەر قوڵفێك حەفتا هەزار فریشتە ڕای ئەکێشێ.[٢٥]

٤. تەفسیرکردنی قورئان بە کارکردن بەوەی تێیدایە و وازهێنان لەوەی ڕێگری کراوە تێیدا:

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ ٣﴾ [النصر: ٣]، لە دایکە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: کاتێك پێغەمبەر ﷺ نوێژی دەکرد لەدوایی دابەزینی ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١﴾ [النصر: ١]، ئیلا ئەمەی تێدا دەوت: (سبحانك ربنا وبحمدك، اللهم اغفر لي). لە ریوایەتێکی تری بوخاریدا هاتووە دایکە عائیشە دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ لە ركوع و سجوددا بەزۆری ئەمەی دەوت: (سبحانك اللهم ربنا وبحمدك، اللهم اغفر لي). دەبێتە تەفسیر بۆی.

[٢٤] رواه البخاري.
[٢٥] رواه الترمذي ٤/٧٠١.

## سێیەم: تەفسیری قورئان بە وتەی هاوەڵان:

هاوەڵان پێگەیەکی گەورەیان هەیە لە ئیسلامدا، خاوەنی شکۆ و ڕێزن، ئەمە شتی شاراوە نییە لای کەسانی موسوڵمان.

ئەکرێت ئەمە بەسبێت کە تێیدایە، بەوەی گەیشووە بە پێغەمبەر ﷺ، بۆیە پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە لای موسوڵمانانی دوای خۆیان، وتەکانیانیش دەبنە بەڵگە و دەلیل لای هەندێك لە زانایان و لە وتەکانیان لا نادەن، وتەیەك لە وتەکانیان باشتر نابیننەوە.

زانایان باس لەوە دەکەن ئەوەی کە هۆکارن لە گەڕانەوەی موفەسیر بۆ وتەی هاوەڵان:

١. ئەوان ئامادەی دابەزینی قورئان بوون و حاڵەتەکەی دەزانن.

٢. خاوەنی زمانەکە بوون کە قورئانی پێ دابەزیبوو.

٣. شارەزای حاڵەتی دابەزینەکەی قورئانی پیرۆز بوون، کە بەسەر عەرەب یان یەهوددا دابەزیووە.

٤. مەبەستیان چاك و سەلامەت بوو.

٥. بەجوانی لێی تێدەگەیشتن.

### سەرچاوەی تەفسیرەکەیان:

هاوەڵان بۆ تەفسیر کردنی قورئان سوودیان لە چەند سەرچاوەیەك دەبینی و بۆی دەگەڕانەوە، وەکو ئەمانە:

١. قورئانی پیرۆز.

٢. سوننەتی پێغەمبەر ﷺ.

٣. زمانی عەرەبی.

٤. ئەهلی کیتاب.

٥. بەتێگەیشتن و ئیجتیهادی خۆیان.

ئەوان لەم بوارانەدا لە هەموو کەس زیاتر وردبینتر و شارەزاتر بوون:

## ١. قورئانی پیرۆز:

لە پێشدا باسی قورئانی پیرۆزمان کرد کە پێغەمبەر ﷺ تەفسیری قورئانی بەقورئان کردووە، هاوەڵانیش هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر تەفسیری قورئانیان بە قورئان دەکرد بە ئیجتهادی خۆیان، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّقۡفِ ٱلۡمَرۡفُوعِ ۝٥ ﴾ [الطور: ٥]، خالیدی کوڕی عەرعوور دەڵێت: گوێم لە عەلی بوو (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: السقف المرفوع واتا: ئەوە ئاسمانە، وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَجَعَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ سَقۡفٗا مَّحۡفُوظٗاۖ وَهُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهَا مُعۡرِضُونَ ۝٣٢ ﴾ [الأنبياء: ٣٢].[٢٦]

پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ئەم ئایەتەی بەم شێوە تەفسیر کردووە: ﴿ وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ ۝٧ ﴾ [التكوير: ٧]، ئەوە دوو پیاون و کارێك ئەنجام ئەدەن، پاشان پێی دەچنە بەهەشتەوە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ۝٢٢ ﴾ [الصافات: ٢٢]. وتی: هاوشێوەکانیان.[٢٧]

## ٢. سوننەتی پێغەمبەر ﷺ:

هاوەڵان لە تەفسیرکردنی قورئاندا سوودیان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بینیوە، هەندێ کات بەو شێوەیەی کە پێیان گەیشتووە یان بیستوویانە لە تەفسیرکردنی پێغەمبەر ﷺبۆ قورئان لێوەی ئەیگێڕنەوە، هەندێ جاریش باسیان کردووە بێ ئەوەی بیدەنە پاڵ پێغەمبەر ﷺ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت سوودیان لە سوننەت بینیوە ئەگەر نەشیاندابێتە پاڵی.

---

(٢٦) تفسير الطبري ١٨/٢٧.
(٢٧) تفسير الطبرى ٦٩/٣٠.

لەنموونەی ئەم تەفسیرە ئیبنو عەبباس دەڵێت لە تەفسیری ئەم ئایەتە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَوۡمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمۡتَلَأۡتِ وَتَقُولُ هَلۡ مِن مَّزِيدٖ ۝٣٠ ﴾ [ق: ٣٠]، وتی: تا خوای گەورە پێی پیرۆزی خۆی ئەخاتە ناو دۆزەخ، ئەوکاتە دۆزەخ دێتەوە یەك و ئەڵێ بەسە بەسە...[٢٨]، ئیبنو عەبباس تەفسیری ئەو ئایەتەی کردووە وەکو ئەوەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ نەیداتە پاڵی[٢٩]، ئەوە زۆر جار لەو کاتە دێت دەرفەتی تیرامانی تێدا نەبێت.

### ٣. زمانی عەرەبی:

قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی دابەزی، کە زمانی هاوەڵان بوو، بۆیە لە گفتوگۆی خوای پەروەردگار دەگەیشتن، قورئانی پیرۆز بەزمانی ئەوان تەفسیر دەکرا، نموونە گەلێکی زۆر و بێسنوور هەن، وەکو ئیبنو عەبباس لە تەفسیری ئەم ئایەتە: ﴿ وَأَذِنَتۡ لِرَبِّهَا وَحُقَّتۡ ۝٢ ﴾ [الانشقاق: ٢]، وتی: (سَمِعَتْ لِرَبِّهَا) بیستی لە پەروەردگاریەوە[٣٠].

### ٤. ئەهلی کتێب:

هاوەڵان لە تەفسیرکردنی قورئان دەگەڕانەوە بۆ ڕیوایەتەکانی ئەهلی کتێب -یەهود و نەصارا- و لە تەفسیرەکەیاندا دەیان گێڕایەوە، ئەوەی ئەم ڕیوایەتانەیان گێڕاوەتەوە شتێکی حەتمی و پێویست نییە کە پەسەند بکرێت و وەربگیرێت.

بۆ نموونە پرسیاری ئیبنو عەبباس بۆ ئەبی جەلد، تەبەری بە سەنەدێکی حەسەن ڕیوایەتی کردووە لە حەسەنی کوڕی فوراتەوە ئەویش لە باوکییەوە

---

[٢٨] تفسير الطبري ١٦٩/٢٦.
[٢٩] فتح البارى ٤٦٠/٨.
[٣٠] تفسير الطبري ١١٣/٣٠

دەڵێت: ئیبنو عەبباس بۆ ئەبی جەلدی نووسی دەربارەی (الرعد)، وتی: ( الرعد: واتا: الريح) [٣١].

تەبەری لە عوسمانی کوڕی حازر ڕیوایەتی کردووە، وتی: بیستم لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباس دەڵێت: موعاویە ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە دەخوێند: «عين حامية»، ئیبنو عەبباس وتی: ﴿ عَيۡنٍ حَمِئَةٍ ﴾ [الكهف: ٨٦]، وتی: کەعبیان خستە نێوانی خۆیان، ناردیان بە شوێنی کەعب کە زانا بوو لە ناو یەهوددا، پرسیاریان لێ کرد، کەعب وتی: خۆر ئاوا دەبێت لە ناو قوڕێکدا، وەکو ئەوە بوو کە ئیبنو عەبباس وتبووی، کە وتی، (الثأط):الطين (قوڕ).[٣٢]

### ٥. تێگەیشتن و ئیجتیهاد:

هاوەڵان پشتیان بە تێگەیشتنی خۆیان دەبەست لە تەفسیرکردنی قورئاندا، هەڵێنجانیان لێوەی دەکرد، کەسێك بۆ کەسێکی تریان جیاواز بوون تێیدا، هەندێك لە هەندێکی تریان شارەزاتر بوون، ئیجتیهادی ئەوان لەسەر بنچینەی زانست بوو، شتێکیان نەدەوت تەنها بە بۆچوونی خۆیان ئەگەر زانیارییان لەسەری نەبوایە، بۆیە ئەگەر کەسێکیان گرفتێکیان بۆ دروست بووبێ لە تێگەیشتندا، بۆیان ڕوونکردونەتەوە، بۆ نموونە پێشەوا بوخاری ڕیوایەتی کردووە، لە پرسیارێك کە گرفت بوو بەلایانەوە ئاراستەی ئیبنو عەبباسی دەکەن تێیدا: ﴿ أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا ... دَحَىٰهَآ ﴾ [النازعات: ٢٧-٣٠]، ئەفەرموێت ئاسمانەکان پێش زەوی دروست بووە، لەم ئایەتەش: ﴿قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ ... طَآئِعِينَ ﴾ [فصلت: ٩-١١]، لەم ئایەتەشدا ئەفەرموێت زەوی پێش ئاسمانەکان دروست بووە. ئیبنو عەبباس (ڕەزای خوای لێبێت) دەربارەی ئەوە وەڵامیان ئەداتەوە دەڵێت: لە دوو ڕۆژدا زەویی

---

[٣١] تفسير الطبری ١٥١/١

[٣٢] تفسير الطبري ١١/١٦

دروست کرد، پاشان دوای دوو ڕۆژی تر که ویستی ئاسمان دروست بکا، حەوت ئاسمانی ڕێك و پێك و قەشەنگ، ئاسمانەکانی ڕێکخست، پاشان زەویی ڕاخست، بەشیوەیەك ئاو و لەوەڕگا و شاخەکان و جوانی و تەپۆڵکە (گرد) و ئەوەی لەنێوانیاندا هەیە دروستی کرد لە دوو ڕۆژی تردا، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ دَحَىٰهَآ ﴾، وە ئایەتی: ﴿ خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ ﴾ زەوی و ئەوەی تێیدایە لە چوار ڕۆژدا دروستمان کردووە و ئاسمانەکانیش لە دوو ڕۆژدا.[٣٣]

## حوكمی تەفسیری هاوەڵان:

هەندێك لە زانایان فەرموویانە: وتەی هاوەڵان لە تەفسیردا حوکمی مەرفوعی[٣٤] هەیە، بەڵام ئەم وتەیە بەشێوەیەکی ڕەها وەرناگیرێت، بۆچوونی گونجاو ئەوەیە چەند بەشێکی هەیە، هەر بەشێکیش حوکمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمە بەشەکانێتی:

١. ئەوەی کە حوکمی ڕەفعی هەیە، هۆکارەکانی دابەزین[٣٥] و هەواڵدان لە غەیبیات[٣٦]، حوکمی ئەمە پەسەندکراوە، ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بێت، هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە مەجالی ئیجتیهادی تێدا نییە، پەیوەست ئەبێت بە کۆڕای هاوەڵانەوە، چونکە کۆڕای ئەوان حوججەیە، ئەبێتە مەرفوعێکی بەهێز.

هەندێك لە زانایان کۆتێکیان بۆ غەیبیاتەکان داناوە، ئەوەیە: نابێت کەسی موفەسیر بەوە ناسراو بێت شت زۆر لە بەنوئیسرائیل وەربگرێت، ئەگەر وابوو ئەوە هەواڵ لە بەنوئیسرائیلەکان جێگەی گومانن. لەنموونەی هۆکاری دابەزین (سەبەب نزول): حاکم لە جابرەوە ڕیوایەتی کردووە، وتی یەهود دەیانوت: لە دواوە لەشوێنی منداڵبوونەوە بچنە لای خێزانتان ئەوا منداڵەکە حوڵ

---

[٣٣] فتح البارى ٤١٨/٨

[٣٤] مرفوع: هەر فەرموودەیەك درابێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ. (وەرگێڕ)

[٣٥] معرفة علوم الحديث ٢٠، الاتقان ١٨١/٤،النكت على ابن الصلاح ٥٣٠/٢.

[٣٦] النكت على ابن الصلاح ٥٣٠/٢ـ٥٣١.

دەردەچێت، ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ ﴿٢٢٣﴾ ﴾ [البقرة: ٢٢٣]، ئیمامی حاكم دەڵێت: ئەم فەرموودەیە و هاوشێوەكانی پاڵدراوە بۆ لای كەسی تر، ئەمە مەوقوف[٣٧] نییە، هاوەڵان ئامادەی دابەزینی وەحییەكە بوون ،ئاگاداری دابەزینی ئایەتەكانی قورئان بوون، ئەگەر هەواڵیان دا كە دەربارەی ئەوە و ئەوە دابەزیوە، ئەم فەرموودەیە هەمووی پاڵدراوە بۆ كەسی سەروتری خۆی.

٢. ئەوەی كە تێیدا گەڕاونەتەوە بۆ زمانی خۆیان (زمانی عەرەبی)، حوكمی ئەمەیش پەسەند و وەرگیراوە، چونكە ئەوان خاوەنی ئەو زمانە بوون كە قورئانی پێ دابەزیبوو، خۆیان شارەزاترن زیاتر بە زمانی خۆیان، هەتا وەكو غەیری خۆیان.[٣٨]

٣. ئەوەی كە تێیدا گەڕاونەتەوە بۆ ئەهلی كتێب (یەهود و نصارا)، ئەمەیان حوكمی ئیسرائیلیاتی هەیە.

٤. ئەوەی كە ئیجتیهادیان تێكردووە، ئەمەیان شیكاری دەوێت:

أ. ئەگەر لە ئیجتیهادەكەدا كۆڕا بوون ئەوە حوججەیە (ئەبێت كاری پێ بكرێت).[٣٩]

ب. ئەگەر ڕاجوداییان هەبوو، ئەگەڕێیتەوە بۆ بۆچوونی پەسەندیان، لەسەر ئەو یاسا و بنچینانەی بۆ وەرگرتنی ڕای پەسەند دانراوە.

ج. ئەگەر نەتوانرا بۆچوونی كەسیان ڕەتبكرێتەوە، بۆچوونی پێچەوانەیش نەزانرا، ئەوە كار بەوەی لە پێشترە دەكرێت، بە تایبەتیتر ئەوەی كە ئەتگەیەنێتە ڕای پەسەند، ئەگەڕێیتەوە بۆ ئەو كەسانەی كە وتەكانیان ناسراوە لە ناو تەفسیردا، وەكو عەلی، ئیبنو مەسعوود، ئیبنو عەبباس و ئەو دەستەیەی دوای ئەوان كە لەوانەوە وەریان گرتووە، جگە لەمانەیش كە ڕێگەی تر هەن بتگەیەننە ڕای پەسەند.

---

[٣٧] بە وتە و كرداری هاوەڵان دەووترێت (موقوف). (وەرگێڕ)
[٣٨] الموافقات ٢١٨/٣
[٣٩] مقدمات فی علوم القران، مقدمه كتاب المبانی، ص ١٩٥، الموافقات ٢١٨/٣

# چوارەم: تەفسیری قورئان بە وتەی تابعین:

کاتێك تابعین ڕاستەوخۆ تەفسیریان لە هاوەڵانەوە وەردەگرت، لە زەمەنی بەڵگەبوونی زمانەوانیدا بوون، زمانی عەرەبی تێکنەدرابوو بە زمانی عەجەمی (گەلانی تری جگە لە عەرەب)، تێگەیشتن و مەبەستیان پارێزراو بوو، ئەمانە هەمووی وای کردبوو ئەوانەی دوای ئەوان بگەڕێنەوە بۆ وتەکانیان و پشتی پێ ببەستن.

## سەرچاوەکانی تەفسیرکردنیان:

سەرچاوەکانیان هەمان سەرچاوەی هاوەڵان بوو، تەنها ئەوە نەبێت لەسەرچاوەکەیان وتەی هاوەڵانیان بۆ زیاد کرد، کە ئەمانن:

١. قورئانی پیرۆز.
٢. سوننەتی پێغەمبەر ﷺ.
٣. هاوەڵان.
٤. زمان (عەرەبی).
٥. ئەهلی کتێب.
٦. تێگەیشتن و ئیجتیهادی خۆیان.

ئەمانەیش بوون بە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی دوای خۆیان هاتن.

### ١. قورئانی پیرۆز:

تابعین ئیجتیهادیان دەکرد لە ڕوونکردنەوەی قورئان بە قورئان، لە کاتی تێڕوانین بۆ تەفسیری تەبەری ئەبینرێت ئیبن زەید (ڕەحمەتی خوای لێبێت) زیاتر پشتی بەم ڕێگایە بەستووە، لە نموونەی ئەمە، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قَدۡ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكُمۡ ذِكۡرٗا ١٠ ﴾ [الطلاق: ١٠]، وتی:(القرآن روح الله)

و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ ﴿٥٢﴾ ﴾ [الشورى: ٥٢]، تاوەکو کۆتایی ئایەتەکە و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ ...قَدْ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا ﴿١٠﴾ رَّسُولًا ...﴿١١﴾ ﴾ [الطلاق: ١٠ - ١١]، وتی:(القرآن)، ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ﴿٤١﴾ ﴾ [فصلت: ٤١]، وتی:(بالقرآن)بە قورئان و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ [الحجر: ٩]، وتی (القرآن)، وتی:(وهو الذكر، وهو الروح) ئەوە زیکرە، ئەوە ڕووحە.[٤٠]

## ٢. سوننەتی پێغەمبەر ﷺ:

بە دوو شێوە تابعین پشتیان بەستووە و گەڕاونەتەوە بۆ وتەی پێغەمبەر ﷺ:

**یەکەم:** باسی سەنەدەکەیان دەکرد تا پێغەمبەر ﷺ، هەندێك لە لێکۆڵەروان پێیان وایە ئەم جۆرە تەفسیرەی تابعیە، ڕاستی ئەمە تەفسیری پێغەمبەرە ﷺ، چونکە تابعی باسی ئەوەی کردووە کە لە پێغەمبەرەوە پێی گەیشتووە، نەهاتووە خۆی تەفسیری بکات.

**دووەم:** باسی ئەوە دەکات کە لەپێغەمبەرەوە پێی گەیشتووە بێ ئەوەی باسی سەنەدەکەی بکات، ئەمە هەرچەندە (مرسل)ە[٤١]، بەڵام تابعین هەر پشتیان بەم جۆرە تەفسیرە بەستووە، لە نموونەی ئەمە تەبەری لە حەسەنەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگار: ﴿ * وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ ﴿٢٧﴾ ﴾ [المائدة: ٢٧]، حەسەن وتی: رسول الله ﷺ فەرمووی: (إن الله ضرب لكم ابني آدم مثلاً، فخذوا من خيرهم ودعوا الشر) [٤٢] ، واتە: خوای پەروەردگار

---

[٤٠] تفسير الطبري ٢٨/٣٠،١٥٢/٤٩،٣٩،٢١،١٦، ولغير من التابعين ٣٠/٥٥،٣٢،٣١

[٤١] "ئەوەیە کە هاوەڵ لە سەنەدەکە لابراوە". وەرگێر

[٤٢] تفسير الطبري ٦/١٩٩.

نموونەی دوو کوڕەکەی ئادەمی هێناوەتەوە، چاکەیان لێ وەربگرە و خراپەیان دوورخەرەوە. هەروەها دەربارەی ئەم ئایەتە: ﴿ فَلَا تَعۡلَمُ نَفۡسٞ مَّآ أُخۡفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعۡيُنٖ ١٧ ﴾ [السجدة: ١٧]، وتی: لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێم گەیشتووە، فەرمووی: (قال ربكم: أعددت لعبادي الذين آمنوا وعملوا الصالحات ما لا عين رأت، ولا أذن سمعت، ولا خطر على قلب بشر).[٤٣] واتە: پەروەردگارتان فەرمووی: ئامادەم کردووە بۆ ئەو بەندانەی کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکە ئەنجام ئەدەن، کە نە چاو بینیویەتی، نە گوێ بیستوویەتی، نە بە ختوورەتی دڵیشدا هاتووە.

### ٣. هاوەڵان:

قوتابی بوون لەسەر دەستی هاوەڵان، هەندێکیان دەرکەوتە و ناسراون بە وەرگرتنیان لە هەندێ هاوەڵانەوە، وەکو: سەعیدی کوڕی جوبەیر، موجاهید و زوحاك، کە تەفسیریان لە ئیبنو عەبباسەوە وەرگرتووە، لە ڕیوایەتەکاندا دەردەکەوێت بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پشتیان بە هاوەڵان بەستووە، وەکو ئیمامی تەبەری بە سەنەدەوە لە زوحاکەوە ڕیوایەتی دەکات، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَوۡمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمۡتَلَأۡتِ وَتَقُولُ هَلۡ مِن مَّزِيدٖ ٣٠ ﴾ [ق: ٣٠]، وتی: ئیبنو عەبباس فەرموویەتی: بێگومان خوای باڵادەست لە پێشدا بەڵێنی داوە: ﴿لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ﴾، هیچ شتێکی تێناکەوێت ئیلا ون دەبێت، هیچ شتێك پڕی ناکاتەوە، هیچ کەسێك لە ئەهلی دۆزەخ نامێنێتەوە هەمووی تێ دەخرێت، پڕی ناکاتەوە تا ئەو کاتەی خوای گەورە پێی پیرۆزی خۆی ئەخاتە ناو دۆزەخەوە، ئەفەرموێت: ئایا پڕ بوویت؟ ئەوکاتە دۆزەخ دێتەوە یەك و ئەڵێ بەسە بەسە پڕ بووم...[٤٤]

---

[٤٣] تفسير الطبري ١٠٦/٢١

[٤٤] تفسير الطبري ١٦٩/٢٦ـ١٧٠

### ٤. زمان:

تابعین هێشتا لە قۆناغی ئەوەدا بوون زمان بەڵگە بوو لایان، لە تەفسیرەکانیاندا پشتیان بە زمان دەبەست، ئەمە ئاشکرایە لە تەفسیرەکانیاندا، وەکو ئەوە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱلنَّخۡلَ بَاسِقَٰتٖ لَّهَا طَلۡعٞ نَّضِيدٞ ١٠﴾ [ق: ١٠]، موجاهید و قەتادە و ئیبن زەید دەڵێن: (الباسيقات): (الطوال) درێژ.[٤٥]

### ٥. ئەهلی کتێب:

تابعین زیاتر لە هاوەڵان بۆ وتەی ئەهلی کتێب دەگەڕانەوە[٤٦]، بەڵام هەواڵانەی کە لە ئیسرائیلیاتەوە ڕیوایەت کراوە هەر حوکمی ئیسرائیلیاتی هەیە، زانستەکەیان پەیوەندیی بە زانستی ڕیوایەتەوە هەیە نەك زانستی تەفسیر، والله اعلم. زۆرێك لە ڕیوایەتەکانیان دەردەکەوێت لە بەنوئیسرائیلەوەیە لە کاتی تەفسیرکردنیان، وەکو تەبەری لە هەندێ تابعییەوە ڕیوایەتی کردووە دەربارەی خواردنی نەسارا: عەبدوڕڕەحمانی سولەمی وتی: خواردنی نان و ماسی دابەزی. عەتییە وتی: خواردنی ماسی کە تامی تەواوی خواردنەکانی تێدا بوو.

### ٦. تێگەیشتن و ئیجتیهادی خۆیان:

تابعین لە تەفسیرکردندا پشتیان بە تێگەیشتن و ئیجتیهادی خۆیان بەستووە و سوودیان لێ بینیوە، ڕاجودایی دەکەوتە نێوانیان، چونکە تێڕوانینیان و گەڕانەوەیان بۆ عەقڵ و زانستی خۆیان بوو، ئەمەیش دەگۆڕێت بەگۆڕانی کەسەکان، ئەکرێت لە تێگەیشتنی ئایەتێکدا زیاتر لە واتایەکیان هەبێت بۆی،

---

[٤٥] تفسير الطبري ١٥٣/٢٦

[٤٦] مقدمة في اصول التفسير ٥٨.

هەر واتایەك لەسەر سەرچاوەیەكی پێشوو كە باسمان كرد بونیاد نراوە، وەكو ڕاجوداییان لە دابەزینی (المائدة)، ڕاجوداییان لە (القرء)، (البروج) و (العادیات)، جگە لەمانەیش، لەنموونەی ئەمەیش خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ٢٠﴾ [عبس: ٢٠]، سوددی و قەتادە دەڵێن: ڕێگەی بۆ خۆش و ئاسان كرد (تا لە سكی دایكی بێتە دەرەوە)، موجاهید و حەسەن و ئیبن زەید وتیان: ڕێگای ڕاست و ڕێگای چەوتی بۆ ئاسان كردووە، پێی ناساندووە و بۆی ڕوون كردۆتەوە.

**نموونەیەكی تر:** ئیبن جەریر وتی: یونس بۆی گێڕامەوە، وتی: ئیبن وەهەب بۆی گێڕامەوە، ئەویش لە یەعقووبی كوڕی عەبدوڕڕەحمانی زوهری، وتی: پرسیم لە زەیدی كوڕی ئەسلەم دەربارەی ئەم وتەی خوای پەروەردگار: ﴿وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ... مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ ٢١﴾ [ق: ١٩ - ٢١]، پێم وت مەبەست چیە لەمەدا؟ وتی: واتا پێغەمبەری خوا ﷺ، پێم وت پێغەمبەری خوا! وتی: تۆ نكوڵی دەكەی؟ خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمٗا فَـَٔاوَىٰ ٦ وَوَجَدَكَ ضَآلّٗا فَهَدَىٰ ٧﴾ [الضحى: ٦ - ٧]،

وتی: پاشان لە ساڵحی كوڕی كەیسانم پرسی، پێی وتم: لەكەسی ترت پرسیوە؟ وتم:بەڵێ، لە زەیدی كوڕی ئەسلەم، پاشان وتی: ئێ چی پێ وتی؟ پێم وت: بەڵام تۆ وتەی خۆتم پێ بڵێ، وتی: بۆچوونی خۆمت پێ دەڵێم لەسەر بۆچونی ئەوان، پێم بڵێ كە چی پێ وتی؟ وتم: وتویەتی: مەبەست لێی پێغەمبەری خوایە ﷺ، وتی: زەید نەیزانیوە، تەمەنێكی ئەوتۆی نییە، ڕەوانبێژ نییە و شارەزای زمانی عەرەب نییە، ئەو ئایەتە مەبەست پێی بێباوەڕە، پاشان وتی: ئەو ئایەتەی دوای ئەوە بخوێنەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوە، وتی: پاشان پرسیارم كرد لە حوسێنی كوڕی عەبدوڵلای كوڕی عوبێدوڵلای كوڕی عەبباس، هەر هەمان وتەكەی ساڵحی پێ وتم، ئایە لە كەسی ترت پرسیوە پێم بڵێی؟

پێم وت لە زەیدی کوڕی ئەسلەم و ساڵحی کوڕی کەیسانم پرسیوە، پێی وتم: ئێ چییان پێ وتی؟ وتم جارێك تۆ چی دەڵێی؟ وتی: منیش پێت دەڵێم، منیش ئەوەم پێ وت کە پێیان وتبووم، ئینجا پێی وتم: من پێچەوانەی هەمووانم، مەبەست پێی کەسی چاکەکار و خراپەکارە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ١٩﴾ تاوەکو: ﴿فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ٢٢﴾ [ق: ١٩ - ٢٢]، کاتێك پەردە لەسەر چاکەکار و خراپەکار لادەبرێت، ئەوەی ڕوو ئەدات بۆی دەبینێت.[٤٧]

## حوکمی تەفسیری تابعی:

تەفسیری تابعی چەند بەشێکن هەر وەکو پێش لە تەفسیری هاوەڵاندا، بۆیە لە ڕووی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی بە شێوەیەکی گشتی حوکم نادرێت لەسەری، ئەمەیش بەشەکانی:

١. ئەوەی کە تابعی دەیگێڕێتەوە: ئەمە ئەوانە دەگرێتەوە وەکو هۆکارەکانی دابەزین و غەیبیاتەکان. وەکو تەفسیری موجاهید بۆ ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێت: ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا ٧٩﴾ [الإسراء: ٧٩]، فەرمووی: واتا لەسەر عەرش دادەنیشێت[٤٨].

وەکو ئەم وتەیە وەرناگیرێت، چونکە لە گرووپی مورسەلەکانە،[٤٩] مورسەلەکان وەرناگیرێن ئەگەر فەرد[٥٠] بێت، بەڵام ئەگەر کۆڕا هەبوو لەسەری ئەوە حوکمی کۆڕای هەیە.

---

[٤٧] التفسير الطبري ٥٥/٣٠

[٤٨] التفسير الطبري ١٤٥/١٥، پێچەوانەی وتەکەی موجاهید ڕیوایەت کراوە کە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتووە مەقامی مەحموود مەبەست شەفاعەتە.

[٤٩] ئەوەی لە سەنەدەکە هاوەڵی تێدا لابراوە (المرسل).

[٥٠] ئەوەیە کە یەك کەس ڕیوایەتی بکات (فرد).

٢. ئەوەی تێیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئیسرائیلیات: ئەوە حوکمی ئیسرائیلیاتی هەیە.

٣. ئەوەی کۆڕای لەسەرە: ئەوە ئەبێتە بەڵگە ئەبێت وەربگیرێت.[٥١]

٤. ئەوەی ڕاجیایان تێدا هەیە: ئەمەیان وتەی هیچ کەسیان نابێتە بەڵگە بەسەر ئەوی تریانەوە، لێرەدا ئەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو یاسا و بنچینانەی کە پەسەندی پێ دەستنیشان دەکرێت.

٥. ئەگەر لە یەکێکیانەوە وتەیەك هاتبێت، نەزانرێت کامەیان پێچەوانەی ئەوی تریانە: ئەمە کەمتر هەیە لەسەر ئاستی هاوەڵان، ئەگەڕێیتەوە بۆ وتەی ئەو کەسەی لە تەمەن لەهەموویان گەورەترە -لە هاوەڵانەوە نزیکترە-.

## چەند تێبینییەك دەربارەی تەفسیری هاوەڵان و تابعین:

١. ئەبێت گرنگی بدرێت بە دروستێتیی سەنەدەکە، ئەگینا وتەکە ئەبێتە وتەیەك دەربارەی تەفسیر و بەس.

٢. ئەبێت ڕێگاکانی تەفسیری هاوەڵان و تابعین کۆبکرێتەوە، بۆ جیاکردنەوەی ڕاجیایی و بیروبۆچوونەکان تێیدا، بۆ نموونە لە ئیبنو عەبباس ڕیوایەتکراوە دەربارەی تەفسیری (الکرسي) بەوەی کە (زانستە) یان (شوێن پێی خوای پەروەردگارە)، ئەبو مەنسووری ئەزهەری وتی: ئەوەی کە سەحیح بێت لە ئیبنو عەبباسەوە دەربارەی (الکرسي)، سەوری ڕیوایەتی کردووە و جگە لەویش لە عەممار دەهنی، ئەویش لە موسلمی بەتین لە سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەت کراوە کە دەفەرموێت:(الکرسي): جێی پێی خوای پەروەردگارە، بەڵام (عرش) ئەندازەی نازانرێت. ئەم ڕیوایەتە ئەهلی عیلم لەسەر دروستێتیی یەك دەنگن، ئەوەی کە لە ئیبنو عەبباسەوە هاتووە کە (الکرسي) زانستە، نەچەسپاوە کە سەحیح بێت لەلایەن زانایانی

---

[٥١] مقدمة في أصول التفسير ٥٨.

فەرموودە.[٥٢]

٣. ئەگەر دوو وتەی هاوەڵ یان تابعییەك هاتوو هەردووکی سەحیح بوو، نەتوانرا کۆکردنەوە لە نێوانیاندا بکرێت، لێرەدا هەردووکی وەکو دوو وتە سەیر دەکرێت، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت لەسەری بگەڕێینەوە بۆ یەکێکیان.

٤. کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکانی هاوەڵان و تابعین لە تەفسیرکردنی ئایەتدا ئاماژەیە لەسەر مەبەستەکەی، بۆیە پێویستە گرنگی بە کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکان بدرێت.[٥٣]

٥. هەموو ڕاجیاییەك کە لێیانەوە هاتبێت نابێتە ڕاجیایی، دوایی دێت لە باسی (ڕاجیایی جۆرێتی).

٦. ئایە ئەکرێت قسەی تێدا بکرێت، لەدوای ئەوەی کۆڕا هەبوو لەسەر ئایەتێك یان نا؟[٥٤]

ئەمەیش پێویستی بە شیکردنەوە هەیە: ئەگەر وتەکە دژی وتەی ئەوان بوو، ئەوە ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر دژی ئەوان نەبوو ئایەتێك هەبوو پاڵپشتی بێت، ئەوە وەردەگیرێت، چونکە وتەکەی ئەوە هەڵدەگرێت، لەدوایدا باسی یاسایەك دێت لەسەر ئەم بابەتە.

❊❊❊

---

[٥٢] تهزيب اللغة، ٥٤/١ .

[٥٣] مقدمة في أصول التفسير ٥٤.

[٥٤] التمهيد في أصول الفقه للكلوزاني ،٣٢١/٣، أضواء البيان.

# پێنجەم: تەفسیری قورئان بە زمانەوانی:

مەبەست لێی تەفسیری قورئانی پیرۆزە بەزمانی عەرەب، هۆکاری پشتبەستن بەم ڕێگایە: قورئانی پیرۆز بە زمانی ئەوان دابەزیوە، لە شێوازەکانی گفتوگۆکردنی پشتی پێ بەستراوە.

بۆیە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زمانەوانی پشتی پێ بەستراوە، ڕێگایەك بووە لە ڕێگاکانی تەفسیر، لە فەرموودەی پێشوو -لە تەفسیرکردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ قورئان- کاتێك هاوەڵان گرفتیان بۆ دروست بوو دەربارەی وشەی (الظلم) لەم ئایەتەی خوای پەروەردگار: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ... ٨٢﴾ [الأنعام: ٨٢]، ئەم تێڕوانینە ئەوەی هاوەڵان ئەوە دەگەیەنێت تەفسیری (الظلم)یان کردووە لە ڕووی زمانەوانیی خۆیانەوە، پێغەمبەر ﷺ نکۆڵی لێ نەکردوون، بەڵام بۆی ڕوونکردونەتەوە مەبەست لە وشەی (الظلم) لە ئایەتەکەدا.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر بەوشێوازە هاوەڵان و تابعین پشتیان بە زمانەوانی بەستووە لە تەفسیرەکانیاندا، شیعری عەرەبی و شێوازەکانیان بۆ ڕوونکردنەوەی واتا زمانەوانییەکەی لە قورئانی پیرۆزدا هێناوەتەوە.

خاوەنی کتێبی "المقدمة المباني" کۆڕای هاوەڵانی هێناوەتەوە لەسەر دروستێتی تەفسیری قورئان بە زمانەوانی.[٥٥] وەکو تەفسیری (الساهرة) بە (الأرض)، ئەمە لە ئیبنو عەبباس، عیکرەمە، حەسەن، قەتادە، موجاهید، سەعید، زوحاك و ئیبن زەیدەوە هاتووە.[٥٦]

بگرە زانایان تووندبوونە لەسەر ئەوەی کەسێك تەفسیری قورئان دەکات ئەبێت زانا بێت بە زمانی عەرەب، وەکو ڕیوایەتکراوە لە مالك و موجاهید و

---

[٥٥] مقدمتان في علوم القران ٢٠١.

[٥٦] تفسير الطبري ٣/٣٦-٣٧

جگە لەمانەیش.

ئیمامی مالیك دەفەرموێت: هیچ کەسێك ناتوانێت تەفسیری وتەی خوای پەروەردگار بکات کە شارەزای زمانی عەرەب نەبێت، حەتمەن لە واتاکەی لا ئەدات.[٥٧]

## بابەتێك: (دەربارەی یاساکانی تەفسیر بە زمانەوانی):

چۆن تەفسیر دەکرێت لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئەگەر لە زمانی عەرەبدا لە دوو واتا یان زیاتری هەڵگرت؟

ئەگەر لەفزەکە هەموو واتاکانی دەگەیاند بەبێ دژیەك و کورتهێنان لە ڕستەکەدا، ئەوە دروستە بەکاربهێنرێت، ئەمە -زۆر جار- لە لەفزە هاوبەشەکان دێت، ئەگەر یەکێکیان پەسەند کرا، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ ﴿١٠﴾ ﴾ [التوبة: ١٠]، دەربارەی وشەی (الإلّ) چەند واتایەك هاتووە، وەکو(العهد، القرابة، الله سبحانه). ئیمامی تەبەری لەسەری دواوە لەسەر ئەم وتانە: وتەیەك وەرگیراو و لەپێش بێت ئەوەیە دەڵێت: خوای پەروەردگار دەفەرموێت دەربارەی موشریکەکان، ئەوانەی کە خوای پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکات کە بجەنگێت لە دژیان، لە دوای مانگە قەدەغەکان -ئەو مانگانەی کە نابێت جەنگیان تێدا بکرێت- کە گەمارۆیان بدەن و لەهەموو بۆسە و ڕێگەیەکیشدا بۆیان دانیشن، چونکە ئەوان لەگەڵ هیچ خاوەنباوەڕێکدا ڕەچاوی خزمایەتی و هاوپەیمانی ناکەن.

وشەی (إِلًّا) سێ واتا لەخۆ دەگرێت: القرابة (خزمایەتی)، العقد (گرێبەست)، الحلف (ڕێککەوتن)، العهد (پەیمان)، هەروەها بەواتای: (الله)، ئەگەر واتای ئەو سێ وشەیە بگەیەنێت، خوای پەروەردگار تایبەتی نەکردبێت

---

[٥٧] أخرجه الواحدی فی البسیط٢١٩/١،رساله دکتوراه حققها الشیخ محمد بن صالح الفوزان.

بە واتایەك جگە لە واتایەکی تر، پەسەند ئەوەیە کە واتاکە گشتییە، هەروەکو چۆن خوای پەروەردگار گشتیی کردووە بەو سێ واتاوە، ئەوتریێت: لەگەڵ هیچ خاوەن باوەڕێکدا ڕەچاوی خزمایەتی، هاوپەیمانی و ڕێککەوتنێك ناکەن.(٥٨)

ئەگەر لەفزەکە تەنها یەك واتای دەگەیاند لە نێوان لەفزەکاندا، ئەوە هەندێ مەرج هەیە بەڵگەن لەسەر هەڵبژاردنی واتایەکیان و جگە لەوە ئەوانی تر ڕەت بکرێنەوە، وەکو ئەمانەی کە دێن:

١. ئەبێت لەفزە تەفسیرکراوەکە ڕاست و دروست بێت لە ڕووی زمانەوانییەوە، نابێت بە شێوەیەك تەفسیری قورئان بکرێت کە لە زمانی عەرەبدا نەزانرێت واتای چییە.

نموونە: تەفسیری ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگار: ﴿وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٢﴾ [البلد: ٢]، (حالٌّ): نیشتەجێ بوو تێیدا، ئیبن عاشوور دەڵێت: ئیبن عەتیە و هەندێك لە موفەسیرین دەڵێن: ﴿وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٢﴾ [البلد: ٢]، (حالٌّ) واتە: دانیشتووی ئەو شارە، ئیبن عەرەبی وتەیەکی هەیە لەو بارەوە، وتەکەی نەداوەتە پاڵی کەس، قورتوبی و بەیزاویش هەر بەو شێوازەیان وتووە، ئەوە پەیوەستە بەم وتەیەوە {وَأَنْتَ حِلٌّ} لە پێگەی (حال) دا لە زەمیر (ڕاناو)ی {أُقْسِمُ}، ئەبێتە سوێند بە شارێك بە شێوازێك تایبەت ئەبێتە پێغەمبەر ﷺ، ئەمە تەئویلێکی جوانە ئەگەر وشەی(حِلٌّ )یارمەتیدەربێت واتای (حال) بێت، بە واتای (دانیشتوو لە شوێنێك). بەم واتایە لە کتێبە زمانەوانییەکان نەهاتووە، وەکو کتێبی "الصحاح"، "اللسان"، "القاموس"، "مفردات الراغب"، زەمەخشەری کە خاوەنی کتێبی "الکشاف"ه پشتی پێ نەبەستووە، بەهۆی ئەوەی زۆر جێی متمانە نەبووە لە دروستیی واتاکەی لە بەکارهێنانیدا.

(٥٨) تفسير الطبري ٨٥/١٠

خەفاجی دەڵێت: (الحِلُّ) ئاوەڵناو یان چاوگ بە واتای: (حاڵ) -لێرەدا بەو شێوازە- هیچ سوود و گرنگییەکی نییە کە نامۆ و نەهاتبێت لە کتێبە زمانەوانییەکان.

چۆن شتی وا دەوترێت: لە کاتێکدا هیچ سوود و گرنگییەکی نییە بەهۆی ئەوەی لە کتێبە زمانەوانییەکان نەهاتووە، ئێ ئایا سەرچاوەی زمانەوانی تر هەن جگە لەمانەی پێشەوایان.(٥٩)

٢. تەفسیری قورئان زیاتر بە وشەیەك دەكرێت كە زیاتر ناسراو بێت لە ناو زمانەوانیدا، بە وشەیەك ناكرێت كە شاز و كەم بەكار هاتبێت، نموونە: ﴿ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿٢٤﴾ ﴾ [النبأ: ٢٤].

ئەوترێت: (البرد) واتە: (النوم) خەو، ئەم تەفسیرە تەفسیرێکە بە کەمی کراوە، ئەوەی بە زۆری هاتووە (البرد) فێنكییەك كە جەستەیان لە گەرمێتی دۆزەخ فێنك بكاتەوە.(٦٠)

٣. كەسی موفەسیر لە كاتی تەفسیركردندا، ئەبێت ڕەچاوی وشەكان بكات لە سیاقەكەدا، شتێك هەڵنەبژێرێت مەگەر لەگەڵ ڕستەكەدا بگونجێت، بۆیە هەندێ جار وتەی هەندێك لە موفەسیرەكان ڕەتدەكرێتەوە بەهۆی نەگونجانی وشە لە سیاقدا.(٦١)

ڕاغیب لە كتێبی (مفردات)ەكەیدا گرنگی بەلایەنی سیاقی ئایەتەكە داوە، واتا زمانەوانییەكەی ڕوون كردۆتەوە لەسەر بنچینەی ئەوەی لە سیاقی ئایەتەكەدا هەیە.

---

(٥٩) التحرير و التنوير٣٤٨/٣٠.

(٦٠) تفسير الطبرى١٢/٣، وإعراب القران للنحاس١٢٣/٥، والقطع والائتناف له ٧٥٨، والتحرير والتنوير ٢٧/٣٠.

(٦١) حول رد القول لعدم مناسبة السياق اضواء البيان ٧٥/١ـ٧٦.

زەرکەشی دەڵێت: (المفردات)ی ڕاغیب، باشترین کتێبە، چونکە واتای وشەکانی لە سیاقەکەوە وەرگرتووە، چونکە واتای لەفزەکان تایبەتن.[٦٢]

لە جێگەیەکی تردا دەڵێ: ڕاغیب لە کتێبی (المفردات) پشتی بە سیاقەکە بۆ واتاکردنی وشە بەستووە، کۆت و مەرجێکی زیاد کردووە بۆ ئەهلی زمانەوانی بۆ واتاکردنی وشە، چونکە بۆ واتاکردنی وشە لە سیاقەکەوە وەریگرتووە.[٦٣]

وتەکەی گوزارشت لەسەر ئەوە دەکات؛ باشتر وایە کاتێك وشەیەکی عەرەبی دێت، حەتمەن بۆ ئەوەی واتایەکی تایبەتی هەبێت ئەبێت دەستنیشان بکرێت لە سیاقدا، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت.

٤. ئەبێت هەلومەرجی دابەزینەکەی بزانرێت ئەگەر پێویستی کرد لەکاتی تەفسیری لەفزێکی وا، بۆ ئەوەی بزانرێت مەبەست لێی لە ئایەتەکەدا، وەکو وشەی (النسيء) لەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ ٣٧﴾ [التوبة: ٣٧]، (النسيء) لێرەدا واتا( تأخير)، بەڵام بۆ ئەوەی لێرە واتای (تأخير)ەکە بزانرێت، پێوستت بە چیرۆکی ئایەتەکە دەبێت، بەو هۆیەوە تەفسیرەکەی دەزانرێت، لەوێدا مەبەست لێی دواخستن و حەڵاڵکردنی مانگە قەدەغەکراوەکانە.

٥. پێشخستنی واتای شەرعی بەسەر زمانەوانی ئەگەر واتاکەی ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتر، مەگەر بۆ قەبووڵکردنی واتا زمانەوانییەکەی بەڵگەیەك هەبێت، چونکە قورئان بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی لایەنە شەرعییەکەیە نەك زمانەوانییەکەی.

---

[٦٢] البرهان في علوم القرآن١/٢٩١.

[٦٣] البرهان في علوم القرآن٢/١٧٢.

(الصلاة) لەم ئایەتەی خـوای پەروەردگـار: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا ﴿٨٤﴾ ﴾ [التوبة: ٨٤] ، بە واتـای دوعـا و پـاڕانەوە دێـت و بە واتـای نـوێژی جەنازەیش، بە واتـای نـوێژەکە لە پێشـترە، چـونکە واتـا شـەرعییەکەیەتی. ئەم ئـایەتەی خـوای گەورە: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ ﴿١٠٣﴾ ﴾ [التوبة: ١٠٣]، (الصـلاة) لێـرەدا بە واتـای: دوعـا و پاڕانەوە دێت، بە واتا زمانەوانییەکەی، وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (اللهم صلّ على آل أبي أوفى)[٦٤].

## تێبینییەکان دەربارەی تەفسیری زمانەوانی:

١. هەنـدێك لە لێکـۆڵەران وا دادەنـێن کە ئەبـا عوبەیـدە مەعـمەر کـوڕی موسـەننا، فەڕائـ و زوجـاج کە پێشـەوای "تەفسـیری زمانەوانیـ"ــن، تەفسـیری هاوەڵان و تابعین بە تەفسیری زمانەوانی سەیر ناکەن، بە تەفسـیری ئەسـەری دادەنـێن، هۆکـاری ئەم هەڵەیە پشـتیان بە زاراوەی (المـأثور) بەسـتووە -لە دواییدا گفتوگـۆی لەسـەر دەکەم-، بۆچـوونی پەسـەند ئەوەیە کـە هـاوەڵان و تابعین بە پێشەوای تەفسیری زمانەوانی دادەنرێن.

هـــاوەڵان عەرەبێکـــی تەواو بـــوون و قورئـــان بە زمـــانی ئەوان دابەزی، تابعینیش لەوانەوە زانستیان وەرگرتووە، لە سـەردەمی پشتبەسـتن بەبەڵگەکـان بـــوون، چـــۆن نـــابنە پێشـــەوایانی زمـــانەوانی؟ لەم ڕووەوە هەڵە ڕوو ئەدات تەفسیری زمانەوانی هاوەڵان و تابعین بە تەفسیری ئەسـەر دابنرێـت بەرانـبەر بە تەفسـیری زمـانەوانی شـوێنکەوتووانیان. ئەم تێڕوانیینـانەی ئەوان بەم واتـا نیـیە لە حەقێتـی ئەوان کەمکەیـنەوە لە تەفسـیری زمـانەوانی، بەڵام ئەوەیە ئاستی ئەوان ناگات بە پلەی هاوەڵان و تابعین.

---

[٦٤] البرهان للزركشي ٢/١٦٧، وأصول التفسير لابن عثيمين ٢٩ـ٣٠.

٢. ئەبو عوبەیدە مەعمەری کوڕی موسەننا موعتەزیلی، تەفسیری قورئانی کردووە کە تەنها پشتی بە زمانەوانی بەستووە، بێ ئەوەی تێڕوانین بۆ هۆکاری دابەزین و هەلومەرجەکانی بکات، تەنها قورئانی کردۆتە دەقێکی عەرەبی، ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە گرتوویەتی ئەبو عوبەیدە، هۆکاری هەڵەکەی ئەمەیە هەر وەکو ئیبنو تەیمییەیش[٦٥] باسی کردووە.

زاناکانی سەردەمی خۆی و ئەوانەیشی دوای خۆی نکۆڵیان لێ کردووە، وەکو ئەسمەعی[٦٦]، ئەبی حاتەمی سەجستانی[٦٧]، فەڕاء، ئەبی عەمری جەرەمی[٦٨]، تەبەری[٦٩] و جگە لەمانەیش.

لەو نموونانەی لە تەفسیرەکەیدا ڕەچاوی هۆکاری دابەزین و هەلومەرجەکانی نەکردووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ ٱلشَّيْطَٰنِ وَلِيَرْبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلْأَقْدَامَ ۝١١﴾ [الأنفال: ١١]، ﴿وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلْأَقْدَامَ﴾، (واتا مەجازەکەی[٧٠]: سەبر و ئارامی بەسەریان دادەبەزێت و پێ دەبەخشێت، دامەزراویان دەکات لە بەرانبەری دوژمنانیان.[٧١]

هۆکاری دابەزینی، هەر بە حەقیقەت دامەزراو و چەسپاندنیان بوو، واتا: پێکانیان مەحکەم و سەقامگیر کا، ڕۆنەچێت لە ناو لمدا، بەم شێوازە هاوەڵان و ئەوانی دوای ئەویش وا تەفسیریان کردووە.

ئیمامی تەبەری لەسەر وتەی ئەبی عوبەیدە دەفەرموێت: ئەمە پێچەوانەی هەموو ئەهلی تەئویلە لە هاوەڵان و تابعین، وتەکەی هەڵەیە و پێچەوانەی

---

[٦٥] مقدمة في أصول التفسير ٨١.
[٦٦] إنباء الرواة٢٧٨/٣.
[٦٧] طبقات النحويين و اللغويين للزبيدي ١٧٦.
[٦٨] طبقات النحويين واللغويين١٧٦.
[٦٩] عبارته في التفسير /١٨٥.
[٧٠] "خوازتن، باسكردنی شتێك بە پێچ و پەنا". وەرگێڕ.
[٧١] مجاز القرآن ٢٤٢/١.

وتەی ئەوانە -لە هاوەڵان و تابعین- کە باسمان کرد، وتەی ئەوانمان باسکرد دەربارەی ئایەتەکە، پێکانیان مەحکەم و سەقامگیر کا، بەهۆی باران بارینەوە پێکانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان ڕۆنەچن لە ناو لمدا.(٧٢)

٣. تێگەیشتنی سەلەف بەڵگەن و حوکمیان پێ دەکرێت حوکمیان لەسەر نادرێت، بۆیە ئەگەر تەفسیرێك لە تەفسیری ئەوانەوە لەسەر بنچینەی تێگەیشتنی و زمانی ئەوان بێت ئەبنە بەڵگە، ئەبێت خەڵکی بۆی بگەڕێتەوە، ئەبو حەییان شتێکی نامۆ لە تەفسیری ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەڵێت: ﴿وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ ۖ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴿٢٤﴾﴾ [یوسف: ٢٤]، دەڵێت: ئەوەی سەلەف ڕیوایەتیان کردووە وتەی عەرەب پاڵپشت و پشتگیری نییە، چونکە وەڵامی (لولا)یان پێ نادیار و لابراو بووە، ئەمەیش بەڵگەی لەسەر نییە، چونکە (همَّ بها)یە و نادیار نییە، بەڵگەیەك نییە لە سەری لە وتەی عەرەبدا، تەنها لەسەر ئەوە ئەبێت لادراوەکە لە واتاکەدا لە پێش مەرجەکەوە بێت، چونکە لە پێش مەرجەوە بەڵگە هەیە لەسەری، شتێك لانابرێت بە بێ بەڵگە.(٧٣)

وتەکەی ئەوەی کە دەڵێت "ئەوەی سەلەف ڕیوایەتیان کردووە وتەی عەرەب پاڵپشت و پشتگیری نییە". ئەمە وتەیەکی نامۆیە، ئایە ئەبو حەییان شارەزاتر بووە لە سەلەف کە قورئان بە زمانی ئەوان دابەزیوە بە وتەی عەرەب؟ ئایا ئەبو حەییان دەربارەی وتەی خوای پەروەردگار شارەزاتر بووە لە سەلەف؟ هەموو ئەمانە تێڕوانینێکی خراپن بەرانبەر ئەو ڕیوایەتانە کە لە سەلەفەوە ڕیوایەت کراون، چونکە مەبەست لەوێدا ئەوە بابەتێکی مەنهەجییە و ئەبو حەییان بەو دەستەواژە -توندە- دەری بڕیوە.

---

(٧٢) تفسير الطبري ١٩٧/٩، تفسير ابن عطية ٤٢٩/٢٤٥،٩/١٣، معاني القرآن للنحاس، ٣٠٩/٤ـ ١١٠

(٧٣) البحر المحيط ٢٩٥/٥

## شەشەم: تەفسیر بە پێی ئیجتیهاد و بۆچوون (ڕەئی):

ئیجتیهاد، ڕەئی و بۆچوون، هەڵێنجان وعەقڵ، هەموو ئەم زاراوانە ئاماژەن و یەك واتا دەگەیەنن لە لای زانایانی زانستەکانی قورئان. زۆر جار دەستەواژەی (الرأي) بەکاردەهێنن لەناو زاراوەکان، زۆر جار ئەوە دووبارە دەکرێتەوە و باس دەکرێت.

### بابەتێك: ئایا ڕاجودایی هەیە لەسەر دروستێتیی تەفسیر بە ڕەئی؟

هەندێك لە لێکۆڵەران باسی هەندێ ڕاجودایییان کردووە لەسەر ئەم بابەتە، ڕاجودایییەکەیش شتێکی حەقیقی نییە -لاوەکییە-، لەسەر بابەتەکانی تەفسیر بە ڕەئی.

هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەدیاریکراوی شوێنی ڕاجوداییەکە دیاری نەکراوە، ئەگەر شوێنی ڕاجوداییەکە ڕوون بوایە ئەوە ڕاجودایییە لاوەکییەکەیش کوتایی پێ دەهات.

تەفسیر بە ڕەئی هاوەڵان و تابعین و دوای ئەوانیش قسەیان لەسەری کردووە و کاریان پێ کردووە[٧٤]، قسەیان لەسەری کردووە و کاریشیان پێ کردووە، لەوانە ئەبو بەکری سددیق (ڕەزای خوای لێبێت) دەربارە بابەتی (الكلالة)، کاتێك پرسیاری لێ دەکرێت دەفەرموێت: بۆچوونی خۆم دەڵێم تێیدا، ئەگەر تەواو بوو ئەوە لە لایەن خوای گەورەوە بووە، ئەگەر هەڵە بووم ئەوە لە لایەن شەیتانەوەیە.[٧٥]

ئەمە ئەو ڕەئییەیە کە هاوەڵان کاریان پێ کردووە کە بۆچوونی ستایشکراو (الرأي المحمود)ی پێ دەوترێت، کە لەسەر زانست یان زاڵبوونی گومانەوە بینا کراوە.

---

(٧٤) مثالا لە فی تفسیر الطبري ٢٦/١٦٢ـ١٦٣.
(٧٥) راجع مرويات هذا الاثر في تفسير الطبري ٤/٢٨٤.

بەڵام (الرأي المذموم) بۆچوونی لۆمەکراو، لەسەر ئەوە سەلەف نەهییان لێ کردووە، ئەنجامدەرەکەیان بە خراپ بینیوە، کە لەسەر هەوا و نەزانینەوە هاتووە.

ئەوانەی باسی ڕاجودایی ڕەئییان کردووە، باسی جۆری ڕەئییەکەیان نەکردووە، کە کام جۆرەیە نەهی لێ کراوە، ئەگەر ئەو کارەیان ئەنجام بدایە پێوستمان بەوە نەدەبوو بگەڕێینەوە بۆ دوو وتە لەم بابەتەدا پاشان ڕا پەسەندی بکەین لە نێوان یەکێکیان.[٧٦]

هەندێك لە سەلەف خۆیان پاراستووە لە تەفسیرکردن بە بۆچوونی خۆیان، لە ترسی خوای پەروەردگار لەوەی شتێك بڵێن بە بێ زانست، نەوەکو بکەونە ڕەئی و بۆچونێکی لۆمە کراو. عوبێدوڵلەی کوڕی عومەر دەڵێت: گەیشتم بە فوقەهای مەدینە، توند بوون لە تەفسیرکردن -بە بۆچوونی خۆیان تەفسیریان نەدەکرد-، لەوانە: سالمی کوڕی عەبدوڵڵا، قاسمی کوڕی محەمەد، سەعیدی کوڕی موسەییب و نافیع[٧٧].

هەندێك لەمانە هیچ شتێکیان دەربارەی تەفسیر نەدەوت مەگەر ئەوەی پێیان گەیشتبێت، حەزیان نەدەکرد شتێك بڵێن کە پێیان نەگەیشتبێت لە وتەیەك لە کەسانی پێش خۆیان، لەوانە کە ڕیوایەت کراوە لە یەحیای کوڕی سەعید، لە ئیبن موسەییب کە هیچ شتێکی نەدەوت مەگەر ئەوەی زانراو و ئاشکرا بوایە لە قورئانەکەدا.[٧٨]

ئەوانەی کە بەم شێوازە دەرکەوتوون و تەفسیریان بەو شێوازە نووسیووە، وەکو عەبدولڕەزاق، ئیبن ئەبی حاتەم، سوفیانی کوڕی عویەینە و جگە لەمانەیش، بەو شێوازە تەفسیریان نووسیوە، بەشێوەی ئەوەی کە ئەسەرێکیان

---

[٧٦] وبعضم انتهى الى أن الخلاف لفظى، كالدكتور محمد حسين الذهبي في كتابه التفسير المفسيرون ١/٢٤٦_٢٥٥.
[٧٧] تفسير الطبري ١/٣٧.
[٧٨] تفسير الطبري ١/٣٨.

پێگەیشتبێت دەربارەی تەفسیر وەکو خۆی گواستویانەتەوە بێ ئەوەی خۆیان بۆچوونی لەسەر بدەن.

ئیمامی ئەحمەد نەهیی کردووە لە واتاکردنی قورئان، پێ ئەچێت ڕێگریەکەی بەهۆی ڕوودانی فیتنەی تەئویلکردنی وتەی خوای پەروەردگارەوە بێت، واتاکردنی قورئان بەشێوازێك کە ئەو واتا هەڵنەگرێت، کە لە ئایەتەکەدا هاتبێت، وەکو ئەوانەی کە موعتەزیلە کردوویانە و جگە لەوانیش.

ئیمامی ئەحمەد بە ئەبی عوبێدولقاسمی کوڕی سەلام دەڵێت: پێم گەیشتووە ئەتەوێ کتێبێك بنووسیتەوە لە قیرائاتدا، کە تێیدا فەڕاء و ئەبا عوبەیدە هاتووە و کردوویانت بە پێشەوا وەکو بەڵگە بەکارت هێناوە، ئەم کارە مەکە.[٧٩]

شێخولئیسلام ئەم ڕێچکەی ڕوونکردۆتەوە لە دەستەواژەیەکدا ئەم وتەیەی ئیمامی ئەحمەدی گواستۆتەوە دەربارەی فەڕاء، دەربارەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَذَكِّرۡ إِن نَّفَعَتِ ٱلذِّكۡرَىٰ ٩ ﴾ [الأعلى: ٩]، شیخولئیسلام ئیبنو تەیمییە وتەی فەڕائی گواستۆتەوە، ئەوەی کە هاتووە ئەوەیە: (إن نفعت، وإن لم تنفع). واتە: ئەگەر سوودی هەبوو، ئەگەر سودی نەبوو.

پاشان ئیبنو تەیمییە دەڵێت: ئەوەی دەیڵێت واتاکەی تەواوە، ئەو وتەیەی فەڕاء و هاوشێوەکانی، هیچ کەس لە سەلەف تەفسیری وایان نەکردووە، هەر بۆیە ئیمامی ئەحمەد نکۆڵیی لێ کردووە، ئیمامی ئەحمەد دەڵێت: وامزانی فەڕاء پیاوێکی چاکە، تا کتێبەکەیم بینی دەربارەی (معاني في القران).

ئەوەی کە فەڕاء دەیڵێت ئایەتی تر هەیە بەڵگە بێت لەسەری، بە پێویست زانراوە لە سەر پێغەمبەر ﷺ، خوای گەورە ناردوویەتی بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێت و ئاگاداریان بکاتەوە لە مرۆڤ و جنۆکەیش، بەڵام ئەم ئایەتە ئەو واتایە ناگەیەنێت[٨٠].

---

[٧٩] طبقات المفسرين للداودى فى ترجمة: إسماعيل بن إسحاق الازدى١٠٨/١

[٨٠] دقائق التفسير ٧٦/٥

## بابەتێـك: ئەو کەسـەی تەفسـیر بە ڕەئـی (بۆچـوون) دەکـات، ئەو زانسـتە چییە کە پێویستی پێیەتی؟

کەسی موفەسیر گرنگترین زانست پێویستە بیزانێت؛ زانستی زمانە، چـونکە قورئانی پیرۆز دابەزیوە بە زمانی عەرەبی ڕۆشن، ئەم زانستە لکاوە بە هەمـوو ئایەتێکەوە و لێی نابێتەوە، پەیوەستە پێوەی.

هەنـدێ ئـایەت پێویسـتی بەزانسـتێکە و لە ئـایەتێکی تـردا پێویسـتی بەو زانستە نییە، وەکو ئایەتی "گشـتی و تـایبەت"، پێویسـتە ئـایەتە تـایبەتکەرەکە بزانرێـت، ئـایەتی مەنسـووخ، پێویسـتە ناسـخەکەی بزانرێـت... جـگە لەم زانستانەیش هەندێکیان هەموو ئایەتێك ناگرنەوە.

بە جیـاوازیی چینەکـان جیـاوازیش هەیە لەو زانسـتە کە پێویسـتە کەسـی موفەسیر بیزانێت، لە چینی هاوەڵانـدا لەگەڵ ئەو زانسـتانەی کە باسـمان کـرد پێویستە شارەزایی تەفسیری پێغەمبەر ﷺ بۆ ئایەتەکـان، هۆکـاری دابەزیـن و چیرۆکە قورئانییەکان بن.

لە چینـی تـابعین لەگەڵ ئەوانەی کە پێشـوو کە بـاس کـران، شـارەزای تەفسیری هاوەڵان بن، لە وتەی ئەوان دەرنەچن، ئەگەر کۆڕا هەبـوو لەسـەری یان باسی هۆکاری دابەزینیان کردبوو، یـان شـتێکی نامۆیـان تەفسـیر کردبـوو، ئەگەر ئیجتیهادیان کردبوو یەکێکیان هەڵبژێرێت لە کاتی ڕاجوداییان.

ئەوانەی دوای تابعین هاتوون پێویسـتە پابەنـدی وتەی تـابعین بـن لەوەی کە کۆڕا بوونە لەسـەر شـتێك، پـێچەوانەی ئەوان نەکرێـت، ئەگەر ڕاجوداییـان هەبوو لەسەر شتێك؛ ئیجتیهاد بکات و ئەوەی کە دروستە بەیانی بکات.

## بابەتێك: ئایا پێناسەیەك هەیە تەفسیری لۆمەکراوی پێ بناسرێتەوە؟

لەم بابەتەدا زۆرێك لە پێشەوایانی تەفسیر هەن، کە تەفسیرکەران لۆمەیان کردوون، وەکو تەفسیری موعتەزیلە، ڕافیزە، باتنییە و جگە لەمانەیش.

هۆکاری لۆمەکردنی ئەم کتێبانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پشتیان بەشتانێك بەستوە کە پێچەوانەی بنچینەکانە، کە یەك دەنگیی لەسەری هەیە و چەسپاوە لە تەفسیرکردندا.

شێخولئیسلام ئیبنو تەیمییە ئاماژەی پێکردووە لە بەشی: (ئەو ڕاجیاییانەی کە ڕوو ئەدەن لەکاتی پشت بەستن بە بەڵگەکان)[٨١]. ئاماژە بۆ دوو جۆر دەکرێت، ئەکرێت بکرێتە هۆکارێك لە حوکمدا لەسەر تەفسیری لۆمەکراو.

**یەکەم:** کەسێك باوەڕی بە واتایەك هەیە -پێی ڕاستە-، پاشان ئەیەوێت لەفزی قورئانەکە بەسەری جێبەجێ بکات .

ئەمانە دوو جۆرن:

١. ئەوەی لەفزێکی قورئان کە بەڵگەیە لە سەری، لای ئەدات بۆ ئەوەی کە خۆی ئەیەوێت.

٢. ئەوەی لەفزێکی قورئان ئەدات بەسەر شتێك کە نابێتە بەڵگە لەسەری و ئەو واتا نادات، مەبەست لەو شتە نییە.

ئەم دوو دەستە زۆر جار ئەوەی کە مەبەستیانە لە نەفیکردن یان چەسپاندنی شتێکە بۆ واتایەکی پووچ، ئەکرێت هەڵەکەیان لە دەلیل و مەدلولەکە (بەڵگە و واتاکەی) بێت. هەندێ جار ئەکرێت هەڵەکەیان لە دەلیل (بەڵگەکەدا) بێت نەك مەدلولەکەی (واتاکەی). ئەم بەشە جێبەجێ دەبێت بەسەر کۆمەڵەیەك لە دەستە گومڕاکانی وەکو، جەهمییە، موعتەزیلە، ئەشاعیرە، ڕافیزە، سۆفی و... .هتد

لەو نموونەی کە هەڵەکەیان لە دەلیل و مەدلولەکەدایە: نەفیکردنی هەتا هەتایی لەو وتەیەی خوای گەورە کە باس لە بینینی خوای پەروەردگار دەکات: ﴿لَن تَرَىٰنِي ١٤٣﴾ [الأعراف: ١٤٣]، لە چیرۆکی سەیدنا مووسادا، ئەوەی موعتەزیلە

---

(٨١) مقدمة في أصول التفسير٨١

وتوویەتی، ئەوان لە پێشدا باوەڕیان وایە کە خوا نابینرێت، پەنایان بـردۆتە بەر قورئانەکە، ئایەتێکیان کـردووە بە بەڵـگە کە نـابێتە بەڵـگە بـۆ مەزهەبەکەیـان وەکو ئەم ئایەتە کە هێنایان.

نەفیکردنـی بینینـی خـوای پەروەردگـار: ﴿ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ [القيامة: ٢٣]، لەبەر ئەوەی باوەڕیـان وایە کە خـوای گەورە نابینرێـت، هـاتوون واتـای ئەم ئایەتەیشیان گۆڕیووە تەحریفیان کردووە بە پێی ویستی مەزهەبەکەیـان. ئەم ڕێـگەیە هۆکـارە بـۆ دەرچـوونی زۆرێـك لە موبتەدیعەکـان، وەکـو ڕافیـزە، فەلاسیفە و قرامیتە، لە بەشی تەئویلکردن و تەحریفکردنی (گـۆڕین و لادان)ی دەقەکانی وتەی خوای پەروەردگار.

نموونەیەکی تر کە هەڵەکەیان لە دەلیلەکەیە نەك لە مەدلوولەکە (بەڵگەکە نەك لە واتاکەی)، ئەمەش لای سۆفییەکان زۆرە، تەفسیری هەندێك لە سۆفییەکان دەربارەی ئەم وتەیەی خوای پەروەردگار: ﴿ ... إِنَّ ٱللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ ﴿٢٤٩﴾ ﴾ [البقرة: ٢٤٩]، ئەم ئایەتە خوای گەورە هێناویەتیەوە بۆ نموونەی دونیا، خوای گەورە چواندوویەتی بە ڕووبارێك، ئەو کەسەی ئارەزووی بەلایدا دەڕوات زۆری لێ دەخواتەوە، هەندێکی تر خۆی لێ لادەدات و لێی ناخواتەوە خۆی لێ دەگرێتەوە، هەندێکی تر بە پێی پێویست مشتێکی لێ دەخواتەوە، حاڵی ئەم سێ جۆرە لای خوای گەورە جیاوازە.

قورتـوبی دەڵێـت: "وتـم لەوە باشـتر نەدەبـوو -واتـا بـۆ ئەو ئـایەتەی کە کردوویـانە- ئەگەر تەحریـف لەتەفسـیرەکەیدا نەبـوایە و دەرچـوون لە واتـای زاهیری ئایەتەکە نەبوایە، واتاکەی تەواوە بەڵام بۆ غەیری ئایەتەکە".[٨٢]

---

[٨٢] تفسير القرطبي ٢٥١/٣.

هەندێجار هەڵەکەیان لە دەلیل و مەدلولیشدایە، وەکو ئەوەی دەیکەنە بەڵگە هەندێك لە سۆفییەکان دەربارەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ ﴿٤٢﴾﴾ [ص: ٤٢]، لەسەر دروستێتیی سەماکردن.

**دووەم:** هەر کەس تەفسیری قورئان بکات تەنها ئەوەی لا گونجاو بێت بگەڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی، ئەوەی عەرەب پێی دواون، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قورئانەکەی گەیاندووە، کە پێغەمبەرە ﷺ کە قورئانەکەی بۆ دابەزیوە و گفتوگۆی پێ کردووە، باردۆخی دابەزینەکە، وەکو هۆکاری دابەزین و ئایەتی چیرۆکەکان و نەریتی ئەو کەسانەی گفتوگۆکەیان ئاراستە کراوە ...هتد.

ئەوە لە پێشدا لە تێبینییەکان لەسەر تەفسیر بە زمانەوانی باسمان کرد، لەو مەنهەجەی ئەبی عوبەیدە. ئەم دوو جۆرە کە باسمان کرد لە تەفسیرکردندا ڕوو بدەن ئەوە لۆمە دەکرێت و وەرناگیرێت، چونکە بە شێوازێکی نەگونجاو تەفسیری قورئانی کردووە و بەشێوازێك تەفسیری کردووە ئایەتەکە ئەو مەبەستە ناگەیەنێت.

بۆیە تەفسیری سەلەف بەم شێوازە نەبووە، ئەگەر لە موجاهیدەوە تەفسیرێکی لۆمەکراو هاتبێت، وەکو ئەو تەفسیری بۆ ئەم ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدۡ عَلِمۡتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعۡتَدَوۡاْ مِنكُمۡ فِي ٱلسَّبۡتِ فَقُلۡنَا لَهُمۡ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾﴾ [البقرة: ٦٥]، شێوازیان نەگۆڕا بوو، وەکو نموونە باس کراون، وەکو ئەو نموونەی (الحمار يحمل أسفارا)[٨٣]، ئەمە تەفسیرێکی لۆمەکراوە کە لێوەی هاتووە، بەڵام ئەم وتەیەی لە پێشەوایەتی لە تەفسیرکردندا دەری نەکردووە، بگرە کەسێکی وەکو سوفیانی سەوری دەڵێت: (ئەگەر تەفسیرێك لە موجاهیدەوە بۆت هات؛ بەستە).

(٨٣) تفسير القرطبي ٣٣٢/١، ئیمامی طەبەری ڕەدی داوەتەوە، نموونەی تریش لەسەر لۆمەکراو هاتووە لە تەفسیری الطبري ٢٨٢/٣٠.

بۆ ئەوەی حوکم بدرێت بەسەر کتێبێکی تەفسیردا، ئەبێت تێڕوانین بۆ مەنهەجی پشتبەستنی بەڵگەکانی بکرێت.

بۆ نموونە موعتەزیلە کتێبەکەیان لەم جۆرە ڕەئیـیە لۆمەکراوەیە، سەیری مەنهەجیان بکرێت لە بەڵگەهێنانەوەدا تەحریفییان کردووە، واتای هەندێ ئایەتیان لاداوە، بۆ ئەوەی یەك بگرێتەوە لە گەڵ بیروباوەڕەکەیان.

لەگەڵ ئەوەی حوکم ئەدرێت بەسەر تەفسیرەکانیان کە لۆمە کراوە، وەکو تەفسیری زەمەخشەری، ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت هەموو تەفسیرەکەی لۆمە کراوە، بەڵام تێیشی دایە لەگەڵ حەق یەك دەگرێتەوە.

❊❊❊

# تەفسیر بە مەئسوور

لە هەندێ کتێبی زانستەکانی قورئاندا هاتووە کە تەفسیری بە مەئسوور تەفسیری قورئانە بە قورئان، پاشان بەسوننەت، پاشان بە وتەی هاوەڵان، پاشان وتەی تابعین، لەگەڵ باسی ڕاجیایی لە گەڵ بەشداربوونی تابعین لە تەفسیری مەئسوور، ئەم دابەشکارییە بۆ تەفسیری بە مەئسوور تێڕوانینی لەسەرە، پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

ئەو ئاڵۆزییانەی هاتووە لەسەر ئەو زاراوە، کەسانێك وتەی زانایانیان گواستۆتەوە کە وتەی تابعین نابێتە بەڵگە، پاشان لە کۆتایی لێکۆڵینەوەی تەفسیری بە مەئسوور: ئەوترێت پێویستە وەربگیرێت.

مەبەستەکە لەوێدا ئەوەیە لەفزی مەئسوور وەسفێکی وردی پێ نەدراوە، ئەگەر بپرسرێت: بۆ ناونراوە تەفسیری بە مەئسوور؟ ئایا تەنها زاراوەیەکە و واتایەکی نییە؟ یان مەبەست لێی ئەوەی لە پێغەمبەر ﷺ هاتووە و بە تابعین کۆتایی پێ هاتووە؟

بەڵام پرسیاری یەکەم، وا دەردەکەوێت شتی وەها نەهاتووە، چونکە ئەبێت ئەو زاراوەیە واتایەك بگەیەنێت.

دووەمیش دوو ڕەخنەی لەسەرە:

یەکەم: هیچێك لە بارەی تەفسیری قورئان بە قورئانەوە نەهاتووە، بەڵام ئەمە ئەچێتە بازنەی تەفسیری ئەو کەسەی تەفسیری پێ دەکات، وەکو موفەسیرەکە پێغەمبەری خوایە ﷺ، ئەوا ئەبێتە "**تەفسیری نەبەوی**".

- ئەگەر موفەسیرەکە هاوەڵ بوو، ئەوا ئەبێتە "**تەفسیری هاوەڵ**".
- ئەگەر موفەسیرەکە تابعی بوو، ئەبێتە "**تەفسیری تابعی**".

پاشان تێبینی ئەوە بکرێت تەفسیری هاوەڵ یان تابعی بۆ قورئان بە قورئان ئەوە تەفسیری بە ڕەئییە، چونکە ڕێگەی گەیشتنیان بۆ تەفسیرکردنی ئایەتێك

بە ئـایەتێکی تـر بە ڕەئـی و ئیجتیهـاد بـووە، مەرج نیـیە هەرکەس تەفسـیری ئایەتی بە ئایەت کرد ئیتر وەربگیرێت، پێ ئەچێت ڕەتکراو بێـت، حـوکمەکەی لەسەر بنچینەی حوکمی هاوەڵ و تابعی دەبێت.

ئەگەر پێویسـت بـوایە هەرکەس تەفسـیری ئـایەتی بە ئـایەت بکـردایە و وەربگیرایە و هیچ شتێك ڕەت نەکـرایەتەوە، ئەوە وتەی موجاهیـدە تەفسـیری ئەم وتەی خـــوای گەورەی کـــردووە: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ۝٢٠ ﴾ [عـبس: ٢٠]، بەم وتەیەی خـــوای گەورە: ﴿ إِنَّا هَدَيۡنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ ۝٣ ﴾ [الإنسـان: ٣]، لەگەڵ ئەمەیـــش تەبەری تەفسـیرەکەی ڕەتکـردۆتەوە و گەڕاوەتەوە بـۆ وتەیەکـی تـر بەوەی (دەرچوونی لە سکی دایکیدا)[٨٤]. ئەگەر وا بوایە تەفسیری (ئـایەت بە ئـایەتی تابعی) ئەبوایە پەیوەست بـێ پێـوەی و ئەبـوایە تەبەری لێیـی لا نەدات، ئەمە لەکەمترین بیرکردنەوە لێی شتێکی ڕوونە.

دووەم: گواسـتنەوەی تەفسـیر نەوەسـتاوە لە چینـی تابعینـدا لە دوای ئەوانەوە ئیـتر وتەی تـر نەهاتبێـت، لە گەڵ ئەوەیـش کەسـانی تـر هـاتوون پێشەوای تەفسیر بوون تییاندا، وتەکانیان کـۆکراوەتەوە و پـارێزراوە، ڕێچـکەی ئەوانیش هەر ئەسەر بووە، بەڵام ئایا وەکو تابعینن؟

ئەوەی دەردەکەوێـت بـۆم و پـێم وایە ئەوەی پێـی دەوترێـت تەفسـیر بە مەئسوور و پێویستە وەربگیرێت، سێ جۆرە:

١. ئەوەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەت کراوە لە تەفسیری قورئاندا.

٢. ئەوەی لە هاوەڵەوە ڕیوایەت کـراوە و حـوکمی مەرفـوعی هەیە؛ وەکـو هۆکاری دابەزین و شتە غەیبیاتەکان.

٣. ئەوەی کە هاوەڵان یـان تـابعین کـۆڕان لەسـەری، ئەمەیـش پەیوەسـت ئەبێتە مەئسوورەوە، واجبە وەربگیرێت، چونکە کۆڕا بوون ئەبێتە بەڵگە.

---

[٨٤] تفسير الطبري ٥٥/٣٠

بەڵام تەفسیری هاوەڵ ئەگەر کۆڕا بوون لەسەری، یان هۆکاری دابەزین، یان هەواڵدان لە شتە غەیبیاتەکان، ئەوە حوکمی مەرفووعی هەیە، وەکو ئەوەی هاتووە.

جگە لەمە ئەچێتە بەشی ئیجتیهاد و ڕەئییەوە، ئیتر چوونیەکە ئەگەر پشتی بە زمانەوانی یان جگە لە کەرەستەکانی ئیجتیهاد لە تەفسیرکردندا بەستبێت.
تەفسیری تابعین پەیوەست ئەبێتە تەفسیری بە مەئسوور ئەگەر کۆڕا بوون لەسەری، جگە لەوە ئەبێتە تەفسیری بەڕەئی. لە پێشدا بەدرێژی باسمان کردووە لە تەفسیری هاوەڵ وتابعیدا، ئەتوانی بۆی بگەڕێیتەوە.

❊❊❊

## ڕاجودایی سەلەف لە تەفسیردا

ڕاجودایی شتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا، هەموو کەسێك لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ بابەتەکان دەڕوانێت و حوکمی لەسەر ئەدات، بەپێی تێگەیشتن و ئیجتیهاداتی خۆی، ئەکرێت ئەو ڕاجوداییە کە هەیە لە تەفسیردا بکرێت بە دوو بەشەوە:

١.ڕاجودایی جۆرێتی (التنوع).

٢.ڕاجودایی دژبوون (التضاد).

ئەم دوو جۆرە ڕوویداوە لە تەفسیری سەلەفدا، بەڵام جۆری دووەم کەمتر. شێخولئیسلام ئاماژەی کردووە بە ڕاجودایی دژبوون لە دوای گێڕانەوەی ڕاجودایی جۆرێتی: "لەگەڵ ئەویشدا ئەبێت ڕاجودایی هەبێت، هەروەکو چۆن بوونی هەیە لە نموونەی ئەحکامەکاندا"[٨٥].

ئاماژەی بە ڕاجودایی جۆرێتی کردووە لە سەلەفدا: ئیسحاق، سوفیانی کوڕی عوەیینە و حەسەن، کە پێشەوا محەمەدی کوڕی نەسری مورزی کە لەساڵی(٢٩٤) کۆچی دوایی کردووە لێیانەوە ڕیوایەت کردووە.

پێشەوا محەمەدی کوڕی نەسر دەڵێت: بیستم لە ئیسحاقەوە دەیووت: ﴿وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ٥٩﴾ [النساء: ٥٩]، ئەکرێت تەفسیری ئەو ئایەتە زانایان و پێشەوای لەشکر بێت، چونکە یەك ئایەتە و زانایان هەر یەکە و بە شێوازێك تەفسیریان بۆ کردووە، ئەمە نابێتە ڕاجودایی. هەروەها سوفیانی کوڕی عوەیینە دەڵێت: نابێتە ڕاجودایی لە تەفسیری قورئاندا، ئەگەر وتەکە تەواو بوو.[٨٦] دەڵێت: ئەکرێت شتێك دەربیخات که ڕاجودایی هەبێت لەڕواڵەتدا لە (الخنس)؟ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەڵێت: مانگای دەشتییە (وەحشی).

---

[٨٥] مقدمة أصول التفسير٥٤.

[٨٦] فتح القدير ١٢/١، فقد ذكره أن القول أخرجه سعيد بن منصور في سننه، و بيهقي في كتاب الرؤية و ابن المنذر في تفسيره.

عەلی دەڵێت: ئەستێرەیە. سوفیان دەڵێت: هەردووکی هەر یەکێکە، چونکە ئەستێرە بە ڕۆژ دیار نامێنێت، بە شەودا دەردەکەوێت، دەشتەکیش -وەحشی- ئەگەر مرۆڤ ببینێت خۆی دەشارێتەوە لە دۆڵێك لە شتێکدا، ئەگەر مرۆڤیش نەبینێت دەردەکەوێت. سوفیان دەڵێت: هەموویان بە واتای (الخنس)ە. ئیسحاق دەڵێت: ئەوە بەڕاست زانراوە کە لە هاوەڵانەوە هاتووە لە تەفسیری (الماعون) واتایان کردووە، هەندێکیان وتوویانە: (الزکاة)، هەندێ تر بە (العارية المتاع) تەفسیریان کردووە، یانی ئەو شتەی وەریگریت و سودی لێ ببینی و بۆ خاوەنەکەی بیگەڕێنیتەوە. عیکرمە و تووێەتی: (الماعون) پلەبەرزەکەی (الزکاة)ە و (العارية المتاع) بەشێکە لێی.

ئیسحاق دەڵێت: کەسانێك بەو واتایانە نەزان بوون، ئەگەر وشەیەك هاوشێوەی وشەیەکی تر نەبوایە دەیانوت: ئەوە ڕاجوداییە. حەسەن دەڵێت: هەرکەس پێی وابێت ئەوە ڕاجوداییە: ئەوانە کەسانێك ئەیهێنن کە عەجەمن (لە عەرەب نین).[٨٧]

شێخولئیسلام کە لەساڵی (٧٢٨ك) کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبی (المقدمة في أصول التفسير) بەدرێژی باسی کردووە.[٨٨] هەروەها شاتبی کە لە ساڵی(٧٩٠ك) کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبی (الموافقات) لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەسەر ڕاجودایی جۆرێتی باس کردووە، لەو بەشەی گێڕاوە کە حیسابی ڕاجودایی بۆ نەکردووە.[٨٩] شاتبی دەڵێت: ئەو ڕاجوداییەی کە لا ناکرێت بەلایەوە و بەگرنگ دانانرێت، دوانن:

١. ئەو وتانەی کە هەڵەن و پێچەوانەی شتێکی یەکلایی بڕابێتەوە لە شەریعەتدا، لەپێشدا ئاگادارکردنەوەی لەسەر دراوە.
٢. لەڕواڵەتدا ڕاجودایی هەبێت بەڵام لە ڕاستیدا بەوشێوەیە نەبێت، ئەمە

---

[٨٧] السنه ص٧ـ٨.
[٨٨] ص٣٨ـ ٥٥، وعليه اعتمدت في البحث، اقتضاء الصراط المستقيم ١/١٨٢ـ١٣٠.
[٨٩] الموافقات ٤/١٤٠ـ١٤٤.

زۆرجار لە تەفسیری قورئان و سوننەت ڕوو ئەدات، لە موفەسیرین دەبینرێت لە سەلەفەوە گواستراوەتەوە لە واتای لەفزەکانی قورئان وتە گەلێکی جودا لە ڕووالەتدا، بەڵام ئەگەر لێی وردبیتەوە ئەبینی و ئەگەی بەوەی لەسەر دەستەواژەیەك وەکو یەك واتا، ئەو وتانە ئەگەر بکرێت کۆ بکرێنەوە وتەکان بە کۆکردنەوەیان بەبێ تێکدانی مەبەستی بێژەرەکەیان، ڕاست نییە بگواسترێتەوە و پێی بوترێت ڕاجودایی...[٩٠].

شێخ محەمەد ساڵح عوسەیمین ڕاجودایی دابەش کردووە بۆ دژ و جۆرێتی (التضاد والتنوع)، تێیدا پشتی بە لەفز و واتا بەستووە، ئەویش سێ جۆرە:

یەکەم: ڕاجودایی لە لەفزەکەیدایە و لە واتاکەی نییە.

دووەم: ڕاجودایی لە لەفز و واتاکەیدا هەیە، ئایەتەکە دوو واتا هەڵدەگرێت چونکە دژی یەکتر نین، واتای ئایەتێکیان ئەدرێت بەسەر ئەویتر و تەفسیری پێ دەکرێت.

سێیەم: ڕاجودایی لە لەفزەکە و واتاکەیشدا هەیە، واتای هیچ ئایەتێکیان نادرێت بەسەر ئەوی تریان بە هۆی بوونی دژ لە نێوانیان، ئەو ئایەتەی کە راجحترە (پەسەندترە) وەردەگیرێت بەهۆی بەڵگەی سیاقی ئایەتێکی ترەوە.[٩١]

## پێناسەی ڕاجودایی جۆرێتی و ڕاجودایی دژ:

ڕاجودایی جۆرێتی: ئەو ئایەتەیە کە هەموو ئەوانەی واتایان بۆ کردووە دروستە، ئەگەر دژیەك نەبوون، هەریەك لە دوو وتەیەك لەوانەی وتویانە واتای ئەویتریان ئەدات، بەڵام ئاماژە و دەربڕینیان جیاوازە.

ئەکرێت دوو واتای جیاوازیان هەبێت بەڵام نەفی یەکتر نەکەن، ئەم وتەیە دروست بێت و ئەوی تریشیان دروست بێت، ئەگەر ئەم واتایەیان نەبێت ئەویتریانە.[٩٢]

---

[٩٠] الموافقات ٤/١٤٠

[٩١] أصول التفسير٣٠/٣١

[٩٢] اقتضاء الصراط المستقيم ١/١٢٩

**ڕاجــودایی دژ:** ئەو دوو وتەیەیە کە نەفیــی یەکــتر دەکەن کە ناکرێــت هەردووکیـان پـێکەوە بـن، ئەگەر یەکێکیـان وەربگیرێـت ئەبێـت ئەویتریـان ڕەتبکرێتەوە.[٩٣]

## جۆرەکانی ڕاجودایی جۆرێتی:

شێخولئیسلام ڕاجودایی جۆرێتی دابەش کردووە بۆ چوار جۆر:

١. هەریەکێـك لە موفەسـیرەکان بە شـێوازێك دەربڕینیـان بـۆ واتـاکەی کردووە، دەربڕینی ئەمیان لەویتر ناچێت. ئاماژە بۆ واتـای نـاوەکە دەکـات، کە لەواتای ئەوی تر ناچێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ناوەکە هەر یەك ناوە، واتاکردنیـان بۆ ناوەکە جیاوازە.

٢. هەر یەك لە موفەسیرەکان باسی نـاوە گشـتییەکە (الاسـم العام)ەکەیـان کردووە هەندێك لە جۆرێتیەکەی بە شێوازی نموونەوە.[٩٤]

٣. ئەکرێت لەفزەکە دوو شت هەڵبگرێت، یـان بەهـۆی ئەوەی هاوبەشـن لە زمانەوانی، یان ئەوەیە لەسەر یەك واتا ڕێکەوتوون.

٤. ئاماژە بە واتاکەی کراوە بە لەفزانێکی نزیك لە یەکترەوە.

شاتبی ئاماژەی بە سێ لەمانە کردووە، نموونەی بۆ هێناوەتەوە.

ڕوونکردنەوەیان بە نموونەوە:

## جۆری یەکەم:

شێخولئیسلام دەڵێت: هەر یەکێك لە موفەسیرەکان بە شێوازێك دەربڕینیان بۆ واتاکەی کردووە، دەربڕینی ئەمیان لەویتر ناچێت. ئاماژە بـۆ واتـای نـاوەکە دەکات، کە لەواتای ئەوی تر ناچێت، لەگەڵ ئەوەیشدا نـاوەکە هەر یەك نـاوە واتاکردنیان بۆ ناوەکە جیاوازە.

---

[٩٣] اقتضاء الصراط المستقيم ١/١٣٠.

[٩٤] مقدمه جامع التفاسير للراغب الاصفهاني ٦١.

شاتبی دەڵێت: باس لە شتانێك كراوە و گواستراوەتەوە ڕێكدەكەون یەكدەگرنەوە لە واتادا، چونكە دەگەڕێنەوە بۆ یەك واتا، تەفسیركردن تێیدا لەسەر یەك وتە دەبێت، بەهۆی ئەوەی جودایی هەبووە لە لەفزەكەدا وایانزانیووە كە ڕاجودایيەكی بنچینەی و ڕاستییە. -ئەم جۆرە بە ڕاجیایی دانەنراوە-. ئەمەیش بەهۆی ئەوە دێت زیاتر لە وەسفێك هەڵدەگرێت، ئەمە لە زمانەوانیدا هاتووە، وەكو (سیف) پێی دەوترێت (المهند) و (الصارم). بۆیە پێی وتراوە (المهند)، وەسف كراوە بەوەی كە هندییە، بۆیە پێی وتراوە (الصارم)، بەهۆی نەبوونی نەرمی تێیدا و بەهێزییەكەیەوە، هەرچەندە دەربڕینەكان جیاوازن بەڵام ئاماژەن بۆ یەك شت.

هەروەها شێخولئیسلام نموونەی بۆ هێناوەتەوە دەربارەی ڕاجودایی دەربڕینی موفەسیرەكان، وەكو لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾ [الفاتحة: ٦]، هەندێك وتویانە (قورئانە) واتا شوێنكەوتوانی، هەندێكی تر وتوویانە: ئیسلامە.

شێخولئیسلام دەڵێت: ئەم دوو وتەیە ڕێك كەوتوون لە ڕووی واتاوە، چونكە دینی ئیسلام شوێنكەوتەی قورئانەكەیە، بەڵام هەر یەك لەمانە بەشێوازێك وەسفیان كردووە ئەم لە ئەویتریان ناچێت و جیاوازە، وەكو ئەوەی لەفزی (الصراط) وەسفی سێیەمی بكرێت. وەكو ئەوەی وتراوە، دەڵێت: السنة والجماعة، هەروەها دەوترێت: ڕێگایی پەرستش (طریق العبودیة)یە و، دەوترێت: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرە ﷺ (طاعة الله ورسوله)، هەروەها نموونەی ئەمانە. ئەوانە هەموویان ئاماژەیان بۆ یەك شت كردووە، بەڵام هەریەك لەوانە بە وەسفێك وەسفیان كردووە.

شاتبی تەفسیری بۆ (السلوى) کردووە، دەڵێت: ئەوە باڵندەیە کە هاوشێوەی (السماني)یە[٩٥]، وتویانە باڵندەیەکی سوورە سیفەتی بەو شێوەیە، ئەوتریێت باڵندەیەکە لە هێندە و گەورەترە لە چۆلەکە.

دەڵێم: لەم بەشەدا فراوانی هەبووە لەسەلەفدا لە تەفسیرکردنی شتێکدا باس لە سیفەتێك یان شێوازێك کراوە لە ئایەتەکەدا، فراوان بوون لە باسکردنی وەسفەکانی تریش کە باسکرابێت لە ئایەتێکی تر، ئەگەر بەشێوازێکی ڕاستەوخۆش ئاماژەی پێ نەکردبێت.

بۆ نموونەی ئەوە لە تەفسیری ئەم وتەی خوای گەورە: ﴿ يَوۡمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ مَوۡرٗا ٩ ﴾ [الطور: ٩]، (المور) ئاماژەیە لەسەر (تردد)[٩٦] بە واتای چوون و هاتنی خێرا لەسەر شێوازێکی نارێك.[٩٧] لە تەفسیری سەلەفدا هاتووە: (تدور السماء دورا، مورها: تحريكها) -ئەجولێنرێن-. هەروەها (مورها: استدارتها وتحريكها لأمر الله) سووڕانەوەی و جوڵانەوەی بە فەرمانی خوا، یان (مورها: موج بعضها في بعض)، شەپۆلی هەندێکی بەسەر ئەوی تری دا، یان (مورها: تشققها) شەق شەقبوونی.[٩٨]

ئیبن عەتیە دەڵێت: (هەموو ئەمانە تەفسیری بە واتان، چونکە بەرزیی ئاسمان ئاماژە بە هەمووی دەکات).[٩٩] ئەبێت لێرەدا ئاگاداری ئەوە بیت لەم وتانەدا لەفزێك نییە ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ بکات، بەڵام کەسی موفەسیر ئاماژە بە شتێك دەکات کە واتای ئاسمان دەگەیەنێت، ئەگەر چی لەفزەکە ئاماژە بەوە نەکات، وەکو ئەوەی (المور) تەفسیر کراوە بە (التشقق). هەروەها لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَأۡسٗا دِهَاقٗا ٣٤ ﴾ [النبأ: ٣٤]، بە سێ شێواز

[٩٥] "کە بە کوردیی خۆمان پێی دوترێت (کوڵەفڕە)". وەرگێڕ
[٩٦] معجم مقاييس اللغة ٥/٢٨٤.
[٩٧] هزه المعاني في القاموس المحط مادة (مور).
[٩٨] تفسير الطبري ٢٧/٢١.
[٩٩] تفسير ابن عطية ١٥/٥٣.

ئاماژەی پێکراوە:

١.پڕکراو (ممتلئة).

٢.یەك لەدوایی یەك (متتابعة).

٣.پاك (صافية).[١٠٠]

ئامـاژەی یەکەم ئەوەیە کە ڕاسـتەوخۆ لەفـزەکە دەگەیەنێـت، وەسـفەکانی دوای ئەوە ڕاستەوخۆ ئەو لەفزە ناگەیەنن.

## جۆری دووەم:

شێخولئیسـلام دەڵێـت: هەر یەك لە موفەسـیرەکان باسـی نـاوە گشـتییەکە (الاسم العام)ەکەیان کردووە هەندێك لە جۆرێتییەکەی بە نموونەوە.

شـاتبی دەڵێـت: کاتێـك باسـی تەفسـیرێك دەکرێـت لە پێغەمـبەرەوە ﷺ دەربارەی ئەو شتە، یـان لە هـاوەڵانەوە یـان جـگە لەوان، ئەکرێـت ئەو وتەیە هەنـدێك لە لەفـزەکە بگـرێتەوە، پاشـان کەسـێکی تـر باسـی بکـات وتەکەی بەشێکی تری لەفزەکە بگرێتەوە، موفەسیرەکان قسەیان لەسەر وتەکانی ئەوان کردبێت، وا گومانیان بردبێت کە ئەوە ڕاجوداییە. نمـوونەی ئەوە، خـوای گەورە دەفەرمویـت: ﴿لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨﴾ [التكاثر: ٨] ، وتـراوە: (النعـيم) ئەمـن، ئاسـایش، تەندروسـتی، خـواردن و خـواردنەوە (الأمـن والصحـة والأكـل والشـرب). وتـراوە: سـوککردنی شـەریعەتەکەیە (تخفيـف الشرائع). وتـراوە: پەیـبردنە بە هەسـتەوەری گـوێ و چـاو (الادراك بحـواس السـمع والبصر)، ئەمانەی کە باسکران هەمووی نموونە بوون بۆ (النعيم).

شـاتبی نمـوونەی بـۆ هێنـاوەتەوە بە وشـەی (المـن)، دەڵێـت: (ئەوەی کە هـاتووە لە واتـای (المـن)دا نـانی تەنـك. وتراویشـە (زنجبیـل) و، وتـراوە

---

[١٠٠] تفسير الطبري ٣٠/١٨-٢٠.

(الترنجبين)[١٠١]، هەروەها وتراوە خواردنەوەیەك تێكەڵ بە ئاو كراوە، لەفزەكە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە، چونكە خوا نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون، بۆیە لە فەرموودەدا هاتووە: (الكمأة من المنِّ الذي أنزل الله على بني إسرائيل)، دۆمەڵان یەكێك لەو نیعمەتانەی خوای گەورە بوو ڕشتبووی بەسەر بەنی ئیسرائیلدا، (المن) كۆمەڵە نیعمەتێكە خەڵكی باس لە تاك تاكی دەكات.

ئەم جۆرە ئەچێتە ئەو بازنەیەوە كە موفەسیرین باسیان كردووە لە هۆكارەكانی دابەزین، ئەمە وەكو نموونەن، ئەگەر وترا ئەم ئایەتە دابەزیوە دەربارەی ئەوە، ئەگەر وترایش جگە لە هۆكارەكانی دابەزین، ئەمانە وەكو نموونەن دەچنە حوكمی ئایەتەكەوە. ئەم دوو جۆرەی پێشوو بەزۆری هاتووە لە تەفسیری سەلەفدا.[١٠٢]

## جۆری سێیەم:

ئەكرێت لەفزەكە دوو شت هەڵبگرێت، یان بەهۆی ئەوەی هاوبەشن.[١٠٣] لە زمانەوانی، یان ئەوەیە (مطواطئ)ە.[١٠٤] لەسەر یەك واتا ڕێككەوتوون.

نموونەی ئەوەی هاوبەشی زمانەوانین لە قورئاندا: وەكو لەفزی (قسوة)

---

[١٠١] "جۆرە ڕوەكێكی دڕكاوییە بۆ چارەسەر بەكاردێت، لە هەندێ ناوچە (عاگوڵی)ی پێ دەترێت". وەرگێڕ.

[١٠٢] مقدمة في أصول التفسير، ص:٤٩

[١٠٣] لە لەفزەكەدا یەكن و لە واتادا جودان. وەكوو عين: بە واتای چاو ، چاوگی كانیاو و ،جاسووس هاتووە، هاوبەشی زمانەوانییش دەگرێتەوە: وەكوو (أحرف التضاد)، ئەمە عەرەب بە كاری هێناوە بۆ واتایەك و بۆ دژەكەشی، وەكو (الزن) بە واتای گومان و یەقینیش دێت.

[١٠٤] مطواطئ: پاڵدانی بوونی واتایەكی گشتییە لە ناو تاكەكانی، بوونی واتاكەی ڕێكەوتوون و جودا نین، وەكوو ئینسان بۆ (زەید و عەمرو)، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، ئەوەی لە ژێری كۆبۆتەوە ژمارەیەكن بە یەك واتای هاوبەش، ئەگەر هاوبەشیش نەبن، لە نێوان گوماندان، وەكو ڕێژە سپێتی هێلكە و ماست، هەردووكیان یەكسانن لە سپێتیدا، بەڵام ئەكرێت یەكێكیان سپیتر بێت لەوی تریان.

جیاوازی لە نێوان (مشترك و مطواطئ):

(مشترك) ئەبێت لە وتەی عەرەب هاتبێت، بەڵام (مطواطئ) پێویست ناكات.

(مطواطئ) پێویستە لە ناو تاكەكانیدا ڕێژەكەیان یەكسان بێت، بەڵام لە مشتەرەكدا پێویست ناكات.

وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ ۝٥١ ﴾ [المدثر: ٥١]، ئەوترێت: (الرامي) واتا: (هاوێژەر)، ئەوترێت: (الأسد) واتا: (شێر)، ئەوترێت: (النبل) واتا: (تیر).

شێوازێکی تر هاتووە لە قورئاندا وەکو لەفزی (عسعس). لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ۝١٧﴾ [التكوير: ١٧]، وتراوە (عَسْعَسَ) بە واتای: (أدبر) پشتتێکردن، وتراویشە: (أقبل) ڕووتێکردن.

**نموونەی (المتواطيء) ئەوەیە لەسەر یەك واتا ڕێککەوتوون:** ئەو ڕاناوەیە ئەکرێت بۆ دوو شت بگەڕێتەوە، هەروەها ناوی جنسەکان (ڕەگەزەکان)، وەکو (الفجر، العصر...) ئەو وەسفانەی کە زیاتر لە شتێك تێیدا بەشدارن، وەکو (الخُنس، النازيعات).

**نموونەی ڕاناویش:** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَٰقِيهِ ۝٦﴾ [الانشقاق: ٦]، ڕاناوەکە لەم وشەیەدا: {فَمُلاَقِيهِ}، ئەکرێت بۆ (الكدح) بگەڕێتەوە، ئەکرێت بۆ (الرب) بگەڕێتەوە.

**نموونەی ناوی جنسەکان (ڕەگەزەکان):** ڕاجوداییی هەیە لە تەفسیری (الفجر)، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْفَجْرِ ۝١ ﴾ [الفجر: ١]، دەوترێت: گشتییە بۆ هەموو فەجرێك، ئەوترێت: یەکەم فەجری لە (ذي الحجة)، دەشوترێت: یەکەم فەجری، لە ڕۆژی ساڵەکە.

**نموونەی وەسفەکان، لەفزی (الخُنس):** ئەوترێت ئەوە مانگای دەشتەکییە و ئاسکە، ئەوترێت: هەسارە و ئەستێرەکانە. لەم جۆرانە، ئەکرێت ئەم وتانە بچنە بازنەی واتای ئایەتەکەوە، هەموو وتەکان هەڵگرێت.[١٠٥] هەروەها ئەکرێت لە هەموویاندا یەکێکیان پەسەند بێت، ئەوەیان وەربگیرێت و ئەوانی تر ڕەت بکرێنەوە.

---

[١٠٥] مقدمة أصول التفسير ٥٠، مقدمة جامع التفاسير٩٨.

## جۆری چوارەم:

ئاماژەی بە واتاکەی کراوە بە لەفزانێکی نزیك لە یەکترەوە.

وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَن تُبۡسَلَ ٧٠﴾ [الأنعام: ٧٠]، وتراوە (تحبس) زیندانی، (ترتهن) بارمتە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ٣٨﴾ [ق: ٣٨]، ئیبنو عەبباس و موجاهید دەڵێن: (نصب) هیلاکی. ئیبن زەید دەڵێت:(عناء) ناڕەحەتی. سوفیان دەڵێت: (سآمة) بێزاری.

❊ ❊ ❊

# هۆکارەکانی ڕاجودایی لە تەفسیری سەلەفدا

بوونی ڕاجودایی لە خوی مرۆڤدایە و بەشێوازێك لێی نابێتەوە، ئەوەیش ویستی خوای گەورەیە. لەزمانیاندا جودایی هەیە، لە ڕەنگیان، لەبیروباوەڕیان، لە بیرکردنەوەیان...هتد. ویست و بوونی ڕاجودایی لە نێوان زانایانی ئوممەتدا لۆمە نییە لەسەریان، هیچ کۆمەڵەیەك سەلامەت نەبووە لەمە.

ڕاجودایی لە تەفسیردا هەیە هەروەك چۆن لە حوکمەکاندا هەیە، ئەوەی بۆتە سەبەب و هۆکار بۆ واجببوونی ڕاجوداییەکە لە دەقدا، ئەوەی زانراوە لای موجتەهیدین، دوو شتە:

یەکەم: ڕاجودایی موجتەهیدین لەناو زانایان لە تێگەیشتنیان.

دووەم: یان ئەوەیە دەقەکە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت.

بۆیە ڕاجوداییەکە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ موجتەهید و هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکە.

نووسین لە بارەی هۆکارەکانی ڕاجودایی لە تەفسیردا کەمن، هەندێك هۆکار ڕیوایەت کراوە، ئیبن جوزەی لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا، ڕسالەیەك نوسراوە دەربارەی هۆکارەکانی ڕاجودایی بە ناونیشانی (اختلاف المفسرين: أسبابه وآثاره).[١٠٦]

ئەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت لەم بابەتەدا لەوەی کە نووسرابێت دەربارەی هۆکارەکانی ڕاجودایی زانایان بەشێوەیەکی گشتی، گرنگترینیان ریسالەی ئیبن سەیدی لبەتەلیوسیە بەناوی (الإنصاف في التنبيه على المعاني والأسباب التي أوجبت الاختلاف بين المسلمين في آرائهم). هۆکاری گرنگییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، باسی هەندێ هۆکاری ئایەتەکان ڕاجودایی زانایانی تێدا کردووە و هۆکاری ڕاجودایەکانی ڕوون کردۆتەوە.

---

[١٠٦] رسالة علمية لنيل درجة الدكتوراه، قدمها الشيخ سعود بن عبدالله الفنيسان.

## هۆکاری ڕاجودایی لە نێوان موفەسیرەکانی سەلەفدا:

### ١. (الأشتراك) هاوبەشی:

ئەو لەفزەیە کە لە دوو واتا زیاتر بگرێتەوە لە زمانی عەرەبدا.

(اشتراك) ئەکرێت لە واتای دژ بەیەك (أحرف التضاد) بێت، ئەکرێت بەم شێوەیش نەبێت. ئەگەر لە واتای دژ بەیەك بوو، ئەکرێت ئایەتەکە هەردوو واتاکەی بەسەردا بدرێت، ئەبنە دوو لێکدانەوە و تەفسیر بۆ ئایەتەکە، ئەکرێت ئەمە ببێتە شوێنی ڕاجودابییەکە.

جاری وا هەیە هەردوو واتاکە هەڵناگرێت، ئەبێت وتەیەکیان وەربگیرێت و ئەویتریان ڕەتبکرێتەوە.

بۆ نموونە:

أ- هاوبەشی دژ بەیەك (المشترك المتضاد): کە دروستە و هەردوو واتای ئایەتە دژ بەیەکەکە هەڵدەگرێت، ئەبنە دوو لێکدانەوە بۆ ئایەتەکە، وەکو لەفزی (عسعس) لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا عَسۡعَسَ ١٧﴾ [التكوير: ١٧]، لەفزی (عسعس) تەفسیر کراوە بە (أقبل) ڕووتێکردن و تەفسیریش کراوە (أدبر) پشت تێکردن، ئیبنو عەبباس، قەتادە و ئیبن جوبەیر بەوەی یەکەم تەفسیریان کردووە. ئیبنو عەبباس و ئیبن زەیدیش بەوەی دووەم.[١٠٧]

نموونەی ئەمە دروستە ئایەتەکە هەردوو واتا دژبەیەکەکە هەڵدەگرێت، ئەکرێت لەفزی (عسعس) ئاماژە بێت بە سەرەتای شەو و کۆتاییەکەی، ئاماژەی پێ کرابێت بەیەك لەفزی تەنها، ئەگەر بە دوو لەفزی بهاتبا بەم شێوە دەبوو (والليل إذا أقبل وأدبر).

ب- (المشترك المتضاد): کە ناکرێت ئایەتەکە هەردوو واتاکە هەڵبگرێت، بەڵکوو پێویستە یەك وتەیان وەربگیرێت و ئەوی تریان نەفی بکرێتەوە، وەکو

---

[١٠٧] أقوالهم فی تفسير الطبري ٣٠/٧٨.

لەفزی (قرء) لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖۚ ﴿٢٢٨﴾ [البقرة: ٢٢٨]، لە زمانی عەرەبدا هاتووە بەواتای (الطهر) پاکبوونەوە و بەواتای (الحیض) سوڕی مانگانە. بەواتای یەکەم زەیدی کوڕی سابت، ئیبن عومەر، عائیشە و زوهری ڕیوایەتیان کردووە.

بەواتای دووەم عومەر، ئیبنو مەسعوود، ئەبی موسا، عوبادەی کوڕی سامت، ئەبی دەرداء، عیکریمە، زوحاك، سوفیانی سەوری و سوددی،[١٠٨] ڕیوایەتیان کردووە.

لەم نموونەدا ناکرێت بە هەردوو واتاکە پێکەوە واتا بکرێن، بۆیە ئەگەر وتەیەکیان وەرگیرا پێویستە ئەویتر نەفی بکرێت، داواکراوە لە ئافرەتانی تەڵاقدار، یان سێ پاك بوونەوە، یان سێ سوڕی مانگانە چاوەڕێ بکەن.

جـ- (المشترك) بەڵام لەشێوازی (التضاد) دژ نییە ئەمانەیش زۆرن، وەکو لەفزی (العتیق): لەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلۡيَطَّوَّفُواْ بِٱلۡبَيۡتِ ٱلۡعَتِيقِ ﴿٢٩﴾ [الحج: ٢٩]، دوترێت:(العتیق) بەواتای:(القدیم) دێرین، ئەمەیش وتەی حەسەن و ئیبن زەیدە، دەشوترێت: (العتیق) بەواتای (المعتق من الجبابرة) ئازاد کراوە لەوەی هیچ زاڵمێك دەستی بەسەردا بگرێت، بەواتای (المحرر لا يملكه احد) ئازادە و موڵکی هیچ کەس نییە، موجاهید، قەتادە و ئیبن زوبەیر[١٠٩] وایان فەرمووە. دروستە لەفزەکە ئەم واتایانە هەڵبگرێت.

د- (الاشتراك) هاوبەشییەکە هەندێجار لە ناوەکەدایە: وەکو (قسورة) بە واتای (الاسد) شێر و (الرامي) هاوێژەر هاتووە.

هەروەها (الصریم): بە واتای شەو و ڕۆژیش هاتووە.

هەندێجار لە ئەفعالیشدا دێت وەکو (ظن) بە واتای: (شك و الیقین) هاتووە.

---

[١٠٨] أقوالهم في تفسير الطبري ٢/٤٣٩، وما بعدها.

[١٠٩] تفسير الطبري ١٧/١٥١.

## ٢. ڕاجودایی موفەسیر لە (الضمير) ڕاناودا:

یەکەم: ئەکرێت لە ئایەتەکەدا زەمیرێك بگەڕێتەوە بۆ باسکراوێك زیاتر. وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَىٰ رَبِّكَ كَدۡحٗا فَمُلَٰقِيهِ ٦ ﴾ [الانشقاق: ٦]، ئەوترێت: (تلاقي ربك) گەیشتن بە پەروەردگارت، ئەشوترێت: (تلاقي عملك) گەیشتن بەکردەوەکانت.[١١٠] هەردووکی دروستە و هەڵگری ئەو واتایەیە، چونکە مرۆڤ دەگاتەوە بە پەروەردگاریش و کردەوەکانیشی. نموونەیەکی تر خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٞ ٧﴾ [العاديات: ٧]، (ها)کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو وتەی (الكناية)،[١١١] کە بۆ ئەم دووانە دەگەڕێتەوە:

یەکەم: (أن مرجعها الى الله) بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، ئەمە وتەی ئیبنو عەبباس و ئیبن جورەیجە.

دووەم: (أن مرجعها إلى الإنسان الكنود) بۆ مرۆڤەکە خۆی دەگەڕێتەوە، ئەمە ئیبنو عەبباس ڕیوایەتی کردووە.[١١٢]

دووەم: ئەکرێت لە ئایەتەکەدا دوو ڕاناو (ضمير) هەبن و هەریەکەیان بۆ شتێك بگەڕێنەوە بۆ ئەویتر نەگەڕێتەوە، ئەو کات ئایەتەکە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت، هەر یەك لە موفەسیرەکان یەکێك لەم واتایانە باس دەکات، وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥۚ ١٠ ﴾ [فاطر: ١٠]، لە لەفزی (يَرْفَعُهُ) دوو ڕاناو هەیە:

- (الضمير الظاهر) ڕاناوی ئاشکرا: کە (ها)کەیە، لە مەحەلی نەسبەدا دەبێتە (مفعول به).

---

[١١٠] معاني القرآن للزجاج ٣٠٤/٥.

[١١١] "شاردنەوەی واتایە لەگەڵ باسکردنی بەڵگەو ئاماژە لەسەری". وەرگێڕ.

[١١٢] تفسير الماوردي ٥٠٢/٤، وزاده المسير ٢٧٩/٨.

- (الضمير المستتر) ڕاناوی نادیار: لە مەحەلی ڕەفعەدا ئەبێتە فاعل (بکەر).
هەر یەکێك لەمانە دەگەڕێنەوە بۆ شتێك، کە ناگەڕێنەوە بۆ ئەویتریان.
(الضمير الظاهر)کە دەگەڕێتەوە بۆ (الكلم الطيب)، واتاکەی دەبێتە: (العمل الصالح يرفع الكلم الطيب) کردەوەی چاك وتەی چاك بەرز دەکاتەوە.
(الضمير المستتر) ڕاناوە شاراوەکە بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە، واتاکەی دەبێتە: (والعمل الصالح يرفعه الله) کردەوەی چاکە خوای گەورە بۆ لای خۆی بەرزی دەکاتەوە؛ ئەمە وتەی قەتادە و سوددییە.
ئەکرێت هەروەها بگەڕێتەوە بۆ (الكلم الطيب)، واتاکەی دەبێتە: (والعمل الصالح يرفعه الكلم الطيب) کردەوەی چاك وتەی چاك بەرزی دەکاتەوە. ئەمە وتەی حەسەن و یەحیای کوڕی سەلامە.[(١١٣)]

## ٣. ئەکرێت لە ڕستەکەدا (حذف) لادراو هەبێت:

ئەکرێت لە کاتی لێکدانەوە هەڵسەنگاندن بۆ نادیارەکە لە واتایەك زیاتری هەبێت، دواتر هەریەك باسی یەکێك لەو واتایانەیان کردووە کە هەیەتی.
وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَتَرۡغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ ١٢٧ ﴾ [النساء: ١٢٧]، ئەوەی کە پەیوەست ئەبێت بە (ترغبون) دوو دەربڕینە:
یەکەم: (ترغبون في نكاحهن)، ئەمە وتەی عائیشە و عوبەیدەیە.
دووەم: (ترغبون عن نكاحهن)، ئەمە وتەی حەسەنە.[(١١٤)]
لەیەکەمدا: ئەیانەوێت هاوسەرگیری لە گەڵیاندا بکەن، لەدووەمدا: نایانەوێت هاوسەرگیری لە گەڵیاندا بکەن.
نموونەیەکی تر خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلۡمٖ ٢٣ ﴾ [الجاثية: ٢٣]، دەوترێت ئەوەی بۆ (علم) دەگەڕێتەوە دوو وتەیە:

(١١٣) تفسير الماوردي ٣/٣٧٠، الانصاف للبطليوسي ٥٨.
(١١٤) تفسير الماوردي ٤/٢٢.

یەکەم: (على علم من العبد بضلاله) بەندەیەك كە خاوەنی زانستیشە، بەڵام بۆتە هۆی گومڕایی.
دووەم: (على علم من الله بضلاله) خوای گەورە گومڕای كردووە چونكە زانیاریی هەیە و دەزانێت شایەنی گومڕاییە، ئەمە وتەی ئیبنو عەبباسە.[115]

## ٤. لەفزەکە زیاتر هەڵدەگرێت لە ڕووی گۆڕانی لەفزەکەی (تەصریف) لە زمانەوانیدا:

كە هەر موفەسیرێك ئایەتەكەی لەسەر شێوازێكی (تصریف) تەفسیریان كردووە. وەكو، لەفزی ﴿يُضَآرَّ﴾ لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ۚ ٢٨٢﴾ [البقرة: ٢٨٢]، لە تەسریفدا ئەم لەفزەش (يُضارَر) هەڵدەگرێت، ئەشكرێت ئەمەیش (يضارِر) هەڵبگرێت.
لەسەر ئەگەری یەكەم: ئەبێت ڕێگری بكرێت لەوەی زیان بە نووسەر و شاهیدەكە بگات، واتا لەوەی ئەگەر زیانێكیان بۆ هاتە پێش. ئەمە وتەی ئیبنو عەبباس، موجاهید، عەتاء، عیكرمە، زوحاك، سوددی و ڕەبیعە.
لەسەر ئەگەری دووەم: ئەبێت ڕێگری بكرێت لەوەی نووسەرەكە و شاهیدەكە زیان بگەیەنن، واتا نوسەرەكە و شاهیدەكە ئەگەر زیان بگەیەنن، هەروەها ئەمە وتەی تاوس، حەسەن و قەتادەیە. وەكو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةُۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ ۚ ٢٣٣﴾ [البقرة: ٢٣٣].

## ٥. جۆری بەكارهێنانی عەرەب بۆ لەفزەكە لە ڕووی بەهێزی واتای نزیكی و واتای دووریتی:

هەندێكیان واتای لەفزەكەیان كردووە بە واتایەكی نزیك و ئاشكرا لە لەفزەكەوە، هەروەها هەندێكی تر واتایان كردووە بە واتایەكی دوور، ئەم

[115] تفسير الطبري ٣/١٣٤، وما بعدها.

جۆرە نزیکە لە (المشترك) هاوبەشەوە. وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ ۝٤﴾ [المدثر: ٤]، هەندێك لە موفەسیرین بەو پۆشاکەی کە ناسراوە تەفسیریان کردووە، کە ئەمەیش ئیبنو عەبباس، تاوس، ئیبن سیرین و ئیبن زەید بەم شێوازە ڕیوایەتیان کردووە.

هەندێك بە پۆشاکی نەفس تەفسیریان کردووە، ئەم واتایە دوورە و لاوازە، ئەمە موجاهید و قەتادە ڕیوایەتیان کردووە.[116]

نموونەیەکی تر: ﴿وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَۖ ۝٩١﴾ [هود: ٩١]، لە چیرۆکی شوعەیبدا، ئەوترێت: مەبەست لە (الرجم) دوو وتەی هەیە:

یەکەم: (لرجمناك بالحجارة) ڕەجمکردن بە بەرد.

دووەم: (لرجمناك بالسب، والشتم) ڕەجمکرن بە جنێو و سوکایەتی.

واتای یەکەم نزیکە و خێرا دەچێتە مێشکەوە، ئیبن عەتییە دەڵێت: ئەمە ئاشکرایە و[117]، دووەم ئەگەر ئەوەیش بگەیەنێت دوورترە لە واتای یەکەمەوە.

## ٦. ئایەتەکە دەخولێتەوە لە نێوان ئەحکام و نەسخدا:

هەندێك وەکو نەسخ حوکمی پێ دەکات، هەندێکی تر وەکو ئەحکام. وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّۚ ۝٢٢١﴾ [البقرة: ٢٢١]، هەندێك وتوویانە ئەمە نەسخ بۆتەوە بەم ئایەتە: ﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ۝٥﴾ [المائدة: ٥]، ئەمە حەسەن، عیکرەمە و زوهری ڕیوایەتیان کردووە. هەندێکیش وتویانە ئەمە حوکمی پێ دەکرێت و

---

[116] في تفسير الطبري ٢٩/١٤٤ـ١٤٧.

[117] تفسير ابن عطيه ٧/٣٨٥

نەسخ نەبووەتەوە.[118] وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ ﴿٢١٩﴾﴾ [البقرة: ٢١٩]، هەندێك دەڵێت: ئەمە نەسخ بۆتەوە بە ئایەتی زەکات، ئەمە سوددی ڕیوایەتی کردووە، چونکە وای بینیووە کە فەرز بووە و دابەزیوە لە پێش ئایەتی زەکات، بە ئایەتی زەکات نەسخ بۆتەوە، هەروەها ئەوترێت، ئەم ئایەتە حوکمی پێ دەکرێت و مەبەست لێی خێری گشتییە و کە سوننەتە، ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباس و موقاتیلی کوڕی حەییان.[119]

## ٧. حوکمەکەی لەنێوان گشتی و تایبەتدا دەخولێتەوە:

وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّۚ ﴿٢٢١﴾﴾ [البقرة: ٢٢١]، دەوترێت ئەمە حوکمەکەی گشتییە، پاشان بەم ئایەتە تایبەت کراوە: ﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ﴿٥﴾﴾ [المائدة: ٥]، ئەمە ڕیوایەت کراوە لە عوسمان، حوزیفە، جابر، ئیبنو عەبباس، قەتادە و ئیبن جوبەیر.

ئەشوترێت: ئەمە تایبەت نەکراوە، بەڵکوو ئەو ئافرەتە موشریکانەی عەرەب کە بتپەرست بوون و جگە لەوانیش کە خاوەنی کتێب (پەیام) نەبوون، ئەمە قەتادە و سەعیدی کوڕی جوبەیر ڕیوایەتیان کردووە.[120]

## ٨. هەندێجار وەسفکراوەکە زیاتر لە وەسفێك هەڵدەگرێت:

وەسفکراوەکە وەسفەکانی دەستنیشان نەکراوە لە ئایەتەکەدا، هەموو موفەسیرێك وەسفێکی بۆ وەسفکراوەکە کردووە کە وەسفەکەی هەڵگرتبێت.

(١١٨) نواسخ القرآن لابن الجوزی ٢٠٢ـ٢٠٤، الناسخ والمنسوخ لابن العربی ٢/٧٩ـ ٨٣.
(١١٩) الناسخ والمنسوخ لابن العربي ٢/٧٥ـ٧٦
(١٢٠) نواسخ القرآن ٢٠٢ـ٢٠٤، والناسخ والمنسوخ لابن العربي ٢/٧٩ـ٨٣.

ئەم جۆرە نزیکە لەوەی پێش کە باسمان کرد، بگرە بەشێکە لێی، نموونە: ﴿وَٱلنَّٰزِعَٰتِ غَرۡقٗا ۝١ وَٱلنَّٰشِطَٰتِ نَشۡطٗا ۝٢﴾ [النازعات: ١ - ٢]، ئەم وەسفانەی بۆ کراوە: وتراوە: (الملائكة) فریشتە و، وتراوە: (الأنجم) ئەستێرەکان و، وتراوە: (الموت) مردنە...هتد. هەروەها وەکو (والذاريات) و وەکو (الخنس).

## ٩. ئەکرێت لە ئایەتەکەدا پیتێك دوو خوێندنەوەی هەبێت:

هەریەك لەسەر یەکێك لەو دوو خوێندنەوە تەفسیری بۆ کردووە، تەفسیری یەکەم لەگەڵ تەفسیری دووەم جیاوازی دەخاتە لێکدانەوەکەی. وەکو: ﴿ وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ۝٢٤﴾ [التكوير: ٢٤]، لەم ئایەتەدا وشەی (ضَنِينٍ) دوو خوێندنەوەی هەیە:

یەکەم: بە (ضاد) واتاکەی بەم شێوەیە: (ماهو ببخيل) ڕەزیل و بەغیل نییە.
دووەم: بە (الظاء) واتاکەی بەم شێوەیە دەبێت: (ما هو بمتهم) تۆمەتبار نییە لەسەری.

ئەمە کە بۆم دەرکەوتووە هەندێ هۆکاری ڕاجوداییەکەیە، ئەکرێت خوێندنەوە بۆ ڕاجودایەکانیان لە تەفسیردا بکرێت، هۆکاری تریشت بۆ دەرکەوێت.[١٢١]

❁ ❁ ❁

---

(١٢١) کتاب أسباب اختلاف المفسرين للدكتور محمد الشايع.

# کۆڕایی (اجماع) لە تەفسیردا

ئەگەر ئیجماع لە فقهدا هەبێت پارێزراوە بەهۆی زانایانەوە و بەتایبەت شتی دەربارە نوسراوە، یان کۆکراوەتەوە لە کتێبەکەیاندا، بەڵام لە تەفسیردا ئەمە نابینرێت.[١٢٢]

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە موفەسیرەکان گرنگییان بەم لایەنە نەدابێت، بەڵکوو دەبینرێت کە باسیان لە ئیجماع کردووە لە واتای هەندێ ئایەتدا، ئەمە تاوەکو ئێستایش لە تەفسیرەکانیاندا بوونی هەیە، بەڵام دەرنەکراوە و جیابکرێتەوە.

کۆڕایی لە عورفی ئوسوڵییەکاندا ئەوەیە: ڕێککەوتنی موجتەهیدینی ئەم ئوممەتەیە لە دوای پێغەمبەرەوە ﷺ لەسەر حوکمێکی شەرعی.[١٢٣]

مەبەستم لێرە ئەوەیە: کۆڕای موفەسیرین ئەوەیە کە لە تەفسیرەکەیاندا ئاماژەیان پێکردووە لەسەر واتایەك لە واتاکان، لە تەفسیری ئایەتێکدا لە قورئانی پیرۆزدا. هەروەها کۆڕای حوجە و بەڵگەیە، بنچینەی سێیەمە لە بنچینەکانی شەریعەتدا.

سودو گرنگی لەسەر ئەوەی کە موفەسیرین کۆڕان لەسەری، گرنگییەکەی ئەمەیە:

١. تەفسیرکردنی وتەی خوای گەورە لەسەر ئەو جۆرەی کە دروستترین جۆرە لە ڕووی بەهێزی و چەسپاندنی.

٢. ئەگەر کۆڕای موفەسیرین زانرا، پێ نانرێت بۆ خیلاف و ڕا پێچەوانەکان.[١٢٤]

---

[١٢٢] استيقت هذا البحث من الخطة لبحث الماجستير بعنوان (الاجماع في التفسير) للاخ محمد بن عبدالعزيز الخضير.

[١٢٣] أصول من علم الاصول ٧٣.

[١٢٤] الاجماع في التفسير

## بابەتێك: چۆن دەگەین بە کۆڕای موفەسیرەکان؟

بۆ زانینی کۆڕای موفەسیرەکان دوو ڕێگا هەیە، هەردووکی پێویستی بە خوێندنەوە و بەدواداچوون هەیە:

یەکەم: دەقێك هەبێت لە لایەن لێکۆڵەران لەسەر باسی ئیجماع کە بڵێت: ئەمە کۆڕای لەسەرە، وەکو ئیبنو جورەیر، ئیبن عەتیە و جگە لەمانەیش، کە بڕیاریان دابێت لەسەر بابەتێك بە کۆڕایی دانی پێدانرابێت لە لایەن سەلەفەوە، پاشان ئەرکی لێکۆڵەرە تەئکید لەوە بکاتەوە کە ڕاجودایی تێدا نییە؛ ئەمەیش ناکرێت، تەنها بە خوێندنەوە و بەدواداچوون نەبێت.

دووەم: وتەکانی موفەسیرین بخوێنرێتەوە، هەڵێنجان بۆ کۆڕایی لە ئەنجامی وتەکانیانەوە بکرێت، ئەگەر ڕاجودایی لەنێوانیاندا نەبێت لە ئایەتەکەدا.

## بابەتێك: ڕوونکردنەوەی ڕاجودایی جۆرێتی (اختلاف التنوع) و کۆڕایی:

کۆڕایی لە تەفسیردا هەندێجار لە سەر لەفزەکەیەتی، یان کۆڕاییە لەسەر واتاکەی. لە یەکەمدا: ئاماژە و دەربڕینەکانی موفەسیرین ڕێککەوتن لەسەر لەفزێك، ئەمە ئەوەیە کە موفەسیرین باسیان لێوە کردووە لە کۆڕاییدا. بۆ نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ ﴿٦٤﴾ ﴾ [يونس: ٦٤]، ئیبن عەتییە دەڵێت: (أما بشرى الآخرة فهي الجنة قولاً واحداً)[١٢٥]، واتە: مـوژدەی ڕۆژی دوایی تەنها یەك وتەیە، کە بەهەشتە. هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِٱلذِّكۡرِ لَمَّا جَآءَهُمۡۖ ﴿٤١﴾ ﴾ [فصلت: ٤١]، ئیبن عەتییە دەڵێت: (الذكر: القرآن بإجماع) واتە: (الذكر) قورئانە بە

---

(١٢٥) ٧/١٧٦.

کۆڕایی.[١٢٦] بەڵام لە دووەمدا: ئەکرێت واتایەك یان زیاتر هەڵبگرێت. ئەگەر یەك واتای هەبوو، بەڵام موفەسیرین ئاماژە و دەربڕینیان جودا بوو تێیدا لە واتای وشەکەدا، ئەوە لەو جۆرەی یەکەم و دووەم و چوارەمی دابەشکارییەکەی شێخولئیسلامە کە لە پێشدا باسمان کرد. لەم جۆرەدا ڕێککەوتوون لەسەر واتاکەی، ئەگەر چی لە ئاماژە و دەربڕینەکەی جودان.

وەکو نموونەی (الصراط المستقیم) کە لەپێشدا باسکرا، واتاکان هەموویان کە هەر یەك شتیان دەگەیاند، ئەوەیش شوێنکەوتەی دینەکە بوو، بەڵام ئاماژە و دەربڕینەکان جیاواز بوون تێیدا لە دەرخستنی واتاکەی، تێڕوانینەکان لەبەر ئەوەی هەموو موفەسیرەکان سەیری شتێك لە (الصراط) ڕێگاکەیان دەکرد، غەیری ئەو شتە بوو کە موفەسیرێکی تر بۆی دەڕوانی و بەو شێوە ئاماژەی پێ دەکرد.

لێرە ڕوون دەبێتەوە لە ناوەکانی خوای پەروەردگار، ئەگەر بوترێت: (العزیز: الله، الحکیم: الله، الغفور: الله). بێگومان دەبینی، کە (العزیز)، (الحکیم) و (الغفور)، هەمووی بۆ یەك شت دەگەڕێتەوە کە خوای پەروەردگارە، بەڵام دەربڕین و ئاماژەکان بەو ناوانە جودان، چونکە واتای (العزیز)، واتای (الحکیم) نییە و،واتای (الحکیم) واتای (الغفور) نییە. بەڵام هەموویان بەڵگەن لەسەر زاتی خوای گەورە، بەڵام هەر تاکێك لەو ناوانە بۆ واتایەکی تایبەتن.

هەروەها لە تەفسیری بە نموونەی (المثال) ڕێکدەکەون لەسەر واتا گشتییەکەی، پاشان دەستەواژە و دەربڕینەکان بەهۆی باسکردنی نموونەکان بۆ شتە گشتییەکە جودان. لێرە ڕوون دەبێتەوە لە تەفسیری (المحروم) لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَفِيٓ أَمۡوَٰلِهِمۡ حَقّٞ لِّلسَّآئِلِ وَٱلۡمَحۡرُومِ ١٩ ﴾ [الذاريات: ١٩]، ئیبن عەتییە دەڵێت: (خەڵکی ڕاجودایيان بۆ دروست بووە لە (المحروم)،

---

[١٢٦] المحرر الوجيز ١٢١/١٣.

بە بۆچوونی من ڕاجودابیەکە لەوانەی ئەم دواییانەدا ڕووی داوە، ئەگینا یەك واتای هەیە، بەڵام زانایانی سەلەف ئاماژەیان پێکردووە و دەریان بڕیوە بەشێوازی نموونە هێنانەوە، بەڵام ئەوانەی دوای سەلەف هاتوون کردوویانە بە چەند وتەیەك وەکو وتەی جیاجیا وەریانگرتوە، پاشان ڕستەیەکیان لەو وتانە وەرگرتووە، پاشان دەڵێت: (واتای گشتی بۆ ئەم وتانە ئەوەیە هیچ سامانێکی نەبێت کەس و کارەکەی بێبەش بکات).[١٢٧]

هەروەها لە تەفسیری واتاکردن بە لەفزێکی نزیك لە واتاکەوە (الألفاظ المتقاربة)، ئەکرێت واتاکە یەك بگرێتەوە لەگەڵی، بەڵام دەربڕین و ئاماژەکردنەکە جیاواز بێت، لە لەفزی (الإبسال) لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ ٧٠﴾ [الأنعام: ٧٠]، ئەوترێت: (تحبس) زیندانی و، ئەوترێت: (ترتهن) بارمتە و، ئەوترێت: (تسلم).

جۆری سێیەم: ئەکرێت ئایەتەکە زیاتر لە داوایەك بێت، لەگەڵ ئەوەیش ئایەتەکە هەڵگری هەموویان بێت و هەموو ئەگەرەکان باس بکرێت و، ئەکرێت ئایەتەکە هەڵگری تەنها یەکێك لەوانە بێت کە باسکراون، لەهەموویاندا کۆڕایی لەسەر ئەوەیان بێت.

موفەسیرەکان ئەوانەی باسی کۆڕاییان کردووە، دەقێك لێیانەوە نەهاتووە لەسەر نموونەی ئەم ڕاجوداییانە لە کۆڕایەکانیاندا، بەڵام باسی کۆڕایی ئەو لەفزەیان کردووە کە لە قورئاندا بە ڕوونی هاتووە، لە دوایدا دێت لە نمونەی کۆڕایدا.

**بابەتێك:** ئەگەر هاتوو ئایەتەکە زیاتر لە واتایەکی هەڵگرت و سەلەف کۆڕاییان هەبوو لەسەر هەندێك لەو واتایانە؛ ئایا دروستە تەفسیری ئایەتێك بکەی کە هەڵگری ئەو واتایە بێت، بەڵام سەلەف باسیان لێوە نەکردبێت؟

---

[١٢٧] المحرر الوجيز١٤/١٥ـ١٦.

لە پێشدا وەڵامی ئەمەمان دایەوە لە بابەتی تێبینییەکان لەسەر تەفسیری هاوەڵان و تابعین، ئەگەر هاتوو واتاکەی تەواو بوو، ئایەتەکە هەڵگری ئەو واتایە بوو، دروستە تەفسیری پێ بکرێت، چونکە نابێتە دژێتی لەگەڵ کۆڕایی سەلەف، پێویست ناکات کە شتێك ئەگەر ئەوان باسیان لێوە نەکردبێت ئیتر وەرنەگیرێت.

## تێبینییەکان لەبارەی کۆڕایی لە تەفسیردا:

١. هەندێك لە موفەسیرەکان باسی کۆڕاییان کردووە لە لەفزی ئایەتێکدا، ڕاجودایی تێدا نەبووە بەهۆی زۆر ڕوونێتیی واتاکەی، وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ ١٥٤﴾ [الأنعام: ١٥٤]، شەنقیتی دەڵێت: تەوراتە بە کۆڕایی.[١٢٨] هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ ١٢٧﴾ [البقرة: ١٢٧]، ئیبن عەتیە دەڵێت: (البيت) کەعبەیە بە کۆڕایی.[١٢٩]

٢. موفەسیرەکان باسیان لە هەندێك کۆڕایی کردووە، بەڵام باس لە لێکدانەوە و تەفسیری ئایەتەکە نییە، ئەوانە وەکو کۆڕایی فقهی یان کۆڕایی دەربارەی زانستەکانی قورئان، وەکو سوورەتە مەدەنییەکان، مەککییەکان، ژمارەی ئایەتەکان و جگە لەمانە، ئەمانە ناچێتە بازنەی کۆڕایی لە تەفسیردا، چونکە کۆڕایی لەسەر تەفسیر و واتای لەفزی قورئانە.

٣. ئەم تێبینییە جێگەی باسکردنە، کۆڕایی ئەوەیە زۆرینە ڕێککەتوون لەسەری، وەکو ئیبن جەریر، بۆیە ئاگاداری مەزهەبێك بە باسی لە کۆڕایی کردبێت، لە شتێك کە کۆڕایی لەسەر بێت.

---

[١٢٨] أضواء البيان ١٤٨/١

[١٢٩] المحرر الوجيز لابن عطية ٤٨٧/١

## هەندێك لە كۆڕاییەكان:

١. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾ [البقرة: ٢]، ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: الريب: الشك (گومان)، ئەمە موفەسیرەكان ڕاجوداییان تێیدا نییە.(١٣٠)

٢. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ﴾ [البقرة: ٢٦٨]، (الفحشاء) لێرە بەواتای (البخل) (بەغیلی و چرووكی) دێت بە كۆڕا.(١٣١)

٣. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَا تَدْرِى لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَٰلِكَ أَمْرًا ﴾ [الطلاق: ١]، ماوەردی دەڵێت: واتا (الرجعة) بە كۆڕایی.(١٣٢)

٤. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَزِفَتِ ٱلْءَازِفَةُ ﴾ [النجم: ٥٧] ، ئیبن عەتیە دەڵێت: ئاماژەیە بۆ ڕۆژی دوایی بە كۆڕایی موفەسیرین.(١٣٣)

٥. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ ﴾ [البقرة: ١٤٣]، شەنقیتی دەڵێت: خیتابەكە بۆ پێغەمبەرە ﷺ، بە كۆڕا.(١٣٤)

* * *

(١٣٠) تفسير ابن ابي حاتم ٣١/١.
(١٣١) التفسير القيم ١٦٨.
(١٣٢) النكت والعيون ٣٠/٦.
(١٣٣) تفسير ابن عطية ١٤٢/١٤.
(١٣٤) أضواء البيان ١٥٠/١.

# ئەو بنچینانەی کە تەفسیر لەسەری دەخولێتەوە (دروست) بووە

مەبەست لێرەدا ئەوەیە تەفسیرەکانی ئوممەتی موسوڵمان لەم بنچینانەوە دەرچووە، ئیبنولقەییم باسی کردووە و دەڵێت: تەفسیری خەڵکی لەسەر سێ بنچینە دەخولێتەوە و دروست بووە: تەفسیر لەسەر لەفز، ئەوەیە کە ئەوانەی دوای سەلەف مەبەستیان لێ بووە، تەفسیر لەسەر واتا، ئەوەیە کە سەلەف باسیان لێوە کردووە، تەفسیر لەسەر (الإشارة والقیاس) ئاماژە و پێوانە، ئەمەیش زیاتر سۆفییەکان و جگە لەوانیش مەبەستیان لێ بووە.[١٣٥]

## یەکەم: تەفسیر لەسەر لەفزەکەی:

تەفسیر لەسەر لەفز ئەوەیە، تەفسیرکردنی خودی وشەکەیە، واتا: لەوەی کە لە زمانەوانیدا بەرانبەریەتی و گونجاوە بۆی، بەرفراوانی دەکەن لە شیکاری واتایی لەفزەکەدا، وەکو بنچینەی پێکهاتەکەی و واتاکەی لە زمانەوانیدا. ئەمە گرنگیپێدراوە لە کتێبی واتای قورئان و وشە نامۆکانی. ئیبن عەتییە و ئیبن عاشوور گرنگییان داوە بە بەدواداچوونی واتاکردنی لەفز لە زمانی عەرەبدا.

ئیبن عەتییە دەڵێت: ﴿ تَفَكَّهُونَ ﴿٦٥﴾﴾ [الواقعة: ٦٥]، ئیبنو عەبباس و موجاهید و قەتادە دەڵێن واتای: (التعجبون) سەرسام دەبوون. عیکرەمە دەڵێت: (تلاومون) لۆمەی یەکتر دەکەن. حەسەن دەڵێت: (تندمون) پەشیمان دەبوونەوە. ئیبن زەید دەڵێت: (تتفجعون) ئازار ئەچێژن. ئەمە هەموو تەفسیرەکە تایبەت نییە بە لەفزەکەوە، ئەوەی کە تایبەتە بە لەفزەکەوە ئەوەیە: گاڵتە و شۆخی لەخۆیان دووردەخەنەوە، کە خۆشی و شادییەکی زۆرە، (الرجل فَكِهٌ) ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین، شتەکان ئاسان وەربگرێت و گوێ بە شت نەدات.[١٣٦]

---

[١٣٥] التبیان فی أقسام القران (ت: شاهین )٥١

[١٣٦] المحرر الوجیز ١٣/١٤،٢٦١/٣٨٣، والتبیان فی أقسام القرآن ص٦٩،٦١

## دووەم: تەفسیرکردن لەسەر واتا:

لە تەفسیرکردن لەسەر واتا، کەسی موفەسیر ڕاستەوخۆ پشت بە تەفسیری لەفز نابەستێت، بەڵام ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو واتایەی لە پشتی لەفزەکەوەیە، ئەمەیش چەند جۆرێکە:

أ. تەفسیرکردن بە (الجزء) بەش.

ب. تەفسیرکردن بە (المثال) نموونە.

ج. تەفسیرکردن بە (باللازم أو النتيجة) پەیوەست یان ئەنجام.

هەموو ئەمانە تەفسیری بە واتان،[١٣٧] لە دوایدا بە درێژی باسی لێوە دەکرێت.

## سێیەم: تەفسیرکردن بە (الإشارة و القياس) ئاماژە و پێوانە:

ئەم جۆرە **کەمترین جۆرە** کە لە سەلەفەوە هاتبێت، زۆر نییە لەوانەوە، لە هەندێ تەفسیرەکانەوە لێیانەوە هاتووە وەکو ئەوەی ئێستا دێت، ئەم جۆرە ئیبنولقەییم باسی لە مەرجەکانی کردووە، کە ئەمەیە:

١. نابێت دژی واتای ئایەتەکە بێت.

٢. ئەبێت لە خۆیدا واتاکەی تەواو بێت.

٣. ئەبێت لەفزەکە هەستی ئەو واتای تێدابێت.

٤. ئەبێت لەنێوان خۆی و واتای ئایەتەکە پەیوەندی و پەیوەستبوون هەبێت.

ئەگەر ئەم چوار مەرجەی تێدا هاتە جێ؛ ئەوە هەڵێنجانەکە دروستە و تەواو دەبێت.[١٣٨]

---

[١٣٧] تفسير المحرر الوجيز١٤/٢٥٣ـ٢٥٤،٥٣، والتفسير القيم ص١٥،٢٩، الموافقات ١٤١/٤.

[١٣٨] التبيان فى أقسام القرآن ٥١، الموافقات ٢٦٤/٣.

# ڕێگای سەلەف لە تەفسیرکردندا

ڕێگـایی سـەلەف لە تەفسـیرکردندا گشـتییە، ڕێگەیـان بەشـێوەی کـورت و بەبێ درێژەدان پێی. ئەبو جەعفەری نووحـاس دەڵێـت: لە کتێبەکەی (المعـاني القرآن) لە خستنەڕووی گێڕانەوەی مەزهەبـی سـەلەفدا لە (الأحـرف المقطعـة) ئەو پیتانەی کە لەسەرەتای سوورەتەکانەوە هاتووە: ئەم وتانە ڕووندەکەمەوە، یەکەمجـار وتەی موجاهیـد: ئەمـانە (الأحـرف المقطعـة) بـۆ کـردنەوەی سوورەتەکانە، هەروەها وتەی کەسانی تـر دەڵـێن: ئەمە بـۆ ئاگـادارکردنەوەیە، کەسـانی تـریش وتوویـانە بـۆ کـردنەوەی (دەسـپێکی) وتەیە. لەوە زیـاتر شـیکردنەوەیان بـۆ نەکـردووە، چـونکە ئەمە مەزهەبـی ئەوان نەبـووە، ئەوەی لەوانەوە هاتووە بە شێوەیەکی کورت بـووە، پاشـان ئەوانەی ئەهلـی تێـڕوانین بوون لێکدانەوەیان بۆ کردووە و واتایان کردووە.[(١٣٩)]

شێخولئیسلام لە نووسراوێکدا دەڵێت: (تەفسیرکردنی ئایەتەکـان کە ئـاڵۆزن -پیتەکانی سەرەتای سوورەتەکان- بگرە نەبووە گرووپێك لە کتێبەکـانی تەفسـیر تێیدا بێت کە پێکابێتی بەڵکوو لە هەڵە زیاتر تێیاندا نەبووە).[(١٤٠)]

لە تەفسیری ئەم وتەیەی خوای گەورە دەڵێت: ﴿ بِأَييِّكُمُ ٱلۡمَفۡتُونُ ۞ ﴾ [القلم: ٦]، حەسەن دەڵێت: کام لە ئێوە لە پێشـترە (نـزیکترە) لە شـەیتانەوە، ئەوان لە پێشن نزیکترن لە شەیتانەوە تا پێغەمبەر ﷺ.

حەسەن مەبەستی ئایەتەکەی ڕوون کردۆتەوە، ئەگەرچی لەسەر لەفزەکەی قسەی نەکردووە و هەروەکو عادەتی سـەلەف کە وتەکەیـان بەکـورتی لە گەڵ ڕەوانبێژی و تێگەیشتنی واتا.

---

(١٣٩) معانیالقرآن ١/٧٧.

(١٤٠) هذه الرساله مخطوطة، وقد تم طبعها.

لە وتەی ئەم دوو زانـاوە تێـدەگەین ڕێگـای سـەلەف گشـتی بـووە لە تەفسـیرکردندا کە بەشـێوەیەکی کـورت بـووە بـێ ئەوەی درێـژەی پـێ بـدەن، چونکە پێویستیان پـێ نەبـووە کە بە درێـژی باسـی بـکەن وەکـو ئەوەی دوای سـەلەف پێویسـتیان پـێ بـووە، ئەوانەی کە زمانیـان دوور بـووە لە زمـانی عەرەبەوە پێویسـتیان بە زیـاتر ڕوونکـردنەوەی واتـا و درێـژەدان پێـی بـووە، سـەلەف لە تەفسـیرکردنی قورئانـدا ڕێگـایی لێکـدانەوە و دەرخسـتنیان بەکاردەهێنا.

ئەکرێـت هەڵێنجـانی ئەم ڕێگـایە لە ئەو کتێـبە تەفسـیرانەوە بێـت کە گرنگییان داوە بە لێکـدانەوەکانی سـەلەف و بۆچـوون دراوە لەسـەریان. ئەمە بەکورتی، ئێستا بە درێژی و بە نموونەوە دێینە سەری:

١. تەفسیری (المطابق)چوونیەك.

٢. تەفسـیری بە (لازم) پەیوەسـت، تەفسـیر بە (النتیجـة) ئەنجـامیش دەگرێتەوە.

٣. تەفسیر بە (جزء المعنی) بەشێك لە واتا.

٤. تەفسیربە (المثال) نموونە.

٥. تەفسیر بە (القیاس و الاعتبار) پێوانە و بەپێی پـێگەکەی و ئەنـدازەگیری بۆی.

٦. تەفسیر بە (الاشارة) ئاماژە.

❊❊❊

## ١. تەفسیری (المطابق) چوونیەك:

مەبەست لێی: ئەوەی لە بەرانبەردا بۆی دانراوە لە زمانی عەرەبدا، موفەسیر پشت دەبەستێت بە لەفزەکە لەوەی لە بەرانبەردا لە زمانی عەرەبدا بۆی دانراوە، ئەمە تەفسیرکردنی ڕاستەوخۆیە بۆ لەفزەکە. ئەم ڕێگایە تەبەری باسی کردووە و ئاماژەی پێداوە دەڵێت: (لێکدانەوەی وتەکەیان داوە بەسەر واتاکەی، بێ ئەوەی ڕوونکردنەوە بە خودی وشەکە بدرێت، کەم جارانێك ئەهلی تەئویل ئەمەیان کردووە بە هۆکارگەلێك کە ئەمەی خواستووە).[١٤١]

شێخولئیسلام دەڵێت: (موفەسیرینی سەلەف ئاماژەیان بە شتێك کردبێت بە شێوەی پەیوەست و هاوشێوە بوون بووە بە ئایەتەکەوە، هەندێکیان دەقیان لەسەر خودی شتەکە داوە.[١٤٢] بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكِتَٰبٖ مَّسۡطُورٖ ٢﴾ [الطور: ٢].

قەتادە و زوحاك دەڵێن: (مسطور) واتا: (مكتوب) نوسراو.[١٤٣] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَبُسَّتِ ٱلۡجِبَالُ بَسّٗا ٥﴾ [الواقعة: ٥]، واتا: (فَتَّتَتْ). پارچە پارچە بوون. ئەمە لە ئیبنو عەبباس، موجاهید، عیکریمە، ئیسماعیل سوددی و ئەبی سالح هاتووە.[١٤٤] تەفسیری بۆ (الودود) لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلۡوَدُودُ ١٤﴾ [البروج: ١٤]، (المحب لأوليائه) خۆشەویستییە بۆ ئەولیاکانی .[١٤٥]

---

[١٤١] تفسير الطبري ١٨٥/١
[١٤٢] مقدمة في أصول التفسير ١٠٤.
[١٤٣] تفسير الطبري ١٦/٢٧.
[١٤٤] تفسير الطبري ١٦٨/٢٧.
[١٤٥] التبيان في أقسام القرآن ٦٠.

## ٢. تەفسیری بە (لازم) پەیوەست، تەفسیر بە (النتیجة) ئەنجامیش دەگرێتەوە:

بەڵگەی (التزام ) پەیوەستبوون یەکێکە لە بەڵگە لەفزییە عەقڵییەکان. مەبەست لێی، ئەو واتایەی کە وەرگیراوە، واتای ڕاستەوخۆی لەفزەکە ناگەیەنێت بەڵام پێوەی پەیوەست دەبێت، لە ڕووی عەقڵی و عورفییەوە، وەکو نووسراوێك نوسەرێکی پێوە پەیوەست دەبێت. نموونە:

تەفسیری (الودود) خوشەویستی ئەولیای خوای پەروەردگار بۆ خوای پەروەردگار. پاشان (الودود) واتا: (الواد لأولیائه) خۆشەویستی خوای گەورە بۆ ئەولیاکانی، وەکو (الغفور) بەواتای: (الغافر) . ئەمە تەفسیری بە (المطابقة) چوونیەکە، خۆشەویستی ئەولیای خوا بۆ خوای گەورەش پەیوەستدەبێت پێوەی، ئەمە تەفسیری بە (اللازم) پەیوەستبوونە.[١٤٦] نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ [الواقعة: ٦٥]، واتا: (تندمون) پەشیماندەبنەوە، خۆی لە ڕاستیدا خۆشیان لێ دوور دەخاتەوە، ئەگەر دڵخۆشییان لێ دوورخرایەوە ئەوە پێچەوانەکەی دێتە شوێنی.[١٤٧]

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا...﴿١٧٦﴾ ﴾ [الأعراف: ١٧٥ - ١٧٦]، ئیبنولقەییم دەڵێت: ئیبنو عەبباس دەڵێت: (لو شئنا لرفعناه بعلمه) ئەگەر بمانویستایە بە زانستەکەی بەرزمان دەکردەوە. کۆمەڵەیەکی تر دەڵێن: ڕاناوەکە لە وشەی (لرفعناه) ئەگەڕێتەوە بۆ (الکفر) کوفرەکە. واتا: (لو شئنا لرفعنا عنه الکفر بما معه من آیاتنا) ئەگەر بمانویستایە بەرزمان دەکردەوە و دەرماندەهێنا لە کوفردا بەو ئایەتانە لەگەڵی بوو.

---

[١٤٦] التبیان في أقسام القرآن ٦٠.
[١٤٧] التبیان في أقسام القرآن ١٦٩.

موجاهید و عەتاء دەڵێن: (لرفعناه عن الكفر بالإيمان وعصمناه) بەرزمان دەکردەوە و دەرمان دەهێنا لە کوفر بە هۆی ئیمانەوە و دەمانپاراست. ئەو واتایە تەواوە، ئەوەی یەکەم مەبەستی ئایەتەکەیە، ئەم واتایش پەیوەستە بە مەبەستەکەوە. لە پێشدا وترا کە سەلەف زۆریان بە پەیوەست بە واتا، واتای ئایەتیان کردووە، ئەوانەی گومانیان بردووە وا گومانیان کردووە کە مەبەست لە خودی ئایەتەکەیە.(١٤٨)

لێرە شایەنی باسکردنە: لە سەلەفەوە هاتووە تەفسیری هەندێك لە سیفەتی خوای گەورەیان کردووە بە پەیوەست بە واتاکەی، خوێنەر وا گومان دەبات کە تەئویلیان بۆ سیفەتی خوای گەورە کردووە، ئەمە ڕاستی نییە، چونکە بنچینە لە لای سەلەف سیفەتی خوای گەورە لەسەر ڕاستییەکەیەتی کە ناکرێت تەئویل بکرێت، ئەگەر شتێکی وا بینرا ئەوە تەئویل نەکراوە، چونکە لە سەلەفەوە نەهاتووە نکۆڵییان لە سیفەتێکی خوای گەورە کردبێت، جیاوازی دەکرێت لە نێوان نکۆڵیکردن لە سیفەت و تەفسیرکردن بە پەیوەست بە واتا. بەڵام ئەوەی دەبینرێت  ئەوانەی کە لەدوای سەلەفەوە هاتوون، لە تەفسیری سیفەتدا بە پەیوەست بە واتاکەی تەئویلیان کردووە؛ هی ئەمان تەفسیری پەیوەست بە واتا نییە، چونکە تەئویلکردن مەزهەب و ڕێچکەی ئەمان بووە، بۆیە لە تەفسیرکردندا مەیلیان چووە بەلای پەیوەست بە واتای سیفەتەکەوە، سیووتی دەڵێت: (زانایان وتویانە هەموو سیفەتێك حەقیقەت بێت لەسەر خوا، ناکرێت تەفسیر بکرێت بە پەیوەست بە واتا).(١٤٩) ئەو زانایانەی دراونەتە پاڵ ئەم بیروبۆچوونە، سیووتی دەڵێت ئەوانەن کە ئەهلی کەلام بوون وەکو ئەشاعیرە و جگە لەوانیش.

---

(١٤٨) التفسير القيم ٢٨٤.
(١٤٩) الإتقان ٢٠/٣

### ٣. تەفسیر بە (جزء المعنى) بەشێك لە واتا:

مەبەست لەمە ئەوەیە موفەسیر باسی واتاکەی دەکات کە هەڵگری بەشێك لە واتاکەیەتی، بەهۆی بوونی بەڵگە لەسەر باقی واتاکە. وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ ٣١﴾ [مريم: ٣١]، ئیبنولقەییم دەڵێت: (مباركا: مامۆستای چاکە و بەسوود ئەبم بۆ بەندەکان لە هەر شوێنێکدا بم، ئەمە بەشێکە لە ناوی (المبارك)، (المبارك)یش: خۆی لە خۆیشیدا چاکەی زۆرە، بۆ کەسانی تریش دەبێتە مامۆستا، ئامۆژگاریکار، ئیرادە و تێکۆشان...[(١٥٠)]

### ٤. تەفسیر بە (المثال) نموونە:

ئەم جۆرە لە ڕاجودایی جۆرێتیدا باسمان کرد. وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ١١٤﴾ [هود: ١١٤]، وتراوە (الحسنات): نوێژەکانە، وتراویشە: (سبحان الله، والحمد لله، ولا إله إلا الله، والله أكبر)ە. ئیبن عەتییە دەڵێت: هەموو ئەمانە لەسەر شێوازی نموونە هاتوون بۆ (الحسنات).[(١٥١)] خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ ٣﴾ [البقرة: ٣]، زیررە دەڵێت: (الغیب) قورئانە، عەتاء دەڵێت: (الغیب) قەدەرە، ڕاغیب دەڵێت: وتەی زیررە کە دەڵێت (الغیب) قورئانە و وتەی عەتاء کە دەڵێت: (الغیب): قەدەرە، هەر یەکەیان نموونەن بۆ غەیب، ڕاجودایی نییە لە نێوانیان، هەریەکەیان ئاماژەیان بە غەیب کردووە بە نموونەیەك.[(١٥٢)]

---

(١٥٠) جلاء الأفهام لابن القيم ص١٦٨

(١٥١) تفسير ابن عطية ٤١٧/٧، التحرير والتنوير ٢٣٠/١٣، تفسير ابن جزى.

(١٥٢) مقدمة جامع التفاسير ١٥٥

## ٥. تەفسـیر بە (القیـاس والاعتبـار) پێـوانە و بەپێـی پـێگەكەی و ئەندازەگیری بۆی:

مەبەست لێی كەسی موفەسیر شتێك بخاتە حوكمی ئایەتەكەوە، چونكە لێكچووی ئایەتەكەیە لە ڕووی (علة) هۆكارەوە.

بـۆ نموونە،خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ ﴾ [النساء: ٤٣]، لە ئیبنـو عەبباسـەوە ڕیـوایەت كـراوە لە واتـای (سـكاری):كە خەوە نووچكەیە. وە لە زوحاككیشەوە هەر بەو شێوەیە، دەڵێت: لە ئـایەتەكە دیاری نەكراوە بەهۆی خەمرەوە بێت، مەبەست لێی بێ ئاگایی خەوە .[١٥٣]

شێخولئیسـلام لەسـەر وتەكەی زوحـاك بۆچـوونی خـۆی داوە دەڵێـت: (ئایەتەكە بەڵگەیە بەڕێگای ئامـاژە، واتـا: قیـاس (پێـوانە)، یـان واتـا گشـتیەكە دەگرێتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە كە هۆكاری دابەزینی ئایەتەكە لەسەر بێ ئاگـایی خەمـرەوەیە، لەفـزەكە سـەریحە (ڕوونە) لەوەدا، واتـاكەی تـریش دروستە.[١٥٤]

شێخولئیسـلام پێیـی دروسـت بـووە، خەوە نـوچكە لە واتـای ئـایەتەكەدا بەهۆی بوونی (قیاس) لە نێوانیان، هۆكارەكەش ئەوەیە لە هەردووكیدا هەر بێ ئاگایی هەیە.

## ٦. تەفسیر بە (الإشارة) ئاماژە (هێما):

تەفسیر بە ئامـاژە پەیوەنـدیی هەیە بە پێشـەكەی خـۆیەوە، شێخولئیسـلام لەسـەر ئەوە ئاگـاداركردنەوەیەكی داوە، دەڵێـت: (ئەو ئامـاژانە كە لە بەشـی ئەنـدازە و قیـاس و پەیوەسـت بـوون هەن، پەیوەنـدی نیـە دەق بە دەقەوە، وەكو ئەو ئەندازە و پێوانەی كە فوقەها بەكاریان هێناوە بۆ ئەحكامەكان).[١٥٥]

---

[١٥٣] في الدر النثور٥٤٦/٢.
[١٥٤] اتباع الرسول بصحيح المنقول و صريح المعقول ص١٥.
[١٥٥] الفتاوى ٣٧٧/٦.

وە لە شوێنێکی تر دەڵێت: (ئەگەر بەشە ئاماژەیەکان چەسپا بێت و لەفزەکە بەڵگە بێت لەسەری، ئاماژە پێکراوەکە ئەو واتا بگەیەنێت لە ڕووی تێگەیشتن و لە ڕووی پێوانە و ئەندازەوە، حاڵی ئەوانیش وەکو حاڵی فوقەها و زانایانە بە پێوانەکردن و ئەندازەگیری، دروستیشە ئەگەر قیاسێکی دروست بێت و ناتەواو نەبێت، ئەندازەگیرییەکی ڕاست بێت و چەوت و لار نەبێت).[156]

لەپێشدا باسی مەرجەکانی وەرگرتنی کراوە، وەکو نموونەی تەفسیرەکەی ئیبنو عەبباس و عومەری کوڕی خەتتاب لە سوورەتی "النصر"دا، بەوەی کە کاتی مردنی پێغەمبەرﷺ نزیک بۆتەوە.[157] ئیبن حەجەر بۆچوونی خۆی لەسەر ئەم جۆرە تەفسیرە داوە و دەڵێت: (دروستە لێکدانەوە بۆ قورئان بکرێت، لەوەی تێگەیشتنی بۆ دەکرێت لەڕووی ئاماژەکانەوە، بەڵام ئەبێت لەپێشدا شارەزاییەکی تەواوی هەبێت، بۆیە ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت: (یان تێگەیشتنێك خوای گەورە دەربارەی قورئان بە پیاوێك ببەخشێت).[158]

***

[156] الفتاوى ٢/١٣،٢٨/٢٤١

[157] فتح الباري ٨/٦٠٦

[158] فتح الباري ٨/٦٠٨ـ٦٠٩

# ئاراستەی وتەکانی سەلەف

ئەم بابەتە ئاماژە بەشیکردنەوەی تێگەیشتنی سەلەف دەکات بۆ ئایەتێك، کە چۆن تەفسیریان بۆ کردووە، چۆن دواون دەربارەی ئەو وتەیە یان ئەو شتە، یان بەهۆی نامۆیی وتەکەوەیە، یان شاراوەیی یان بەهێزییەکەی بووە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لەبەر ئەوەی کە بۆچوونیان وەردەگرین و پێگەیان بەرزە و بەڵگەیە لامان؛ ئیتر ناکەونە هەڵەوە، بگرە هەندێجار تاکیان دەکەونە هەڵەوە، ئەوە موجاهیدە کە بۆچوونی عەقڵیی هەیە و تەفسیری قورئانی پێ کردووە؛ ڕەتیشکراوەتەوە، وەکو تەئویلکردنی ئەوەی کە بەنو ئیسرائیل بوون بە مەیموون و بەراز،[159] هەروەها تەئویلکردنی (بینین) لەوەی خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ ﴿٢٣﴾ ﴾ [القيامة: ٢٢ - ٢٣]،[160] یان تەئویلکردنی (الميزان) لەوەی خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُۥ ﴿٦﴾ ﴾ [القارعة: ٦]،[161] جگە لەمەیش.

ئەم تەئویلکردنە بە شێوەی تاکە واناکات کە ئیتر هیچی لێ وەرنەگیرێت، بگرە لە سوفیانەوە هاتووە دەڵێت: (ئەگەر تەفسیرێکت لە موجاهیدەوە پێ گەیشت ئیتر بەستە)، یەکێکە لە قوتابییە گەورەکانی ئیبنو عەبباس، کە ڕاستەوخۆ تەفسیری لێوە وەرگرتووە. لە تەفسیرەکان ڕەتکردنەوەی هەندێ لە وتەی سەلەفی تێدا دەبینرێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئیتر وتەکانی تریان وەرناگیرێت، یان ئیتر ڕێز لە بیروبۆچوونیان پێگەیان ناگیرێت. ئیبنولقەییم لە تەفسیری ئەم ئایەتە ڕەتی دەکاتەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَٱلسَّٰبِقَٰتِ

---

[159] الطبري ٣٣٢/١
[160] تفسير الطبري ١٩٢/٢٩ـ١٩٣
[161] تفسير الطبري ٢٨٢/٣٠

سَبۡقٗا ﴿٤﴾ [النازعات: ٤]، ئەوەی وتوویانە: (ئەو فریشتانەن کە پێشی شەیتانەکان کەوتن بە وەحی بۆ پێغەمبەران).(١٦٢) ئەم وتەیە ڕیوایەتکراوە لە عەلی و مەسرووقەوە، وەکو ماوەردی باسی کردووە.(١٦٣) لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵەکەی ڕەتدەکرێتەوە، هەندێجار موفەسیرین ئاراستەی وتەی سەلەفیان ڕەتکردۆتەوە، لەگەڵ ڕوونکرنەوەی هۆکارەکەی.

## نموونەی ئاراستەی وتەی سەلەف:

١. وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّقَدۡ كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا ﴿٢٢﴾﴾ [ق: ٢٢]، ئیبن زەید دەڵێت: (ئەوە پێغەمبەرە ﷺ، دەشڵێت: کە لەم پەیامە بێ ئاگا بووی لەگەڵ ئەو گەلە بووی لە کاتی جاهیلیەتیاندا، ﴿فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ﴿٢٢﴾﴾ [ق: ٢٢]، تەبەری لەسەر لێکدانەوەکەی ئیبن زەید دەڵێت: ئەبێت پەیامەکە لە خوای پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ بێت، کە بێئاگا بووە لە سەردەمی جاهیلیەتدا لەم دینەدا کە بۆی نێردراوە، ئەو پەردەی لەسەر لادرا کە لە جاهیلیەتدا لەسەری بوو، بینایی چاوی بەئیمان کرایەوە و بۆی ڕوون بوویەوە تا لەسەر ئەوە دامەزرا و پاشان تیژبین بوو پێی.(١٦٤)

٢. وەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ﴿٢٢﴾﴾ [ق: ٢٢]، قورتوبی دەڵێت: لە زوحاکەوە ڕیوایەت کراوە واتای: ﴿فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ﴿٢٢﴾﴾ [ق: ٢٢]، زمانەی تەرازووە. من وا دەزانم مەبەستی پێی زانست و زانیارییەکەی بێت کە لە دونیادا هەیبووە شاهیدێکی ڕاستگۆیانە بێت لەسەری، کە (بصر)ی

(١٦٢) التبيان في أقسام القرآن ٨٦.
(١٦٣) تفسير الماوردي ٣٩١/٤
(١٦٤) تفسير الطبري ١٦٤/٣٦

چواندووە بە زمانەی تەرازوو کە بە دروستێتی پێوانە دەکات، کە بەو هۆیەوە خاوەنەکەی ئەندازەی دروست و تەواو دەزانێت کە زیادە یان کەمە، بۆیە لە ڕۆژی قیامەتیش دەزانێت چی بەدەستهێناوە و شاهێدیی لەسەر ئەدات وەکو زمانەی تەرازوو.(١٦٥)

٣. خــوای گەورە دەفەرموێــت: ﴿ وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ﴿١٩٥﴾ ﴾ [البقرة: ١٩٥]، ئەبو لەیس دەڵێت: وتەی ئیبنو عەبباس، دەستمەگرن لە خێرکردن چونکە بە هیلاکتان ئەبات، واتا دەست مەگرنەوە لەخێرکردن و سەرخستنی لاوازەکان، چونکە ئەگەر ئەوان دوابکەون لێتان دوژمن بەسەرتان زاڵ دەبێت، بەهیلاکدا دەچن. هەروەها واتایەکی تر: دەست مەگرنەوە، ئەبێتە میراتیی کەسێکی تر، بە هیلاك دەچن لەوەی سوودتان لەماڵەکانتان نەبینیوە. واتایەکی تر: دەست مەگرنەوە، چونکە لە دونیا جێگەی بۆ پڕ نابێتەوە و پاداشتی ڕۆژی دوایی لە دەست دەچێت.(١٦٦)

٤. خــــوای گەورە دەفەرموێــــت: ﴿ وَٱلَّذِينَ فِىٓ أَمْوَٰلِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ ﴿٢٤﴾ لِّلسَّآئِلِ وَٱلْمَحْرُومِ ﴿٢٥﴾ ﴾ [المعارج: ٢٤ - ٢٥]، ئیــبن عەتیــیە دەڵێــت: عــومەری کــوڕی عەبدولعەزیز (ڕەزای خوای لێبێت) وتی (المحروم): سەگە. مەبەست لێی -والله اعلم- هەموو ئاژەڵێکی جگەرتەڕە؛ واتا ئاژەڵێکی زیندوو، کە پاداشتی تێدایە، بەپێی فەرموودەی مەئسوور.(١٦٧)

٥. خــوای گەورە دەفەرموێــت: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ﴿٢٨﴾ ﴾ [فاطر: ٢٨]، ئیبنولقەییم دەڵێت: لەتەفسیری عەلی کوڕی ئەبی تەلحە، ئەویش

---

(١٦٥) تفسير الطبري ١٦٤/٢٦
(١٦٦) تفسير القرآن الكريم لأبي الليث السمرقندي٥٨٣/١ـ ٥٨٤
(١٦٧) تفسير ابن عطية ٩٩/١٥

لە ئیبنو عەبباسەوە دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُاْ ﴾ [فاطر: ٢٨]، دەڵێت: (الـذين يقولـون إن الله عـلى كـل شيء قدير). ئەوانەن کە دەڵێن خوا باڵادەستە بەسەر هەموو شتێکدا. ئەمە زانست و لێکدانەوەی ئیبنو عەبباسە، پەیبردنێتی بە ڕاستییەکان دەربارەی ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە، زۆرینەی ئەهلی کەلام پابەند نابن، حەقی تەواو نادەن بەم ڕستەیە، هەرچەندە دانیشی پێدا بنێن، نکۆڵی لە قەدەر دەکەن و دان نانێن بە دروستکراوێتیی کرداری بەندەکان لە لایەن خوای گەورەوە بەو شێوازەی خۆی، هەروەها نکۆڵی لە کردارەکانی خوای گەورە دەکەن کە خوای گەورە ئەنجامی ئەدات بەو شێوازەی کە هەیە، ئەوە دەردەخەن کە توانای کردنی ئەو کارەی نییە کە ئەیەوێت بیکات، هەرکەسێك دان بەوەدا نەنێت کە خوای باڵادەست لە هەرڕۆژێکدا هەر کردارێك بیەوێ ئەنجامی بدات ئەنجامی ئەدات؛ ئەوە دانی بەوەدا نەناوە کە (إن الله على كل شيء قدير) خوای گەورە باڵادەست و بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

ئەگەر دان بەوەدا نەنێت کە دڵی بەندەکان لە نێوانی دوو پەنجە لە پەنجەکانی (الرحمن) دایە و وەریدەگێڕێت چۆنی بوێت، کە وەرگێڕانی دڵ حەق و ڕاستییە، ئەگەر بیەوێ دڵ دامەزراو دەکات لەسەر ئیمان، ئەگەریش بیەوێ ئەیخزێنێ و لای ئەدات، دانی بەوەدا نەناوە کە (إن الله على كل شيء قدير) خوای گەورە باڵادەست و بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا، ئەگەر دان بەوەدا نەنێت کە خوا لە سەرووی عەرشەوەیە لە دوای دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان و هەموو شەوێك دادەبەزێتە ئاسمانەکانی دنیا، دەفەرموێت: کێ داوایەکی لێم هەیە پێی بدەم؟ کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات لێی خۆش بم؟

هەروەها دابەزیوەتە لای دارەکە لەگەڵ موسا قسەی کردووە، هەروەها دابەزیوەتە سەر زەوی لە دوای ئەوەی کەسی تێدا نامێنێت، لە ڕۆژی قیامەت

دێـت و بەنـدەکان لە یەکـتر جـودا دەکـاتەوە، خـۆی بۆیـان دەردەخـات و پێدەکەنێ، زاتی خـوا دەبینن، پێـی خـۆی دەخـاتە نێـو دۆزەخەوە و تەنگیـان دەکات بەسەر یەکتردا، بۆشایی لە نێوانیان ناهێڵێتەوە.

تاوەکو کۆتایی لە ویست و کردارەکانی خوای گەورە کە دانـی پێـدا نـانێن، ئەوە دانیان نەناوە بەوەی (إن الله على كل شيء قدير) خوای گەورە باڵادەست بەتوانایە بەسەر هەموو شتێك، مەبەست لە وتەی زانا و تەرجومـانی قورئـان -ئبن عبباس- ئەمە بوو.(١٦٨)

٦. خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ ﴿٦٩﴾﴾ [البقرة: ٦٩].

ئبن جەریـر بۆچـوونی خـۆی داوە لەسـەر وتەی حەسـەن: ﴿صَفْرَآءُ فَاقِعٌ﴾، واتا: ڕەشێکی زۆر ڕەش. ئەبو جەعفەر -ئبن جەریر- دەڵێـت: وائەزانـم ئەوەی وتوویەتی دەربارەی (صَفْرَاءُ) واتا ڕەشیی تێدایە، وتەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە وەسـفی (الإبـل السـود) وتـراوە: ئەم وشـتر زەردە، هەروەهـا (هـذه الناقة صـفراء)، الناقـة: وشـتری مێیـنەیە: واتـا ڕەشـیی تێـدایە. وەکـو ئەوەی وتـراوە دەربـارەی وشـتر، چـونکە ڕەشـیەکەی دەچێـتە سـەر زەرد، وەکـو وتەی ئەو شاعیرە، دەڵێت:

**تِلْكَ خَيْلِي مِنْها وتِلْكَ رِكابِي ... هُنَّ صُفْرٌ أولادُها كالزَّبِيبِ**

واتە: ئەوانە ئەسپ و سوارییەکانی مـنن، بێچوەکانیـان زەردن وەکـو مێـوژ. بە وتەی ئەو (هن صفر): واتا (هن سود) ئەوانە ڕەشن، ئەوەی وەسفی وشتری پێکراوە، وەسفی مانگای پێ ناکرێت.(١٦٩)

---

(١٦٨) شفاء العليل ٥٤، توجيهات أخرى فى التبيان فى أقسام القرآن٤٩ـ ٥١

(١٦٩) تفسير الطبري ٣٤٥/١

# یاساکانی تەفسیر

یاساکان: ئەو پرس و دۆزە هەمیشەیی و گشتییانەن، ڕێکخراوە و کەسی موفەسیر لە تەفسیرکردندا بەکاریان دەهێنێت، ئەکرێت سەرەتایی بێت لە بەکارهێنانیدا و لە بونیادنانی تەفسیردا سوودی لێ ببینێت، یان بۆ تەرجیحکردنی وتەکان بێت. ئەکرێت ئەم یاسایانە هەڵێنجانی بۆ بکرێت لە کتێبی تەفسیر، کتێبی زمان، ڕەوانبێژی و بنچینەکان (اصول).

ئەم یاسایانە دابەش ئەبن بۆ دوو بەش: (القواعد العامة) یاسای گشتی و (القواعد الترجيحية) یاسای پەسەندێتی. لێکچوونی تێدایە لە نێوانیان لە ڕواڵەتدا لە کاتی وردبوونەوە لێی.

## یەکەم: یاسای گشتی

مەبەست لە یاسای گشتی، کەسی موفەسیر ئەکرێت بەکارییبهێنێت لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتێکی قورئان، ئەکرێت هەندێك لەم یاسایانەیش سوود بن تێیدا، ئەکرێت زمانەوانی بێت، ئەکرێت ئوسوڵی بێت و ئەشکرێت ڕەوانبێژی بێت... .

باس لە هەندێك وتە دەکەم لەسەر ئەم (قواعد) یاسایانە، بەبێ دابەشکردن و ڕێکخستن، بەهۆی کەمی باسەکەوە، ئەمە چەند نموونەیەکن لەو یاسایانە:

- ئیبنولقەییم دەڵێت: ناسراو و زانراو لە لەفزەکانی قورئان هەموویان ئاماژەن لەسەر کۆمەڵە واتایەك.[١٧٠]

-شەنقیتی دەڵێت: ئەگەر لە لایەن زانایانەوە بڕیار لەسەر ئایەتێك درا، هەڵگری چەند واتایەکی دروستە، ئەکرێت لەسەر هەموویان واتا بکرێت، هەر

(١٧٠) جلاء الأفهام ٣٠٨

وەکو شێخ تەقیەدین ئەبولعەبباس؛ ئیبنو تەیمیە لە رسالەتەکەی لە زانستی قورئان بە بەڵگەوە باسی کردووە.(١٧١)

-ئەوەی نادیارە لە قورئاندا بێ سوودە لێکۆڵینەوە لێی:

شەنقیتی دەڵێت: لە قورئانی پیرۆزدا شتانێك هەن خوای گەورە ڕوونی نەکردۆتەوە بۆمان و نە پێغەمبەر ﷺ، هیچ شتێك دەربارەی ڕوون نەکراوەتەوە، لێکۆڵینەوە لێی بێ هودە و بێ سوودە.(١٧٢)

-ئەگەر زانرا تەفسیرێکی قورئان لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، پێویست بە وتەی کەسی تر ناکات.(١٧٣)

-تەفسیری هاوەڵان لە پێشی کەسانی ترەوەیە، ئەگەر چی دەقەکە لە ڕواڵەتدا ئەوەیش نەگەیەنێت، چونکە ئەوان زاناترن بەواتای قورئان و هۆکاری دابەزینەکەی و مەبەستەکە لێی. وەکو ئەم نموونەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡۚ ١٠ ﴾ [الأحقاف: ١٠].

مەسروق دەڵێت: وەڵلا دەربارەی عەبدوڵلای کوڕی سەلام دانەبەزیووە، ئەم ئایەتە لە مەککە دابەزیوە، عەبدوڵلای کوڕی سەلام لە مەدینە موسوڵمان بوو، ئەوانەی ڕووبەڕووی بوونەوە گەلەکەی خۆی بوو لە مەککە، واتا دەربارەی قوڕەیش دابەزیووە، دەڵێت: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرۡتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡۚ ١٠ ﴾ [الأحقاف: ١٠]، دەڵێت: تەورات وەکو قورئان وایە و، موسا وەکو محەمەد ﷺ وایە، ئیمانیان هێنا بەتەورات و بە پێغەمبەرەکەی، کەچی ئێوە بێ بڕوابوون پێی. سەعدی

(١٧١) أضواء البيان ١٢٤/٣،تحرير والتنوير ٩٣/١ـ١٠٠
(١٧٢) أضواء البيان ٤٣/٤
(١٧٣) التفسير الكبير لابن تيمية١١٩/١

کوڕی ئەبی وەقاس، عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و ئیبنو عەبباس، دەڵێن: الشاهد، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی سەلام. موجاهید، قەتادە، زوحاك و، حەسەن و ئیبن زەید هەمان ڕایان هەیە.

قورتوبی دەڵێت: بۆچوونی پەسەند لای من ئەوەیە کە مەسرووق دەربارەی ئەو ئایەتە لێکچووی ڕواڵەتی ئایەتەکەیە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كَانَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرۡتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثۡلِهِۦ ﴿١٠﴾ ﴾ [الأحقاف: ١٠] لە چوارچێوەی سەرزەنشتکردنی قوڕەیش لەلایەن خوای پەروەردگارەوە لە سەر ڕەخنەکانیان لەسەر پێغەمبەر ﷺ، ئەم ئایەتە لێکچووی ئایەتەکانی پێش خۆیەتی، ئایەتەکانی پێش خۆی باسی ئەهلی کتێب ناکات و نە باسی یەهود، تا بلێی دەربارەی ئەوان دابەزیووە، بەڵگەیەك نییە کە لەسەر لادانی واتای وتەکە دەربارەی ئەو چیرۆکەی لە پێشدا باسکراوە کە قوڕەیشە، جگە لەوەی ئەم هەواڵە لە کۆمەڵەیەك هاوەڵانی پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، کە مەبەست لێی عەبدوڵڵای کوڕی سەلامە، زۆرێکیش لە ئەهلی تەفسیر وایان وتووە، هاوەڵان شارەزاترن بە واتاکانی قورئان، هەروەها هۆکاری دابەزینەکەی و مەبەستی ئایەتەکە، ئەگەر وتبێتیان بەو شێوەیە؛ ئیتر بەو شێوەیە دەبێت، واتا ئایەتەکە دەربارەی عبدوڵڵای کوڕی سەلامە دەربارەی قوڕەیش نییە، کە عەبدوڵڵای کوڕی سەلام شاهێدیی لەسەر بەنو ئیسرائیل داوە، واتا لەسەر قورئان وەکو تەورات وایە، شاهێدیی داوە لەسەر ئەوەی محەمەد ﷺ نووسراوە لە تەوراتدا، نووسراوە لایان لە تەوراتدا کە پێغەمبەرە، هەروەکو ئەوەی نووسراوە لە قورئاندا کە پێغەمبەرە.(١٧٤)

- ئیعرابی قورئان پێویستە بە پاراوترین شێواز بێت، ناکرێت تەنها بە ئەگەرێکی نەحوی ئیعراب بکرێت، بەشێوازێك کە پێکهاتەی وتەکە هەڵگری

---

(١٧٤) تفسير الطبري ٩/٢٦.

واتاکە بێت، ئەبێت وتە واتاداربێت. نموونە: خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٥٦ ﴾ [الأعراف: ٥٦]، ئیبنـولقەییم بـاس لە وتەی کەسێك دەکات دەڵێت: ئەمە لەو بەشانەی کە حەزفـی تێـدایە وەسـفکراوەکە لابراوە و وەسفێك لە جێگەی دانراوە، وەکو ئەوەی وتراوە: (إن رحمـة الله شيء قريـب مـن المحسـنين)، پاشـان بەرپەچـی ئەم وتەیەی داوەتەوە لە چەنـد ڕوویەکەوە، باس لە یەکێکیان دەکەین، ئەوەیە:

(شيء)یـش گشـتیرترە لە (المعلومـات) زانیـاری، چـونکە (واجـب والممكـن) ئەگـرێتەوە،(١٧٥) نە لە تەقـدیردا و نە لە لەفـزدا ئەوەی لە ڕسـتەکەدا بـۆی زیادکراوە سوودێکی بۆی نابێت لە ڕووی زمانپاراوی و ڕەوانبێژیشـەوە، ئەبێـت لە بەرزتـرین پـلەی ڕوانبێـژی و زمانپاراویـدا بێـت، چـی ڕەوانبێـژییەك و زمانپـاراوییەك لەوەدایە لە وشـەی (حـائض و طامـث و طـالق)دا، بڵێـی: (شيء حـائض) شـتێك لە حەیـزدا، (شيء طامـث) شـتێك لە سـوڕی مانگـانەدا، (شيء طـالق) شـتێك تەڵاقـدراو؟ ئەگەر بەم شـێوازە دەرببڕێـت لای گـوێگر؛ شـتێکی بێواتـا و نـاشرین دەبێـت. ئەگەر (شيء) شـتێکی زانـراوی گشـتی بێـت، ئەوە ئامـاژەیەکی تێـدا نییە، نە لەسـەر سـتایش و لـۆمە و نە تەواوێتـی و کەمێتـی. ئەبێت لەو شتەدا لەوە ئاگادار بێت، دروست نییە وتەی خوای گەورە تەفسیر بکرێت تەنها بە ئەگەرێکی نەحویی ئیعرابی، بەشـێوازێك کە پێکهـاتەی وتەکە هەڵگری واتاکە بێت، ئەبێت وتە واتادار بێت.

ئەمە ئەو بـابەتەیە کە ئیعرابکەرانـی قورئـان هەڵەی تێـدا دەکەن، کە تەفسیری ئایەتێك دەکەن و ئیعرابی دەکەن بە ئەگەرێکی پێکهـاتەی ڕسـتەکە، تێگەیشتنی بـۆ دەکەن بەپێـی پێکهـاتەی ڕسـتەکە، ئیـتر هەر واتـایەکی لەگەڵ بگونجێت، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، کە کەسی گوێگر وادەزانێ کە مەبەسـتی

(١٧٥) "واجب: ئەو شتەیە کە لەخودی خۆیدا بوونی هەیە. ممكن: ئەکرێت هەبێت ئەکرێت نەبێت، واتا بوون و نەبوون تێیدا یەکسانە". وەرگێڕ

قورئـانەکە شـتێکی تـرە، ئەگەر پێکهـاتەی ڕسـتەیەك یـان دەقـێکی تـر غەیـری قورئانەکە ئەو واتایە هەڵگرێت، ئەوە قورئانەکە پێوەی پەیوەست نیـیە و بـۆی نابێت.

یان وەکو وتەی هەندێك لەخوێندنەوەی ئەوەی بەم شێوە دەیخوێنێتەوە: ﴿وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء: ١]، بە جەرە بۆ سوێندەکە، نموونەی وتەی هەندێکی تر لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ ٢١٧﴾ [البقرة: ٢١٧]، (الْمَسْجِدِ) بە عەتف مەجروورە لەسەر زەمیر (ڕاناو)ی مەجروور لە (بِهِ)دا، نموونەی وتەی هەندێکی تر لەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّٰكِنِ ٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ مِنۡهُمۡ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَۚ وَٱلۡمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَۚ ١٦٢﴾ [النساء: ١٦٢]، کە ﴿وَٱلۡمُقِيمِينَ﴾ مەجروورە بە واوی قەسەم (سوێند).

ئەمە چەند نموونەیەکی زۆر کەمە، ئەگینا وێنەی ئەمانە زۆرە، بەڵکوو قورئان وێنایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ناکرێت بەشێوازێك تەفسیر بکرێت کە گونجاو نییە و شایستە نییە، ناکرێت تەفسیر بکرێت بەغەیری کەلتوور و زانراوی واتای قورئانەکە، ئەندازەی واتاکەی بۆ واتاکان وەکو ئەندازەی لەفزەکەیەتی بۆ لەفزەکان و بگرە گەورەترە، هەروەکو لەفزەکەی بەڕێزترین، پادشا و ڕەوانبێژترینی لەفزەکانە، لە ڕەوانبێژیدا بڵندترین پێگەی هەیە، کە لە دەسەڵاتی هەموو جیهاندا نییە هاوشێوەی بهێنن، هەروەها واتاکەیشی گەورەترین و بەڕێزترینی واتاکانە، ناکرێت بە واتایەك واتا بکرێت کە شایستەی نەبێت، ئەکرێت بۆ غەیری قورئانەکە بگونجێت و واتایەکی گەورە و چاکی پێ ببەخشێت. بەڵام قورئانی پیرۆز ناکرێت بەواتایەکی کورت تەنها بە ئەگەرێکی نەحوی ئیعرابی بێت. ئەم یاسایە لێی بکۆڵەوە و هەمیشە بیرت بێت، سوودت پێ دەبەخشێت لە زانینی لاوازی و درۆی زۆرێك لە

موفەسیرەکان. (إن شاء الله) ئەمە زیاتر ڕوون و شی دەکەینەوە لە قسەکردن لەسەر بنچینەکانی تەفسیر، ئەمە بنچینەیەکە لەو بنچینانە.(١٧٦)

نموونەیەکی تر: وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ٢ ﴾ [البقرة: ٢]، ئیبن حیببان دەڵێت: چەند شێوازێکی ئیعراب لەبارەی ئەم ئایەتەوە ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ﴾، هاتووە، ئەوەی کە هەڵمان بژاردووە تێیدا: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ ﴾ ڕستەیەکی سەربەخۆیە لە (مبتدأ و خبر) پێکهاتووە، چونکە هەرکات کرا وتەکە حەمل بکرێتە سەر غەیری (ئیضمار) شاردنەوەی، ئەوە لە پێشترە ئەو ڕێگە بگیرێتە بەر کە ئاشکرا بکرێت و نەشاردرێتەوە؛ هەروەها ئەمە ڕێچکە و کەلتوورمانە لە ئیعرابدا، هیچ ڕێگەیەکی تر ناگرینە بەر مەگەر باشترین شێواز نەبێت، نابێت دوور بێت لە زمانی عەرەبەوە، وتەی خوای پەروەردگار وەکو شیعرەکانی (امرء القیس) و (اعشی) نییە، کە لەفزەکەی هەموو شێوازێك و ئەگەرەکان لە خۆ بگرێت، وتەی خوای پەروەردگار لە ڕەوانبێژترین وتەکانە ئەبێت لە کاتی ئیعرابکردندا باشترینی شێوازەکانی بۆ بەکاربهێنرێت، ئەوەی کە باسمان کرد زۆرێك باسیان کردووە بۆ ئەوەی تێڕوانینی تێدا بکرێت، ئەکرێت هەندێجار بۆ ئەو کەسانەی کە لێکۆڵەرن بۆیان دەرکەوێت و پەسەندێتی لە شتێکدا بدەن.(١٧٧)

### * (قواعد في العموم) یاسا لە ناو گشتییەکاندا:

أ. (حذف المتعلق يفيد العموم النسبي) لابردنی پەیوەست سوودی گشتێتیی ڕێژەیی دەگەیەنێت: واتا سوودی واتایەکی گشتی کە شایستە و گونجاو بێت بۆی، گشتییەکە ئەوانە دەگرێتەوە لە دەقی وتەکەدا کە بەهۆی

---

(١٧٦) التفسير القيم ٢٦٨ـ ٢٦٩.
(١٧٧) البحر المحيط ١٣٦.

ئەووەوە هاتبێت، ئەوە تاکێکە لە تاکەکانی ئەم واتا گشتییە. وەکو ئەم نموونەیەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣﴾ [البقرة: ١٨٣]، ئەوەی کە پەیوەست دەبێت بە ﴿تَتَّقُونَ﴾ ئەوەی کە مەحذوف (لابراو)ە، ئەکرێت چەند شتێکی پەیوەست بن، لەوانە: (تتقون الله)، (تتقون النار)، (تتقون المحارم).(١٧٨)

ب. ئەگەر (ال) چووە سەر وەسف (ئاوڵناو)ەکان و ناوی ڕەگەزەکان، ئەوە سوودی گشتێتیی هەموو ئەو وەسفە یان ئەو ناوەیە. نموونەی وەسفەکە: ﴿إِنَّ ٱلۡمُسۡلِمِينَ وَٱلۡمُسۡلِمَٰتِ وَٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ... أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغۡفِرَةً وَأَجۡرًا عَظِيمًا ٣٥﴾ [الأحزاب: ٣٥]، هەمووی پێکهاتەی واتای وەسفەکە دەگرێتەوە، لە (الإسلام)، (الإيمان)، (القنوت)، (الصدق) و ...هتد.

نموونەی ناوی ڕەگەز: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ ٢﴾ [المائدة: ٢]، (البر) هەموو کردارێکی چاکە دەگرێتەوە و (التقوى) هەموو پارێزگاریەك دەگرێتەوە.(١٧٩)

جـ. (نكيرة) نەناسراو لە دەقێکی نەفی و (نهي) ڕێگری و (شرط) مەرج و (الاستفهام) پرسیاری، سوودی گشتێتی دەگەیەنن.

نموونەی دەقی نەفی: ﴿يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٌ لِّنَفۡسٍ شَيۡـٔٗاۖ ١٩﴾ [الانفطار: ١٩]، بۆ هەموو نەفسێکە و بۆ هەموو شتێکە.

---

(١٧٨) القواعد الحسان ٤٦ـ٤٧،إرشاد الفحول ١٣٢.
(١٧٩) القواعد الحسان ٩ـ١٣.

نموونەی دەقی نەهی: ﴿فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٢﴾ [البقرة: ٢٢]، هەموو هاوبەشییەك دەگرێتەوە بۆ خوای پەروەردگار.

نموونەی دەقی شەرت: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعۡمَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ ٥٣﴾ [النحل: ٥٣]، هەموو نیعمەتێك لای بەندەكان دەگرێتەوە.

نموونەی دەقی ئیستیفهامی: ﴿هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ٣﴾ [فاطر: ٣]، هەموو دروستكەرێك جگە لەخوای گەورە دەگرێتەوە.[١٨٠]

د. (المفرد المضاف) سوودی گشتێتی دەگەیەنێت: وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ١١﴾ [الضحى: ١١]، ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ ٣٤﴾ [إبراهيم: ٣٤]، هەموو نیعمەتێكی خوای گەورە بەسەر بەندەكانی دەگرێتەوە.

نموونەیەكی تر: ﴿وَمَآ أَمۡرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٞ كَلَمۡحِۭ بِٱلۡبَصَرِ ٥٠﴾ [القمر: ٥٠]، هەموو ئەمرێكی كەونی و قەدەری دەگرێتەوە.[١٨١]

هـ. ﴿وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ ١٩٥﴾ [البقرة: ١٩]، ئیبن عاشوور دەڵێت: كرداری (تلقوا) لە دەقی نەهی بۆ گشتێتییە، هەموو بە هیلاك بردنێك بە دەستی خۆت دەگرێتەوە.[١٨٢]

و. شێوە و لەفزەكانی گشتی لە قورئانی پیرۆزدا زۆرن: (كل، وجميع،

---

[١٨٠] القواعد الحسان ١٣ـ ١٤، مزكره أصول الفقه ١٠٦
[١٨١] القواعد الحسان ١٤
[١٨٢] التحرير والتنوير٢/٢١٥

وأجمعون، وكافَّة، و (مـن-مـا)ی مەرجـی و پرسـیاری، وموصـولة، ومصـدرية، والجمع المضاف، ناوی كۆ وەكو (القوم، والذي، والتي...هتد).

- (إنَّ) نـوونی موشـەددەدی مەكسـوور سـوودەكەی بـۆ (تعليـل) هۆكـار دەرخستنە:

وەکـو ئەوەی خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ إِنَّ زَلْزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَىْءٌ عَظِيمٌ ①﴾ [الحج: ١]، واتا: (اتقوا ربكم) لە خوا بترسن، چونكە بـە دڵنيـايی هەژاندنی ڕۆژی قیامەت یەكجار گەورەیە.[١٨٣]

- (الفاء) سوودەكەی بۆ (تعليل) هۆكار دەرخستنە:

وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ﴿٢٢٢﴾﴾ [البقرة: ٢٢٢]، ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓا۟ أَيْدِيَهُمَا ﴿٣٨﴾﴾ [المائدة: ٣٨]، لەیەكەمـدا: لە سـوڕی مانگـانەدا بەئـازاربوونە. لە دووەمـدا: هۆكـارەكەی دزییەكەیەتی.[١٨٤]

- ڕستەی (الأسمية) بەڵگەیە لەسەر (الثبوت) جێگر و دامەزراو بوون.[١٨٥]

- ڕسـتەی (الفعليـة) كـرداری بەڵـگەیە لەسـەر تـازە بـوونەوە و دووبـارە بوونەوەی.[١٨٦]

وەکـو ئەوەی خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ يُنفِقُونَ ③﴾ [الأنفال: ٣]، ئیـبن عاشـوور دەڵێـت: هـاتووە دوو كـرداری

---

[١٨٣] أضواء البيان ١٤،٦٠/٥
[١٨٤] أضواءالبيان ٢٣٨/٥
[١٨٥] معترك الأقران ٦١٤/٣، حاشية محى الدين شيخ زادة ٣١/١ـ٣٢
[١٨٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ڕانەبـــردوو (یقیمـــون) و (ینفیقـــون) بەڵـــگەیە بـــۆ دوبـــارەبوونەوە و تازەبوونەوە.[187]

- هـاتنی کردارێکـی ڕابـردوو لەسـەر شـێوازی ڕانەبـردوو، سـوودی ئەوەی تێدایە وێنای بارودۆخی ڕووداوێك دەكات لەكاتی ڕوودانی ڕووداوەكەدا. وەکو خـــوای گەورە دەفەرموێـــت: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَتُصۡبِحُ ٱلۡأَرۡضُ مُخۡضَرَّةًۚ ٦٣﴾ [الحج: ٦٣]، ئیبن عاشوور دەڵێـت: بـاس لە سـەوزبوونی زەمینی کردووە بەشێوازی (تصبح مخضرة) ڕانەبـردوو، هەرچەنـدە لقـێکە لە کـرداری ﴿أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ﴾ كە بەشـێوازی ڕابــردووە، مەبەســت لە ڕانەبردووەکە ئامادەکردنی وێنەیەکی سەرسوڕهێنەری چاکە.[188]

- (اسـم الموصـول) سـوودەكەی بەڵـگەیە لەسـەر هۆكـاری حـوكمەكە، واتـا بەرانبەرپێکردنی فرمانەکەیە بە هۆکارەکەی.

وەكـــو خـــوای گەورە دەفەرموێـــت: ﴿وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٤٢﴾ [سـبأ: ٤٢]، هۆکاری وتەکە بۆیان، ئەوەیە کە ستەمیان کردووە.

لەکۆتایدا ئەمە چەند نموونەیەکی کەمە لە کۆمەڵە نموونەیەکدا، ئەگەر بەدواداچوون بکەی زیاتر دەبینی.

❊❊❊

[187] التحريرو التنوير ٢٦٠/٩

[188] التحرير والتنوير ٣١٨/١٧، روح المعاني ٩٠/٩

## دووەم: (القواعد الترجيحية) یاسای پەسەندکردن:

مەبەست لە (القواعد الترجيحة): ئەو یاسایانەیە کە کاریان پێ دەکەین، لە کاتی تەرجیحدان و پەسەندکردن لە نێوان وتەی موفەسیرەکان.

ئەکرێت ئەم یاسایانە بەکاربهێنرێت لە دوو حاڵەتدا:

**یەکەم:** پەسەندکردن(تەرجیح)کردنی یەکێك لە وتەکان بەسەر ئەوانی تردا.

**دووەم:** ڕەتکردنەوەی یەکێك لە وتەکان.

لە چی کاتێکدا تەرجیح دەدرێت؟

ئەو تەفسیرانەی کە گواستراونەتەوە بۆمان؛ یان ئەوەن کۆڕایان لەسەرە، یان ئەوەیە کە نییە. ئەگەر کۆڕایی هەبوو، پێویست بە تەرجیحدان ناکات، کۆڕایی لە تەفسیردا زۆرە، هەندێکی باسکراوە لە لێکۆڵینەوەکانی (الإجماع في التفسير) لەوانە:

١. وەکو تەفسیرکردنی (اليوم الموعود) بە ڕۆژی دوایی ﴿ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡمَوۡعُودِ ٢ ﴾ [البروج: ٢].[189]

٢. تەفسیرکردنی (المغضوب عليهم) بە یەهود و، (الضالين) بە نەسارا.[190]

ئەگەر ڕاجووداییان هەبوو، ئەوە ڕاجوودایی دوو جۆرە:

یەکەم: ڕاجودایی دژ (اختلاف تضاد): وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَ مَا تَبَيَّنَ ٦ ﴾ [الأنفال: ٦]، هەندێك دەڵێت: (المجادل) ئەوانەن کە موسوڵمانەکانن، هەندێك دەڵێن: ئەوانەن کە بێباوەڕەکانن.

---

(189) زاد المسير ٢١٦/٨.

(190) تفسير ابن أبي حاتم ٢٣/١، النكت والعيون ٦١/١

لە نموونەی ئەمانەدا بە یاساکانی تەرجیح و پەسەندکردن بۆچوونی پەسەندی ئایەتەکە دەخەیتە ڕوو.

دووەم: ڕاجودایی جۆرێتی (اختلاف التنوع): لە پێشدا لەگەڵ نموونەدا باسمان کرد.

لەم حاڵەتەدا کار بە یاسای تەرجیح دەکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو واتایەی لەپێشترە ئەگەر پێویستی بەوە کرد، ئەگەر ئایەتەکە ئەوە هەڵبگرێت کە ڕەتبکرێتەوە.

## ڕێگای موفەسیرەکان لە خستنەڕووی تەفسیرە گواستراوەکان:

تەرجیح و پەسەندکردن تەنها لەو دوو جۆرە ڕاجودایيە دێت، موفەسیرەکان سێ ڕێگایان هەیە لە گێڕانەوەی و باسی ڕاجووداییدا:

یەکەم: گێڕانەوەی ڕاجودایيیەکە، بێ ئەوەی باسی وتە ڕاجح و پەسەندەکە بکات، وەکو تەفسیری ماوەردی و ئیبن جەوزی.

دووەم: گێڕانەوەی ڕاجوودایەکە و خستنە ڕووی پەسەندەکە، بێ ئەوەی پەسەندەکە بداتە پاڵی کەس، وەکو تەفسیری ئیبن عەتییە.

سێییەم: گێڕانەوەی ڕاجودایيیەکە لە گەڵ خستنەڕووی پەسەندەکەیان، لەگەڵ یاسای هۆکاری پەسەند کردنەکەی، وەکو تەفسیری تەبەری و شەنقیتی.

لەگەڵ گرنگی ئەم بابەتەیشدا، زۆر بە کەمی لێکۆڵینەوەیەك دەبینی تایبەت بێت لە پێشەکی موفەسیرەکاندا و لەغەیری ئەوەیشدا. عیزی کوڕی عەبدولسەلام، کە لە ساڵی (٦٦٠ك) کۆچی دوایی کردووە، ئاماژەی پێکردووە لە کتێبێك بە ناوی (بالاشارة الى الإيجاز في بعض أنواع المجاز) باس لە هەندێ یاسای تەرجیحی کردووە، بێ ئەوەی باسی نموونەکانی بکات.

موفەسیر محەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی جوزەی کەلبی، کە لە ساڵی (٧٤١ك) کۆچی دوایی کردووە، لە پێشەکی تەفسیرەکەیدا باسی (١٢) شێوازی

کردووە لە تەرجیح و پەسەندێتیدا.

دەربارەی بەکارهێنانی یاساکانی تەرجیح و پەسەندکردن لە تەفسیرکردندا شێخی موفەسیرین پێشەوا ئیبن جەریری تەبەری پێشەنگ بووە، لەکاتی تەرجیحداندا دوو ڕێگای بەکارهێناوە:

یەکەم: باسی یاسای تەرجیحکردنەکەی کردووە بە دەق، لە کاتی تەرجیحکردنی وتەیەك لە تەفسیردا.

دووەم: باسی یاساکەی نەکردووە بەڵام تەرجیحی بەو یاسا داوە، وەکو یاسایی «العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب»، تەرجیحەکەی لەسەر ئەم یاسایە بونیادناوە، بێ ئەوەی باسی یاساکە بە دەق بکات.

هەروەها تێڕوانین لەوەی کە پێشەوا ئیبن جەریری تەبەری ئەنجامی داوە، ئەو یەکەم کەسە کە بەوشێوازە کاری بەو یاسایانە کردووە لە تەفسیرکردندا، هەندێك لەو دەستەواژانە کە بینیومە بۆتانی باس دەکەم:

١. دروست نییە کەسێك بانگەشەی تایبەتێتیی ئایەتێك بکات، کە گشتی بێت لە ڕواڵەتدا، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت بۆ تایبەتکردنی،[١٩١] واتا: هەواڵ لەسەر شێوازە گشتییەکەیەتی، تا ئەو کاتەی شتێك دێت تایبەتی ئەکات.

٢. تەئویلێك (لێکدانەوە) کۆڕایی[١٩٢] لەسەر بێت، لە پێشترە لە تەئویلکردنی قورئاندا.[١٩٣]

٣. ئەگەر وشەیەك چەند شێوازێك هەڵبگرێت، کەسێك ناکرێت هەندێ شێوازی وەربگرێت و هەندێکی تری ڕەت بکاتەوە بە بێ بوونی بەڵگە.[١٩٤]

٤. کاتێك وتەیەك لە ئاراستەی قسەکەرێکەوە دێت، بەو شێوازەیە کە لەناو خەڵکیدا زانراوە، بێ ئەوەی واتایەکی نادیاری هەبێت.[١٩٥]

---

[١٩١] تفسير الطبرى ٥٠٨/١

[١٩٢] کۆڕایی لای ئیبنو جەریر واتا زۆرینە.

[١٩٣] تفسير الطبري ٧٥/١، ١٢٦، ١٧٢، ٢٢٠، ٢٧٤، ١١٣، ٣٣٣، ١١٤/٢، ١٩٣.

[١٩٤] تفسير الطبري ١٣٨/١، ٤٥٠/٢.

[١٩٥] تفسير الطبري ١٧٢/١، ٤٦٨/٢.

٥. لەپێشـترین تەئویـل کە بـۆ ئایەتێـك دەکرێـت، ئەوەیە کە لە ڕواڵەت و ڕووکەشی ئایەتەکە بێت بەڵگەکەی بەو شێوازە دروستە، کە تێگەیشـتنەکە لەو ڕووەوە بێت.[١٩٦]

٦. دروست نییە واز لە تێگەیشتنی ڕواڵەتی ئـایەتەکە بهێنرێـت لە وتەکەدا، بچی بۆ باتنی (ناوەوەی) کە بەڵگەیەك لەسەر دروستییشی نەبێت.[١٩٧]

٧. پەیوەسـتکردنی وتە هەنـدێك بە هەنـدێکی تـرەوە لەسـەر شـێوازێکی دروست لە پێشترە لە وتەیەکی جودا و دژ لە نێوان ڕستەکەدا.[١٩٨]

٨. ئەوەی لەپێشترە بۆ کتێبی خوای گەورە؛ لە زماندا ئەبێت ڕوونترین بـێ ، زانـراو بێـت لە وتەی عەرەبـدا، نابێـت وتەی ئەوان لەبەرچـاو نەگیرێـت و نەزانرێت.[١٩٩]

٩. نابێـت ڕەخـنە بگریـت بە وتەیەکـی شـاز، لە کاتێکـدا ئەو شـتە جێگیـر بووبێت بە بەڵگەی زۆری یەك لە دوای یەك.[٢٠٠]

ئەو یاسـایانەی کە بەکاریهێنـاوە، بە دەق باسـی نەکـردووە و یاسـاکەی نەهێناوەتەوە، بەڵام کاری پێ کردووە:

١. (العـبرة بعمـوم اللفـظ لا بخصـوص السـبب)[٢٠١] عـیبرەت بە گشـتێتیی لەفزەکەیە نەك تایبەتمەندیی هۆکاری دابەزینی.

٢. تەرجیح و پەسەندکردن بە بەڵگەی دەق.[٢٠٢]

ئەمە ئەو یاسـایانەیە کە ئیـبن جەریـر بەکاریهێنـاوە، هەوڵمـداوە ئەو دەستەواژانە بگێڕمەوە، هەرچەندە هەنـدێ یاسـا دووبـارە بـوویەوە، ئەکرێـت

---

(١٩٦) ٢٠٩/١، ٢١٦، ٢٤٧، ٣٣٥، ٥١٠.

(١٩٧) هەمان سەرچاوە ٢٦١/١، ٢٨٠، ٤٦٧، ٥١٦، ٥٣٧.

(١٩٨) تفسير الطبري ٤٦٢/١.

(١٩٩) تفسير الطبري ٣٦/٢.

(٢٠٠) تفسير الطبري٥٩/٢.

(٢٠١) تفسير الطبري ٢٥/١ ، ٨٣ ، ١٨٥ ، ٢/ ٣١٨ ، ٣٢٢.

(٢٠٢) ١٣٨/١، ٢٥٣، ٤٦٧، ٤٩٩، ٥١٣، ٧٠/٢، ٨٢، ٩٥، ١٧٠.

خۆت ئەم یاسایانە ڕێکبخەی لە ڕستەیەکی ڕووندا لە دوای کۆکردنەوەیان و چاککردنیان. مەبەست لەم لێکۆڵینەوە ڕوونکردنەوەی هەندێ یاسای گونجاوی ئەوتۆیە، کە سوودی لێ ببینرێت لە تەرجیحکردن، بۆیە تا ئێرە لە نموونەی ئەم یاسایانە بەسە، ئەمە تەنها بۆ نموونە باسکران بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بۆ دروستێتیی کرابێت.[٢٠٣]

ئەگەر دوو یاسا ناکۆکی کەوتە نێوانیان لەسەر نموونەیەك، ئەکرێت بۆ هەردوو یاساکە گونجاوبێت ببێت بە نموونە بۆ هەردووکیان.

ئەکرێت تەرجیحێتیی وتەیەك بە کارپێکردن بە یاسایەك بکرێت و، تەرجیحی وتەیەکی تر بە کارپێکردن بە یاسایەکی تر.

ئەم یاسایانە بنچینەیەکی گرنگی لەبەرچاوگیراون لە تەرجیحداندا، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت ببێتە هۆکاری ڕێگری لە بەکارهێنانی، هەموو یاسایەکیش ئیستیسنا (کە یاساکە نەیگرێتەوە) تێدایە، ئەوترێت: ئەبێت تەرجیح بە زۆری لە زمانی عەرەب بێت، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت مەبەستی غەیری ئەوە بێت، بە هەمان شێوە یاساکانی تریش، ئاگاداری ئەم تێبینیانە بن.

## (القواعد الترجيحية) یاساکانی پەسەندکردن:

١. (ما يتعلق منها بالعموم في القرآن) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە گشتێتی لە قورئاندا.

٢. (ما يتعلق منها بالسياق القرآني) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە دەقی قورئان.

٣. (ما يتعلق منها برسم المصحف) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە وێنەی موسحەفەکەوە.

٤. (ما يتعلق منها بالأغلب من لغة العرب) ئەوەی کە تێدا پەیوەستە بە زۆرینە لە زمانی عەرەب.

---

[٢٠٣] أضواء البيان ٧٢/١، ٣٧٣/٣.

٥. (ما يتعلق منه بالمعاني الشرعية في القرآن) ئەوەی کە تێدا پەیوەستە بە واتا شەرعییەکەی لە قورئاندا.

٦. (ما يتعلق منها بتصريف اللفظ) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە گۆڕان کاری لەفزەکەوە.

٧. (ما يتعلق منها بالتقديم والتأخير) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە پێشخستن و دواخستنەوە.

٨. (ما يتعلق منها بظاهر القرآن) ئەوەی کە پەیوەستە بە ڕووکەشی قورئانەکەوە.

٩. (ما يتعلق منها بطريقة القرآن وعادته) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە ڕێگا و کەلتور (شێواز)ی قورئان.

١٠. (ما يتعلق منها بإجماع الحجة أو قول الأكثر من الصحابة والتابعين) ئەوەی کە تێیدا پەیوەست ئەبێتە کۆڕای و بەڵگە، یان وتەی زۆرینەی هاوەڵان و تابعین.

١١. (ما يتعلق منها بالاستعمال العربي) ئەوەی کە تێیدا پەیوەست ئەبێت بە بەکارهێنراوی عەرەبی.

١٢. (ما يتعلق منها بالسنة النبوية) ئەوەی کە تێیدا پەیوست ئەبێت بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ.

١٣. (ما يتعلق منها بالتأسيس والتأكيد) ئەوەی کە تێیدا پەیوەست ئەبێت بە (التأسيس) واتای نوێ و تەئکیدەوە.

١٤. (ما يتعلق منها بعود الضمير إلى أقرب مذكور) ئەوەی کە تێیدا پەیوەست ئەبێتە گەڕانەوەی ڕاناوەکە بۆ نزیکترین باسکراو.

١٥. (ما يتعلق منها بتوافق الضمائر) ئەوەی کە تێیدا پەیوەست ئەبێتەوە بە ڕێککەوتنی ڕاناوەکان.

١٦. (ما يتعلق منها بالتقدير وعدمه) ئەوەی کە تێیدا پەیوەست ئەبێتە دەرخستن و نادیارکردنی.

## ١. (ما يتعلق منها بالعموم في القرآن) ئەوەی کە تێیدا پەیوەستە بە گشتێتی لە قورئاندا:

دوو یاسای تێدایە:

أ. هەواڵ لەسەر واتا گشتییەکەیەتی، تا شتێك دێت تایبەتی بکات.

ب. (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب) عیبرەت بە گشتێتی لەفزەکەیە نەك تایبەتمەندی هۆکاری دابەزینی.

## شیکردنەوەی هەردوو یاساکە لە گەڵ نموونەدا:

أ. هەواڵ لەسەر واتا گشتییەکەیەتی، تا شتێك دێت تایبەتی بکات:

هەواڵەکانی خوای گەورە لە قورئاندا زۆر کات لەسەر شێوازی گشتی هاتووە نەك تایبەت، هەندێك لە موفەسیرین باس لە هەندێك وتەیان کردووە، ئەمە لە واتادا تایبەتە بۆ ئەو گشتییە، لە نموونەی ئەمەدا دەوترێت: (الخبر على عمومه حتى يأتي ما يخصِّصه)[٢٠٤]، واتە: هەواڵ لەسەر واتا گشتییەکەیەتی، تا شتێك دێت تایبەتی بکات. نموونە: ﴿ وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ ٣ ﴾ [البلد: ٣]، وتراوە: ئادەم و کوڕەکانی. وتراوە: ئیبراهیم و کوڕەکەی. وتراوە: هەموو کوڕ و باوکێك. ئیبن جەریری تەبەری دەڵێت: وتەی پەسەند ئەوەیە، ئەوەی کە دەربارەی ئەو وتەیەی خوای گەورە دەیلێن: خوای گەورە سوێندی بە هەموو کوڕ و باوکێك خواردووە، لەبەر ئەوەی گشتییە، بۆ هەموو کوڕ و باوکێکە. دروست نییە تایبەت بکرێت، مەگەر بە بەڵگەیەك نەبێت هەواڵەکە تەسلیمی ببێت، یان عەقڵەن، ئەگەر هەواڵێك یان بەڵگەیەك نەبوو تایبەتی

[٢٠٤] ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات بڵێت ئەم ئایەتە تایبەتە کەچی لە ڕوواڵەت گشتی بێت، بەڵگەیەکیش نەبێت تا تایبەتی بکات، بەڵام ئەوەی لە پێشدا باسمان کرد لە تەفسیری سەلەف، تەفسیری بە میسال (نموونە) بوو؛ دژی ئەم یاسایە نابێتەوە، بەڵکوو ئەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کەسێك تەفسیری بە میسال کردبێت.

بکات، ئەوە گشتییە و بە گشتێتی دەمێنێتەوە.[٢٠٥]

ب. (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب) عیبرەت بە گشتێتی لەفزەکەیە نەك تایبەتمەندی هۆکاری دابەزینی:

ئەگەر دەربارەی ئایەتێك وترا: ئەمە لەبەر ئەوە دابەزیوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها لەسەر ئەو هۆکارە کورت بکرێتەوە، سەیری مەبەستی لەفزەکە دەکرێت، بەگشتێتی لەفزەکەیە ئەگەر هۆکارەکەی تایبەتیش بێت.

نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣ ﴾ [الكوثر: ٣]، وتراوە: دەربارەی عاسی کوڕی وائیلی سەهمی دابەزیوە. وتراوە: دەربارەی عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت دابەزیوە. وتراوە: دەربارەی کۆمەڵێك لە قوڕەیش دابەزیووە. ئیبن جەریری تەبەری دەڵێت: پەسەندترین وتە لای من ئەوەیە کە دەڵێت: خوای گەورە هەواڵمان پێ ئەدات ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەبوغزێنێت کەمترین سزای دوابڕاو (وەجاخ کوێر) دەبێت، ئەمە سیفەتێکە هەموو خەڵکی دەگرێتەوە، ئەگەر چی ئایەتەکە دەربارەی کەسێکی دیاریکراو دابەزیوە.[٢٠٦] نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَوۡ كَصَيِّبٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ ظُلُمَٰتٞ وَرَعۡدٞ وَبَرۡقٞ ... ١٩ ﴾ [البقرة: ١٩] ، شەنقیتی دەڵێت: ئەم ئایەتە کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، هەر چەند دەربارەی مونافیقەکان هاتۆتە خوارە، (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب) عیبرەت بە گشتێتیی لەفزەکەیە نەك تایبەتمەندیی هۆکاری دابەزینی.[٢٠٧]

***

---

[٢٠٥] تفسير الطبري ١٩٦/٣٠.
[٢٠٦] تفسير الطبرى ٣٣٠/٣٠
[٢٠٧] أضواء البيان ١١٣/١

### ٢. (ما يتعلق بالسياق القرآني) ئەوەی کە پەیوەستە بە دەقی قورئان:

تێڕوانین لە دەقی ئایەتەکە لە ڕووی پێشەکەی و دواکەی، یاریدەدەر دەبێت لە دەستنیشانکردنی وتەی ڕاجح (پەسەندەکە)، زۆرێك لە موفەسیرین گرنگییان داوە بە دەق بۆ دیاریکردنی وتەی پەسەند لەناو وتەگەلێك، یان بۆ ڕەتکردنەوەی دژی دەقەکە، ئەکرێت لەفزێکی گشتی بێت و زیاد لەواتایەك هەڵبگرێت بەپێی دەقەکە واتاکە دیاری دەکرێت، چونکە ئەوە لەپێشتر و نزیکترە لێوەی، لەگەڵ ئەوەیش ئەکرێت هەڵگری واتای تریش بێت. نموونە: ﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۚ ﴿١٨٧﴾﴾ [البقرة: ١٨٧].

لە لێکدانەوەی: ﴿مَا كَتَبَ ٱللَّهُ﴾ وتراوە: منداڵە. وتراوە: شەوی قەدرە. وتراوە: ئەوەیە کە خوای گەورە ڕێگای پێداوە و حەڵاڵی کردووە. ئیبن جەریری تەبەری دەڵێت: ئەوەی خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱبْتَغُوا۟﴾ داوای ئەو شتانە بکەن کە خوای گەورە بۆی نووسیون، واتا ئەوەی خوای گەورە بۆی داناون، مەبەستی خوای پەروەردگار لەوەی کە باسی کردووە ئەوەیە: داوای ئەوە بکەن کە خوای پەروەردگار لە (لوح المحفوظ) بۆی نووسیون، داواکردنی منداڵ ئەگەر پیاو ئەو شتەی بوێت بەسەرجێبێکردن لەگەڵ خێزانی، ئەوەیە کە خوای پەروەردگار لە (لوح المحفوظ) بۆی نووسیوە، هەروەها داواکردنی شەوی قەدر، لەوەیە کە خوای گەورە بۆی نووسیوە، هەروەها ئەگەر داوای ئەوەی کرد لەوەی کە خوا حەڵاڵی کردووە بۆی ڕێگای پێداوە، لەوەیە کە خوای گەورە بۆی نووسیووە لە (لوح المحفوظ).

هەموو شتێك ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە: ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾، هەموو داوایەکی چاکی داواکراو، بەهەر حاڵ، نزیکترین واتا لە ڕووکەشی

ئایەتەکەوە وتەی ئەو کەسەیە کە بەم شێوە واتای کردووە: داوای ئەوە بکەن لەوەی خوای گەورە بۆی نووسیون لە منداڵ، چونکە ئایەتی دوای ئەوە دەفەرموێت: ﴿ فَٱلۡـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ ﴾ ، بە واتای: سەرجێییکردنە، ئێستا بەو شێوەیەیە: ﴿وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾، بە واتای: داوای ئەوە بکەن لەوەی خوای گەورە بۆی نووسیون لە منداڵ و وەچە لەکاتی سەرجێییکردن، ئەمە لێکچووی واتای ئایەتەکەیە، لەغەیری ئەوەی لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت بەڵگەیەکی دروستی لەسەر نەبێت لەسەر ڕووکەشی ئایەتەکە و، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی بەم شێوەیە نەداوە لێوەی."[٢٠٨] ئەگەر لەم نموونەدا ببینی ئیبن جەریری تەبەری لە کۆی گشتی هەڵگری واتای ئایەتەکە کە باس کرابوو، لەو وتەی: لە کۆی داواکارییە چاکەکان (کە لە ئایەتەکە هاتبوو) پاشان یەکێك لەوانەی تایبەت کرد، بە بەڵگەی دەق، فەرمووی: لە ئەنجامدا لێکچوو و نزیکترین واتا لە ڕووکەشی ئایەتەکە، وتەی ئەو کەسەی کە بەم شێوە واتای کردبوو: داوای ئەوە بکەن لەوەی خوای گەورە بۆی نووسیون لە منداڵ، چونکە ئایەتی دوای ئەوە دەفەرموێت: ﴿ فَٱلۡـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ ﴾.

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ٢٠ ﴾ [عبس: ٢٠]، لەسەر ﴿ ٱلسَّبِيلَ ﴾ دوو وتە هاتووە:

یەکەم: هاتنە دەرەوە لە سکی دایك.

دووەم: ڕێگای حەق و چەوت، بۆمان ڕوونکردۆتەوە و فێرمان کردووە، ئاسانمانکردووە بۆ ئەوەی کاری پێ بکات.

ئیبن جەریری تەبەری دەڵێت: لە پێشترین و پەسەندترین لای من وتەی ئەوەیە کە دەڵێت: هاتنەدەرەوە لە سکی دایکیدا بۆمان ئاسان کردووە، ئەم

---

[٢٠٨] تفسير الطبرى ٢/١٦٩ـ ١٧٠

لێکدانەوە لە پێشترە؛ چونکە لێکچووی ڕووکەشی ئایەتەکەیە، چونکە پێش و پاشی ئایەتەکە خوای گەورە باس لە سیفەتی دروستکردنی دەکات و، وردبوونە و پەندوەرگرتن لە جەستەکە و، بارودۆخی گۆڕانکارییەکانی، باشتر وایە ئەوەی لەو نێوەندەیە سەیری پاش و پێشەکەی بکرێت.[209]

نموونەی ڕەددانەوەی وتەیەك بە دەق، وەکو ئەم دەقە ڕەددە بۆ ئەم وتەی حەسەن، کە دەڵێت کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ ﴾ [المائدة: ٢٧]، دەڵێت: دوو پیاون لە بەنی ئیسرائیل. بە دەقی ئەم ئایەتە ڕەد دەدرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ ﴾ [المائدة: ٣١]، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەمە یەکەم جارە ڕوویدات، لەپێش ئەوەی کە مرۆڤ بزانێت مردوو بنێژێت، بەڵام لە سەردەمی بەنی ئیسرائیل ناشتنی مردوو لای کەس شاراوە نەبوو.[210] با لات شاراوە نەبێت، تەرجیحکردنی وتەیەك لە نێوان چەند وتەیەك بە دەقی ئایەتێکی تر، یان ڕەددانەوەی وتەیەکی تر ئاگاداری ئەمە بە.

***

[209] تفسیر الطبري ٥٥/٣٠.

[210] أضواء البيان ٧٥/١ـ٧٧.

## ٣. (ما يتعلق برسم المصحف) ئەوەی کە پەیوەستە بە وێنەی موصحەفەکەوە:

مەبەست لە وێنەی موسحەفە، پەسەندکردنی یەکێك لە وتەکانە کە لە ئایەتەکە باس کراوە، ڕەتکردنەوەی وێنە پێچەوانەکەی تر. نموونە: وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ٦ ﴾ [الأعلى: ٦]، دوو وتە لەسەر (لا)کە وتراوە:

یەکەم: کە (لا)ی نافییەیە.

دووەم: کە (لا)ی ناهییەیە.

یەکەمەکە پەسەندە، چونکە وێنە ﴿ تَنسَىٰٓ ﴾ لە قورئانەکەدا (ئەلف)ی مەقسوورەکەی جێگیرە و ماوە، کرداری ڕانەبردوو ئەگەر (لا)ی ناهییەی بچێتە سەر جەزمی دەکات، ئەگەر جەزمیشی بکات لە کۆتاییەکەیدا پیتە (علە)کە لادەبات، کەچی پیتە (علە)کە لای نەداوە و لە جێگەی خۆیەتی، کە ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (لا)کە ناهییە نییە.

قورتوبی دەڵێت: یەکەمەکە وەرگیراوەکەیە -واتا کە نافییە-، چونکە ئیستیسنا (جیاکاری) لە نەهی نایەت تەنها بۆ کاتی نەبێت، پاشان (یاء)ەکە جێگیرە لە هەموو موسحەفەکان و هەموو خوێنەرەکان.[٢١١] نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا كَالُوهُمۡ أَو وَّزَنُوهُمۡ يُخۡسِرُونَ ٣ ﴾ [المطففين: ٣]، لە زەمیری (هم) لە وشەی (کالوهم ) و (وزنوهم) دوو وتەی لەسەرە:

یەکەم: کە دەگەڕێتەوە بۆ (الناس) و زەمیرەکە لە جێگەی نەسبەیە. واتاکەی بەم شێوەیەی لێ دێت: (إذا كال المطففون الناسَ أو وزن المطففون للناس). کاتێك تەرازووبازەکان پێوانە دەکەن بۆ خەڵکی، کێشانەی تەرازووبازەکان بۆ خەڵکی.

---

[٢١١] تفسير القرطبي ١٩/٢٠، و روح المعاني ١٠٥/٣٠.

دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ (واو)ی کۆ لە وشەی (کالوا) و (وزنوا)، زەمیرەکە لە مەحەلـی ڕەفـعەدا مـوئەکەدەیە بـۆ واوی کـۆ. واتـاکەی دەبێـتە: (إذا كـال المطففـون هـم، وإذا وزن المطففـون هـم). زانایـان وتەی یەکەمیـان پەسـەند کــردووە، چــونکە ڕێککەوتــووە لە گەڵ وێــنەی موســحەفەکە و، دووەم پێچەوانەیەتی.

زوجاج دەڵێت: هەڵبژێردراو ئەوەیە (هـم) لە مەحەلـی نەسبەیە، بەڵام بە واتای (کالوا لهم)، ئەگەر لەسـەر واتـای (کـالوا) بێـت و، (هـم) کە بـۆ تەئکیـد بێت، ئەبوایە لە موسحەفەکەدا (ئەلف)ێـك لە پـێش (هـم)ەکەوە هەبـوایە و جێگیر بوایە.[212]

سـیووتی لە خسـتنەڕووی تێبینیەکـانی لەسـەر (إعـراب القـران) دەڵێـت: ئەبێت وێنەی موسحەف لەبەرچـاو بگیرێـت، نموونەیشـی بـۆ هێنـاوەتەوە، کە بەڵـگەی تێـدایە لەسـەر وێـنەکە، بەڵـگەیە لەسـەر هەڵەی هەنـدێك وتەی باسکراو لەسەر ئایەت.

سـیووتی دەڵێـت: بـۆیە ئەو کەسـە هەڵەی کـردووە لە بـارەی ئەم وتەیەی خــوای گەورە: ﴿ سَلۡسَبِيلٗا ۝١٨ ﴾ [الإنسـان: ١٨]، کە وتبێتــی: ئەمە ڕســتەیەکی ئەمرییە، واتا: (سل طريقا موصلة إليها)، ئەگەر بەم شێوەیە بوایە، ئەوا بە جیا دەنووسرا، (واتا: سلسبيلا) بەم شێوەیە.

نموونە: ئەوەی دەڵێت لە بارەی ئەم وتەیەی خـوای گەورەوە: ﴿ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ ۝٦٣ ﴾ [طه: ٦٣]، إنهـا: (إن) ئیسـمەکەی (هـا)کەیە، ئەم چیـرۆکە، (ذان) مبتدأ خەبەرەکەی (لساحران) ڕستەکە خەبەری (إن)ە، ئەمە دروست نییە بەم شێوە، چونکە لە وێنەی موسحەفەکەدا، (ان) لکاو نییـە، (هـذان) لکـاوە (واتـا: (ها)کە نووسراوە بە (ذان)ەکە).

---

[212] معانی القرآن و إعرابه ٩٢٨/٥، تفسير الطبري ٩١/٣٠، إعراب القرآن للنحاس ١٧٤/٥، مشكل إعراب القران لمكى بن أبي طالب ٨٠٥/٢ـ ٨٠٦.

هەروەهـا ئەوەی دەربـارەی ئەم ئـایەتە دەڵێـت: ﴿ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمۡ كُفَّارٌ ۝١٨ ﴾ [النساء: ١٨]، (لام)ەکە بـۆ دەسـتپێکە و (والـذين) مبتـدأ و ڕستەی دوای ئەوە خەبەرە، ئەمە دروست نییە بەم شێوەیە، چونکە لە وێنەی موسحەفەکەدا (ولا) نووسراوە. ئەوەیشی دەربارەی ئەم وتەیەی خـوای گەورە: ﴿ أَيُّهُمۡ أَشَدُّ ۝٦٩ ﴾ [مريم: ٦٩]، (هـم أشـد) مبتـدأ و خەبەرە و، (أي) پچـڕاوە لە ئیزافە (زیادکردن)دا، ئەمە دروست نییە، چونکە لە وێنەی موسحەفەکەدا بە (أيهم ) لکاوی نووسراوە.[٢١٣]

❊❊❊

---

[٢١٣] الإتقان ٢/٢٦٦ـ٢٦٧

### ٤. (ما يتعلق بالأغلب من لغة العرب) ئەوەی پەیوەستە بە زۆرینە لە زمانی عەرەبدا:

وتەی خوای گەورە بەو شێوازە واتا دەکرێت کە لە ناو عەرەبدا ناسراوە و باوە، ناکرێت بە واتایەکی نەناسراو نەزانراو و شاز واتا بکرێت. هەندێجار وشەیەك لە لەناو عەرەبدا زیاتر لە واتایەکی هەیە، ئەبێت کەسی موفەسیر ئەو واتا هەڵبژێرێت کە ناسراوترینیانە، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت بچێت بۆ واتایەکی تر. نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرۡدٗا وَلَا شَرَابًا ٢٤﴾ [النبأ: ٢٤]، (البرد) دوو وتەی لەسەر هاتووە:

یەکەم: هەوای ساردە کە جەستەی مرۆڤ سارد بکات.

دووەم: (النوم) خەوە.

ئیبن جەریری تەبەری دەڵێت: خەو ئەگەر چی تینوێتییەکی زۆر کەم دەکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەمە: (البرد) بەو ناوە نەناسراوە، لێکدانەوە و تەفسیرکردنی وتەی خوای گەورە بەو شێوازە دەبێت کە بەزۆری ناسراوە لە ناو عەرەب، نەك شتێکی تر.(٢١٤) نوحاس دەڵێت: دروسترین وتە وتەی یەکەمە، چونکە (البرد) بە واتایەك لە واتاکانی خەو نەهاتووە، وەکو ئەوەی فێڵی تێدا بکرێت بوترێت بۆ خەوە: (برد) چونکە ساردێتی تینوێتی کەمدەکاتەوە. پێویستە تەفسیرکردنی کتێبی خوای گەورە واتاکەی لەسەر ڕووکەشەکەی و ناسراو بێت لە ناو عەرەبدا، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت لەسەر غەیری ئەمە.

❊❊❊

---

(٢١٤) تفسير الطبري ١٣/٣٠

## ٥. (ما يتعلق بالمعنى الشرعي) ئەوەی کە پەیوەستە بە واتا شەرعییەکەیەوە:

لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، هەندێ لەفزی تێدایە کە واتا و مەبەستی تایبەتن لە شەرعدا،کە لە پێشدا لە ناو عەرەبدا زانراو نەبووە، ئەم لەفزانە زاراوە و ناوی شەرعین، نووسراو و کتێبی لەبارەوە نووسراوە، وەکو کتێبی (الزينة في الكلمات الإسلامية)ی حەمدان ڕازی (٣٢٢ك).

لەو لەفزە شەرعییانەش وەکو (الجنة، والنار، والصلاة، والزكاة، والعمرة، والحج، والبعث، والنشور)، جگە لەمانەیش کە وشەی تر هەن کە واتای تایبەتیان هەیە لای موسوڵمان، کاتێك گوێی لە هەریەك لەم لەفزانە دەبێت، بیروهۆشی بۆ واتایەکی شەرعی دەچێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ڕاجودایی لە نێوان واتایەکی شەرعی و واتایەکی زمانەوانی دروست بوو، واتا شەرعییەکە پێش دەخرێت؛ چونکە قورئانی پیرۆز بۆ ڕوونکردنەوەی واتا شەرعییەکان دابەزیووە نەك بۆ واتای زمانەوانی، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت بۆ پەسەندکردنی واتا زمانەوانییەکەی، ئەوکات وەربگیرێت. نموونە: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ﴿٨٤﴾ ﴾ [التوبة: ٨٤]، ﴿ وَلَا تُصَلِّ ﴾ دوو ئەگەری تێدایە:

یەکەم: (الدعاء) ئەمە واتا زمانەوانییەکەیەتی.

دووەم: وەستان لەسەر مردوو بۆ دوعاکردن بەشێوەیەکی تایبەت، کە مەبەست لێی نوێژی مردووە.

ئەم واتا شەرعییەی پێشدەخرێت؛ چونکە مەبەستی خوای پەروەردگار ئەوەیە کە لای کەسی بەرانبەر زانراو و ناسراوە. بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی مەبەست لێی واتا زمانەوانییەکەیەتی، وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ﴿١٠٣﴾ ﴾ [التوبة: ١٠٣]، ﴿وَصَلِّ

﴿عَلَيۡهِمۡ﴾ واتا: دوعایان بۆ بکە و، بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفاوە، دەڵێت: **(كان النبي ﷺ إذا أتي بصدقة قوم صلَّى عليهم، فأتاه أبي بصدقة فقال: اللهم صلِّ على آل أبي أوفى).**(٢١٥) واتە: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر قەومێك خێرێكیان بۆ بهێنایە، دوعای بۆ دەكردن، باوکم خێرێکی بۆ برد، فەرمووی: (اللهم صلِّ على آل أبي أوفى).

## ٦. (ما يتعلق بتصريف اللفظة) ئەوەی کە پەیوەستە بە گۆڕانکاریی وشەکەوە:

زانینی تەسریف (گۆڕان)ی لەفزەکە و گەڕانەوە بۆ بنچینەکەی لەناو وتەکاندا پەسەندەکەیانت بۆ دەستنیشان دەکات و، ڕەدی پێچەوانەکە دەداتەوە. گومان لەوەدا نییە لەفز واتاکانی دەگۆڕێت بە جیاوازی لە گۆڕانکارییەکەی، ئەگەرچی لە بنچینەدا لە یەك پێکهاتە بن، نموونە: (قسط) و (أقسط)، (قسط) بە واتای: ستەم، دادپەروەر نەبێت، وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلۡقَٰسِطُونَ فَكَانُواْ لِجَهَنَّمَ حَطَبٗا ١٥﴾ [الجن: ١٥]، و (أقسط) بە واتای: دادپەروەر، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ٤٢﴾ [المائدة: ٤٢].

نموونەیەکی تر: ﴿يَوۡمَ نَدۡعُواْ كُلَّ أُنَاسِۭ بِإِمَٰمِهِمۡۖ ٧١﴾ [الإسراء: ٧١]، زەمەخشەری دەڵێت: ﴿بِإِمَٰمِهِمۡ﴾ بیکەنە پێشەوای خۆیان لە پێغەمبەران و یان پێشەوای دین، یان کتێبێك... باسی وتەی هەندێکی کردووە، کە دەڵێن: (إمام) کۆی (أمّ)، پاشان ئەمەی بە بیدعە زانیووە.

ئیبنولمونیر لەسەر ئەوە دەڵێت: ئەمە وتەیەکی نامۆیە، بەوەی کە ئیمام دەڵێت: ئەمە بیدعەیەکی داهێناوە لە لەفز و واتاکەشی، چونکە زانراوە کە

(٢١٥) البرهان في علوم القران ١٦٧/٢، أصول التفسير لابن عثيمين ٢٩ـ٣٠.

کۆی (أمّ) (أمهات)ە.[٢١٦]

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ * وَتَرَى ٱلشَّمۡسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهۡفِهِمۡ ذَاتَ ٱلۡيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقۡرِضُهُمۡ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ ﴿١٧﴾ ﴾ [الكهف: ١٧]، ﴿ تَّقۡرِضُهُمۡ ﴾ بنچینەکەی (قرض) بە واتای:(قطع) پچڕیی، واتا: (تقطع لهم من ضوئها شيئاً). لێمان دەپچڕی بۆیان هەندێ لە ڕووناکیەکەی -واتا ڕووناکیی تەواوی خۆر نەچوەتە ژووری ئەشکەوتەکەوە. دەشوترێت: (تعطيهم من ضوئها شيئاً ثم تزول سريعاً) هەندێك لە ڕووناکییەکەیان پێ دەبەخشرا، پاشان خێرا نەدەما؛ ئەو کەمەیان پێ دەبەخشرێت خێرا لێیان وەردەگیرێتەوە. ئەگەر بەم شێوازە بێت، لە بنچینەدا (تَقْرِضُهُمْ) لە (أقرض)ەوە هاتووە، ئەگەر وا بوایە بنچینەکەی (أقرض) بوایە، ئەبوایە کردارەکە (تاء)ەکەی زەممەی لەسەر بوایە بەم شێوە (تُقْرِضُهُمْ). ئەگەریش کردارەکە مەفتووح بوو -فەتحەی لەسەر بوو- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بە واتای یەکەمە.

ئەبو حەییان دەڵێت، ئەبو عەلی دەڵێت: (تقريضهم) (تعطيهم من ضوئها شيئاً ثم تزول سريعاً) هەندێك لە ڕووناکییەکەیان پێ دەبەخشرا، پاشان خێرا نەدەما، ئەو کەمەیان پێ دەبەخشرێت خێرا لێیان وەردەگیرێتەوە. لای ئەوان واتاکەی، بە بەیانیان خۆرەکە لار دەبوویەوە و لێی نەئەدان، لە کاتی خۆرئاوابوونیشدا بە کەمی بەریان دەکەوت. ئەگەر وا بوایە (کە هەندێك لە ڕووناکییەکەیان پێ دەبەخشرا، پاشان خێرا نەدەما)؛ ئەبوایە کردارەکە ڕوباعی (چوار پیتی) بوایە، ئەوکات ئەبوایە کردارەکە (تاء)ەکەی زەممەی لەسەر بوایە بەم شێوە (تُقْرِضُهُمْ). بەڵام بە واتای (قطع)یە، وا دادەنرێت (تقرض لهم) بێت، واتا: لێمان دەپچڕی بۆیان هەندێ لە ڕووناکییەکەی، واتا ڕووناکیی تەواوی خۆر نەچوەتە ژووری ئەشکەوتەکەوە.[٢١٧]

---

[٢١٦] الإنصاف بحاشية الكشاف ٣٦٩/٢، الإتقان في علوم القران ١٨٦/٤

[٢١٧] البحر المحيط ١٠٨/٦.

## ٧. (ما يتعلق بالتقديم والتأخير) ئەوەی کە پەیوەستە بە پێشخستن و دواخستن:

لە بنچینەدا وتە پێشدەخرێت ئەگەر حەقی ئەوەی هەبوو پێشبخرێت، دوادەخرێت ئەگەر حەقی ئەوەی هەبوو دوابخرێت، لەم بنچینە لانادرێت مەگەر بەڵگەیەك هەبێت لێی لادەی ڕادەستی بەڵگەکە بی. ئەبو جەعفەری نوحاس دەڵێت: پێشخستن و دواخستن کاتێك دەبێت، ڕێگەیەکی تر نەبێت.[٢١٨] ئەبو عەمری دانی دەڵێت: پێشخستن و دواخستن دروست نییە، مەگەر بە بەڵگەیەکی تەوقیفی یان بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە.[٢١٩] شێخولئیسلام دەڵێت: پێشخستن و دواخستن، پێچەوانەی بنچینەیە، لە بنچینەدا وتە لەسەر پێکهاتە و ڕێکخستنی خۆیەتی، ڕێکخستنەکەی ناگۆڕێت، دروستە پێشخستن و دواخستن ڕوودات تێیدا ئەگەر بەڵگەیەك هەبوو، بەڵام ئەگەر ئاڵۆزی دروستبکات ئەوە نابێت، چونکە ئاڵۆزی لای کەسی بەرانبەر دروست دەکات.[٢٢٠]

نموونە: وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلۡمَرۡعَىٰ ۝٤ فَجَعَلَهُۥ غُثَآءً أَحۡوَىٰ ۝٥ ﴾ [الأعلى: ٤ - ٥]، (الأحوى): شديد السواد، زۆر ڕەش، یان سەوزێك بەهۆی زۆری سەوزییەکەیەوە ڕەش دەڕوانێت. (الغثاء: الهشيم اليابس)، گژوگیای وشك. لەسەر واتاکەی دوو وتە هەیە:

یەکەم: (أن الله أخرج المرعى أخضر) خوای گەورە گژوگیا و لەوەڕی دەرکردووە، واتا: سەوزێکی زۆر سەوز، لە دوای سەوزێتییەکەی شکاون بە سەر یەکتر، بە هۆی کۆنبوونیەوە ڕەش دەڕوانێت.

دووەم:(أن الله أخرج المرعى أحوى) سەوزێکی زۆر سەوز، بە هۆی زۆر

---

[٢١٨] القطع و والائتناف ١٥٧

[٢١٩] المكتفى في الوقف والابتداء٢٤٥،٤٣٧

[٢٢٠] دقائق التفسير ١٢٣/٦

سەوزییەکەیەوە ڕەش دەڕوانێت، پاشان گژوگیاکەی شکاون بەسەر یەکدا، ئەگەر لەسەر ئەم وتەیە بێت، (أحوى)کە دواخراوە دروست وایە پێش بخرێت. ئیبن جەریر تەبەری بۆچوونی خۆی داوە لەسەری دەڵێت: ئەم وتەیە هەرچەندە ڕەتناکرێتەوە، ئەوەی کە بە گژوگیایەك زۆر سەوز بێت عەرەب پێی وتووە: ڕەشە، ئەمە لای من پەسەند نییە، بە پێچەوانەی لێکدانەوەی ئەهلی تەئویل لە کاتێك وشەیەك شوێنی واتاکەیان گۆڕیوە بە پێشخستن یان دواخستن کە لە جێگەی خۆی ئەگەر لەسەر شێوازی خۆی تێگەیشتنی نەدابێت، مەگەر بە پێشخستنی یان دواخستنی نەبێت، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆی شێوازێکی دروستی هەبێت، ئەم شێوازە داواکاریی پێشخستن و دواخستن ناکات.[٢٢١]

## ٨. (ما يتعلق بظاهر القرآن) ئەوەی کە پەیوەستە بە ڕووکەشی قورئان:

مەبەست لەمە ڕووکەشی قورئانە کە نابێت لێی لابدەی، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت، پێویستە بۆ ڕووکەش بگەڕێیتەوە، وەکو ئیبن جەریر دەڵێت: دروست نییە واز لە تێگەیشتنی ڕووکەشی وتەکە بهێنیت و، بچیت بۆ ناواخنی، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت.[٢٢٢] وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَـٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ [البقرة: ٤٥]، بە وتەی خوای گەورە (إنها) واتا (إن الصلاة)، (هاء)ەکە و (ئەلف)ەکە هەردووکی بۆ سەر نوێژەکەیە. هەندێکیش دەڵێت: وتەکە (إنها) بە واتای: وەڵامە بۆ پێغەمبەر ﷺ، ئەم لەفزە نەهاتووە وەڵامێك بێت بۆ باسێك، هەتا وەکو (ئەلف) و (هاء)کە بکرێتە (ئستیعارە) جێنشین بۆی، دروست نییە واز لە تێگەیشتن لە

---

[٢٢١] تفسير الطبري ١٤٦٢/٣٠،١٥٣.

[٢٢٢] تفسير الطبري ٢٦١/١.

ڕووکەشی وتە بهێنرێت، بچیت بۆ ناواخنی بە بێ بوونی بەڵگەی دروست.

نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسۡلِمَةً لَّكَ ١٢٨﴾ [البقرة: ١٢٨]، ئیبن جەریر لە (سوددی) ڕیوایەتی کردووە: (واتا عەرەب) و، ئیبن جەریر لەسەر وتەکەی دەڵێت: ئەم وتەیە پێچەوانەیە لەگەڵ بەڵگەی ڕووکەشی قورئان، چونکە ڕووکەشەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردووکیان داوایان کردووە لە خوای گەورە کە نەوەکانیان و منداڵەکانیان ملکەچ و دڵسۆزی فرمانەکانی بن، لە نەوەی ئیبراهیم عەرەب و غەیرە عەرەبیشی تێدا بووە، ئەوەی ملکەچی فەرمانەکانی خوا بوون لە هەردوو گرووپەکەی تێدایە، هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە ئەو کەسەی دەڵێت: کە ئیبراهیم (علیه السلام) تەنها دوعای بۆ گرووپێك لە منداڵ و چەند کەسێکی دیاریکراو کردووە، جگە لە کەسی تر، ئەمە وتەیەکی بێبنەمایە هەمووکەس دەزانێت.(٢٢٣)

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ٤٧﴾ [الأنبياء: ٤٧]، ئیمامی شەنقیتی دەڵێت: لەم ئایەتەدا (وَنَضَعُ الْمَوَازِين) کۆی (میزان) لە ڕووکەشی قورئانەکە وا دەردەکەوێت چەند تەرازوویەك هەیە بۆ هەر کەسێك، ﴿فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ٨﴾ [الأعراف: ٨]، ﴿وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ٩﴾ [الأعراف: ٩]، ڕووکەشی قورئانەکە بۆ هەرکەسێك کۆمەڵە میزانێك هەیە، هەریەکێك لەوانە بۆ جۆرێك لە کردەوەکانێتی؛ هەروەکو ئەم شاعیرە دەڵێت:

**ملك تقوم الحادثات لعدله ... فلكل حادثة ميزان**

یاساکە جێگیرە لە ئوسوڵدا، کە ناکرێت لە ڕووکەشی قورئانەکە لابدرێت مەگەر بەڵگەیەك هەبێت.(٢٢٤)

---

(٢٢٣) تفسير الطبري ٥٥٣/١.

(٢٢٤) أضواء البيان ٥٨٤/٤-٦٧٢،٥٨٥-٦٧٣.

## ٩. (ما يتعلق بطريقة القرآن) ئەوەی کە پەیوەستە بە ڕێگای قورئان:

مەبەست لێی هەڵبژاردنی لێکدانەوەیەك هاوتا بێت لە گەڵ ڕێگەی قورئان بە گشتی یان بە زۆری، تا ئەوەی ڕێگەیەکی تر بگیرێتەبەر. ئەمە واتا بەڕێگەی قورئانەکە پەسەندێتی یەکێك لە لێکدانەوەکان دەستنیشان بکرێت بەسەر ئەوانی تر. هەر بەم ڕێگە وتەکانی تری پێ ڕەددەکرێتەوە، چونکە لە غەیری ڕێگای قورئانەکە، ئەوانی تر نەزانراو و نەناسراون لە ڕووی بەکارهێنانی. نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ٨ ﴾ [الطارق: ٨]، لە گەڕانەوەی ڕاناو لە وشەی ﴿ رَجۡعِهِۦ ﴾ دوو وتەی لە سەر هەیە:

یەکەم: ئەوترێت دەگەڕێتەوە بۆ ئینسان، واتاکەی دەبێتە: دەتوانێت جارێکی تر لە دوای مردن بیگەڕێنێتەوە بۆ ژیان.

دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ ئاو، واتاکەی دەبێتە: دەتوانێت جارێکی تر بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئاوەی لە پشتی پیاو، یان وتەیەکی تر: ئەو ئاوەی کە لە بۆریچکەی نێرینەوە دێتە دەر. ئیبنولقەییم دەڵێت: بۆچوونی پەسەند وتەی یەکەمە، لە ڕووی پشتبەستن بە بەڵگەکان، ئەوەی زانراوە لە ڕێگەی قورئان بە پێی پشتبەستن بە بەڵگەکان مەبەست لێی سەرەتایە بە سەر ڕۆژی دواییدا.

ڕەددانەوەی وتەی دووەم: ڕەددانەوەی بە پێی پشتبەستن بە بەڵگەکان: لە هیچ شوێنێکی قورئان بەم واتایە نەهاتووە.[٢٢٥]

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ ﴾ [الواقعة: ٧٥]، وتراوە: واتای ئایەتەکانی قورئانە، (مواقعها): دابەزینێتی بەشێك لە دوای بەشێکی تر. وتراوە: ئەو ئەستێرەیە کە زانراوە لە ئاسمانە. ئیبنولقەییم لەسەر ئەم وتەیە دەڵێت: ئەم وتە پەسەندە، (النجوم) لەو ڕووەوە

[٢٢٥] التبيان في أقسام القرآن ٦٦.

قورئـان مەبەسـتی پێـی ئەسـتێرەکانە، وەکـو خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ ﴾ [الأعراف: ٥٤].[٢٢٦]

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ﴾ [التكوير: ١٧]، ئیمامی شەنقیتی دەڵێت: نموونەی (إجمال) کورت، بە هۆکاری هاوبەشی لە کـردارەکە، خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ﴾ [التكوير: ١٧]، ئەمە هاوبەشن لە (إقبال، أدبار) ڕووتێکـردن و پشـتهەڵکردن، ئـایەتی تـریش هـاتووە جەخـت لە واتـای (أدبـار)ەکە دەکـاتەوە، وەکـو خـوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ ﴿٣٣﴾ وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ ﴾ [المدثر: ٣٣ - ٣٤].

واتای (عسعس) بە واتای (أدبر) پشتهەڵکردن هات، کە هاوتا بـوو لە گەڵ ئایەتی (المدثر) وەکو بینرا، بەڵام بە زۆری لە قورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار سوێندی بە شەو خـواردووە کاتێـك پشـت هەڵـدەکات و تـاریکییەکەی کاتێـك دێت و، بە بەیانیان کاتێك ڕووناکییەکەی هەڵـدێت و ڕوونـاك دەبێـت، وەکـو ئەم ئایەتانە کە خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ﴿١﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ ﴾ [الليـل: ١ - ٢]، و ﴿ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴾ [الشـمس: ٣ - ٤] و ﴿ وَالضُّحَىٰ ﴿١﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ ﴾ [الضحى: ١ - ٢]...هتد، لەسەر زۆرینە واتا دەکرێت، ئەمە هەڵبژاردەی ئیبنولکەسیر بووە، بە پێچەوانەی ئیبن جەریر.[٢٢٧]

نموونەیەکی تـر خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَٰنَ ﴾ [الإسراء: ١١٠]، ئیبنولقەییم دەڵێـت: (دعـاء) لەوێـدا بە واتـای (تسـمية) نـاو دێت. وەکو دەڵێن: (دعوت ولدي سعيداً) ناوم لە کوڕەکەم نا سـەعید. (وادعـه

---

[٢٢٦] التبيان في أقسام القران ١٣٦_١٣٧.
[٢٢٧] أضواء البيان ٧٠/١.

بعبدالله): بە واتای: (سمُّوا ربكم): الله، واتا: ناوی پەروەردگارت بهێـنە بە (الله)، یان بە (الرحمن)، دوعا لەوێدا بە واتای ناوە، ئەمە وتەی زەمەخشەرییە، کە لە سەر ئەمە واتای کردووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَيًّا مَّا تَـدْعُواْ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿١١٠﴾ ﴾ [الإسراء: ١١٠]، مەبەست پێی بـۆ (تعـددة) بـۆ چەنـدێتییە، واتا: (أيّ) لەوێدا مەبەستی گشتێتی لەوێدا بۆ چەنـدێتی (نـاو)ەکەیە، واتـا: بە هەر ناوێك ناوی دەبەن لەوانە، لە ناوە جوانترینەکانی پەروەردگارن، (الله) یـان (الرحمن) لە ناوە جوانترینەکانی پەروەردگارن، واتا: خوای پەروەردگار خاوەنی کۆمەڵە ناوێکی جوانترینە.

هەروەها ڕاناوەکە (لَهُ) دەگەڕێـتەوە بـۆ (نـاوبراو -کە الله- یە)، هەر بـۆیە لێرەدا پێویستی کردووە (الدعاء) بوترێـت (نـاو)ە، ئەمە ئەوەیە کە وتـوویەتی ئەمە لە لەوازمـی (پەیوەسـتێتی) مەبەسـتی واتـای (دعـاء)یە لـە ئـایەتەکەدا، ئەگینا مەبەستی خودی وشـەکە بەو شـێوەیە نیـیە، بەڵام مەبەسـت لە (دعـاء) زانراوە لە قورئاندا، کە (دعاء السؤال) دوعای داواکـاری (دعـاء الثنـاء) دوعـای سـتایش، بەڵام واتـای (نـاو)یش دەگـرنەوە پەیوەسـت دەبێـت پێـوەی، مەبەستەکەی تەنها بـۆ (نـاو)ی ڕووت نیـیە لە پەرسـتش و داواکـاری، بەڵـکوو (ناو) هاتووە هەیە لە دوعای (الثناء والطلـب) ستایش و داواکاریشـدا. کەوایە لە سەر ئەم واتایە: دروستە لە (تدعوا) بە واتای (تسموا) بێت، واتا هەر ناوێك لەوانە بهێنیت، لە ستایش، دوعا و پاڕانەوەکانتان، والله اعلم.[٢٢٨]

❊ ❊ ❊

---

[٢٢٨] التفسیر القیم ٢٤٤.

## ١٠. (ما يتعلق بإجماع الحجة أو قول الأكثر من الصحابة والتابعين ) ئەوەی پەیوەستە بە کۆڕای بەڵگە، یان وتەی زۆرینە لە هاوەڵان و تابعین:

ئیبن جەریر لە کاتی تەرجیح (پەسەندکردن)ی وتەی کۆڕای بەڵگە، کە لای ئەو وتەی زۆرینەیە، بە کاری هێناوە لە کاتی تەرجیح یان لە بە هەڵەدانانی شتێك، نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ أَفِيضُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ ﴾ [البقرة: ١٩٩]، وتراوە: فەرمانەکە بۆ قورەیش و غەیری ئەوانە لە خەڵکی، وتراوە: فەرمانەکە بۆ موسوڵمانان و خەڵکی و ئیبراهیم (علیه سلام)ە، ئەمە وتەی زوحاکە. ئیبن جەریر دەڵێت: ئەوەی من دەیبینم پەسەندە لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە، واتا مەبەستی لەم ئایەتەدا قورەیش و لەگەڵ ئەوانیشدا کە ئارەزوومەندی ئەوەن، کۆڕای بەڵگەکانی ئەهلی تەئویل لەسەر ئەوەن.[٢٢٩] نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا ﴾ [البقرة: ٦٩] ، ئەبو لەیس دەڵێت: مەبەست لێی مانگای ڕەشە... بەڵام ئەمە پێچەوانەی وتەکانی ئەهلی تەفسیرە، هەموویان لەسەر ئەوەن مەبەست لێی ڕەنگی زەردە، تەنها حەسەنی بەسری نەبێت.[٢٣٠]

## ١١. (الترجيح بالاستعمال العربي) تەرجیح بە بەکارهێنانی عەرەبی:

مەبەست لەم یاسایە بەکارهێنانی عەرەبی بۆ وشە، یان شێوازەکەی، ئەبێتە بەڵگەیەك بۆ تەرجیحی وتەیەك بەسەر وتەکانی ترەوە. نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا ﴾ [البقرة: ٦٩]،

---

[٢٢٩] تفسير الطبري ٢/٢٩٣، ٢/١١٤، ١/١٢٦، ١٢٧، ٢٢٠، ٢٧٤، ١٦٩/٣٠، واالإشارة الى الاجاز ٢٧٦، تفسير ابن جزي ١/٩.

[٢٣٠] تفسير القران الكريم للسمرقندى ١/٣٨٦ـ ٣٨٧.

ئیبن جەریر ڕەددی ئەو کەسەی داوەتەوە کە وتوویەتی: فاقع: ڕەشی زۆر ڕەشە. دەڵێت: ... عەرەب وەسفی ڕەشی نەکردووە بە (الفقوع)، کاتێك وەسفی ڕەش بکرێت بە زۆر ڕەش بە (الحلوكة) وەسفی دەکەن، وەکو دەوترێت: (هو أسود حالك، وحانك، وحلكوك، وأسود غربيب، ودجوجي) ئەمانە بۆ زۆر ڕەش بەکار دەهێنرێن، ناوترێت: هو أسود فاقع: بەڵام دەوترێت: (هوأصفر فاقع)، کە وەسفی دەکات بە زۆر زەرد، بەڵگەکە ڕوونە لەسەر ڕاجودایی لێکدانەوەی ئەوەی لێکدانەوەیان بۆ کردووە: ﴿ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا ﴾ [البقرة: ٦٩]، ئەو کەسەی لێکدانەوەی بۆ کردووە بە ڕەشی زۆر ڕەش.[٢٣١] نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً ﴾ [الأحقاف: ١٥]، تەبەری باسی چەند وتەیەکی کردووە لەسەر (الأشد) کە ئەمانەن:

١. سیوسێ ساڵی، ئەمە وتەی ئیبنو عەبباس و قەتادەیە.
٢-باڵغبوون گەورەبوونە، ئەمە وتەی شەعبییە.

پاشان لەسەر ئەم دوو وتەیە دەڵێت: لە پێشدا ڕوونمان کردۆتەوە، (الأشد) کۆی (شد)، بگاتە ئەو پەڕی بەهێزی و خۆڕاگری، ئەگەر وابوو بەو شێوەیە دەبێت، کە سیوسێکە لێکچووی واتاکەیەتی هەتاوەکو باڵغبوون، چونکە کەسی باڵغ هێشتا ماویەتی بگاتە ئەوپەڕی بەهێزی، ئەگەر عەرەب قسەیەك لەم شێوەیان کردبێت، پاشان ئەگەر شتێك بدەنە پاڵ شتێکی تر کاتی هەردوو شتەکە نزیك بووە لە خاوەنەکەیەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ ﴾ [المزمل: ٢٠]، ناکرێت تۆ بڵێی: ئەزانم تۆ هەڵدەستیت بۆ شەونوێژ، بەشێك لە شەو یان هەمووی، یان کەمێك

---

[٢٣١] تفسير الطبري ٣٤٥/١.

لەماڵەکەم وەرگرتەوە، یان هەمووی. بەڵام دەڵێی: بەگشتی ماڵەکەم وەرگرتەوە، یان هەمووی. بۆیە ئەم وتەیەی خوای گەورەش هەر بەم شێوەیەیە: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗ ١٥﴾ [الأحقاف: ١٥]، گومانی تێدا نییە لە ڕووی ڕێکی و جوانییەوە پاڵدانی (چل)ەکەیە بۆ لای (سیوسێ)، چونکە لە ڕووی نزیکییەوە (سیوسێ)کە نزیکترە لە (چل)وە هەتا وەکو (پازدە یان هەژدە)ەکە.[٢٣٢]

## ١٢. (الترجيح بالسنة النبوية) تەرجیحکردن بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ:

گومانی تێدا نییە تەفسیری پێغەمبەر ﷺ لە پێش هەموو تەفسیری غەیری خۆیەتی، ئەگەر دەقێك هەڵگری چەند واتایەك بێت، کەسی موفەسیر پشت بە سوننەت دەبەستێت بۆ ڕوونکردنەوەی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمۡتَلَأۡتِ وَتَقُولُ هَلۡ مِن مَّزِيدٖ ٣٠﴾ [ق: ٣٠]، ئیبن جەریر هێناویەتییەوە دەڵێت: ﴿هَلۡ مِن مَّزِيدٖ﴾ دوو وتەی لە سەرە:

یەکەم: بە واتای نەفی دێت، بە واتای (ما من مزيد)، زیاتر نا، چونکە پڕ بووە، وتەکەی وەکو لەو ڕووەوەیە ناڵە و ئۆفی کافران کاتێك فڕێدەدرێنە ناویەوە.

دووەم: بە واتای (الاستزادة) داواکردنی زیاتر، داوای زیاتر دەکات، ئەگەر زیاتر هەبێت.

ئیبن جەریر تەرجیحی وتەی دووەمی کردووە، دەڵێت: لەو دوو وتەیە ئەوەیان لە پێشترە و پەسەندە لام، کە دەڵێت: کە بە واتای (داواکردنی زیاتر ئایا (زیاتر هەیە؟) دێت، چونکە وتمان ئەو وتەیە لە پێشترە کە هەواڵی

---

[٢٣٢] تفسير الطبري ٢٦/١٦ـ١٧.

پێغەمبەر ﷺی لە سەرە، ئەحمدی کوڕی مقدم عیجلی دەیگێڕێتەوە، دەڵێت: محەمەدی کوڕی عەبدوڕڕەحمان تەفاوی دەیگێڕێتەوە لە ئەیووب و، ئەویش لە محەمەد و ئەویش لە ئەبو هوریرە، دەڵێت: (إذا كان يوم القيامة، لم يظلم الله أحداً من خلقه شيئاً، ويلقى في النار، تقول: هل من مزيد؟ حتى يضع عليها قدمه، فهنالك يملؤها، ويزوي بعضها إلى بعض، وتقول: قطْ قطْ). واتە: لە ڕۆژی دواییدا، خوای پەروەردگار ستەم لە بەندەی خۆی ناکات بە هیچ جۆرێك، کافرەکان دەخرێنە ئاگرەوە، دەڵێت: ئایا زیاتر هەیە؟ تاوەکو خوای پەروەردگار پێی خۆی دەخاتە سەری و تاوەکو پڕ دەبێت، کۆیان دەکاتەوە بەسەر یەك و بۆشایی لە نێوانیان نامێنێت و، دەفەرموێت: (قطْ قطْ). لە دوای گێڕانەوەی فەرموودەکە دەڵێت: لە وتەکەی پێغەمبەر ﷺ: (لا تزال جهنم تقول: هل من مزيد؟) بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی بە واتای (الاستزادة) داوای زیاتر کردن دێت، نەك بە واتای نەفی، چونکە وتەکە (لا تزال) ئەمە بەڵگەیە چونکە وتەکە پەیوەندی بە وتەکەی دواى خۆیەوە هەیە.[٢٣٣]

## ١٣. (التأسيس أولى من التأكيد )تەئسیس (واتای نوێ) لەپێشترە لە تەئکید:

مەبەست لەم یاسایە ئەگەر وتەیەك کەوتە نێوانی تەئسیس و تەئکیدەوە، ئەوە بە تەئسیس واتا دەکرێت و لە پێشترە. نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾﴾ [النحل: ٩٧]. زانایان دەربارەی ﴿حَيَوٰةً طَيِّبَةً﴾ دوو وتەیان لەسەر هەیە:

یەکەم: لە دونیادا.

[٢٣٣] تفسير الطبري ٢٦/١٧٠-١٧١، الاشارة الاجاز ٢٧٦، تفسير ابن جزي الكلبي.

دووەم: ڕۆژی دواییە، بە چوونە بەهەشت.

بە وتەی یەکەم بۆ تەئسیسە، لەسەر وتەی دووەم بۆ دووبارەبوونەوەیە، چونکە لە دوای ئەوەوە دەفەرموێت: ﴿ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم ﴾ ... واتا لە ڕۆژی دوایی، لەسەر ئەمە وتەی یەکەم دروستە و پەسەندترە.(٢٣٤)

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسْبِيحَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ [النور: ٤١]، زانایان لەسەر ڕاناوە مەحزووف (لادراوەکە) لەوەی کە دەفەرموێت: ﴿ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسْبِيحَهُۥ ﴾ ، دوو وتەیان لەسەر هەیە:

یەکەم: ئەڵێن ڕاناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (المصلي و المسبح).

دووەم: ڕاناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (الله سبحانه).

وتەی یەکەم پەسەندە لەسەر ئەم یاسایە، چونکە وتەی دووەم ئەبێتە شێوازی دووبارەبوونەوە، ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴾ ئەمە دەبێتە تەئکید بۆ ڕستەکەی پێش خۆی.(٢٣٥)

## ١٤. (الأصل في الضمير أن يعود إلى أقرب مذكور) لە بنچینەدا ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ نزیکترین باسکراو:

مەبەست لەم یاسایە ڕاناو ئەوەی پەیوەستیشە بە ڕاناو وەکو ئەسمائی ئیشارە و ئەوەی وەکو ئەمانن، ئەگەر بۆ چەند باسکراوێك گەڕایەوە، بە پێی یاسا ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ نزیکترین باسکراو. نموونەی ئەوەی کە ڕاناوەکە بگەڕێتەوە بۆ نزیکترین باسکراو، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ

(٢٣٤) أضواء البيان ٣/٣٥٥ـ ٣٥٦.

(٢٣٥) أضواء البيان ٦/٢٤٤ـ ٢٤٥، ٥/٧٥٩، ٦/٦٩٢، ٤١٤، ٨٢١.

﴿وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡكَبِيرُ ٱلۡمُتَعَالِ ۝٩ سَوَآءٞ مِّنكُم مَّنۡ أَسَرَّ ٱلۡقَوۡلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنۡ هُوَ مُسۡتَخۡفِۭ بِٱلَّيۡلِ وَسَارِبُۢ بِٱلنَّهَارِ ۝١٠ لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٞ مِّنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ يَحۡفَظُونَهُۥ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۗ ۝١١﴾ [الرعد: ٩ - ١١]، ئیبن جەریر دەڵێت: ئەوەی کە پەسەندە لەو دوو وتەیە، ئەوەیە کە دەڵێت: (الهاء) لەو وتەیە ﴿لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٞ﴾ بۆ (مَن)ەکە دەگەڕێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ هُوَ مُسۡتَخۡفِۭ بِٱلَّيۡلِ﴾، خوای گەورە فریشتە پارێزەرەکانی هەیە کە لە پێش و دواوەی مرۆڤەوە پاسەوانی و پارێزگاریی لێ دەکەن، هەروەکو وتی و ئاماژەمان پێدا. وەکو وتمان یەکێك لەو دوو وتەیە پەسەندترە، چونکە ئەوەی کە دەفەرموێت: ﴿لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٞ﴾ نزیکترە لەوەی، کە دەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ هُوَ مُسۡتَخۡفِۭ بِٱلَّيۡلِ﴾ هەتا وەکو ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ﴾ لەڕووی نزیکییەوە ئەوەی یەکەم لەپێشترە تاوەکو ئەمە.[٢٣٦]

نموونەی ئیسمی ئیشارە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ۝١٨﴾ [الأعلى: ١٨]، ئیبن عەتیە دەڵێت: ئیسمی ئیشارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سێ وتە:

١. قورئان.
٢. واتای سوورەتەکە.
٣. سەرخستنی و گرنگیدانی خەڵکی بە ژیانی دونیا.

وتەی سێیەم پەسەندە، بەهۆی نزیکیی ئیسمی ئیشارەکە لێوەی.[٢٣٧]

---

[٢٣٦] تفسير الطبري ١٣/١١٧.
[٢٣٧] المحرر الوجيز ١٥/٤١٥.

**١٥. (الأصل توافق الضمائر في المرجع حذراً من التشتت) لە بنچینەدا زەمیرەکان ڕێککەوتوون هاوڕان لە گەڕانەوە بۆ باسکراو، ئەبێت ئاگاداری بیت لە بەش بەش بوون:**

مەبەست لەم یاسایە ئەگەر زەمیرەکان هەڵگری ئەوە بوو، بۆ یەك مەرجەع(باسکراو) بگەڕێتەوە و، هەڵگری ئەوە بوو دابەش ببێت بەسەر زیاتر لە مەرجەعێکدا، ئەوە لەپێشترە بۆ یەك مەرجەع بیگەڕێنیتەوە، چونکە لەکاتی دابەشکردنی بەسەر یەك مەرجەعی زیاتر، لەڕووی ڕێکخستنەوە تێك دەچێت.

لە نموونەی ئەم یاسایە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لِّتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ ۚ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٩﴾ ﴾ [الفتح: ٩]، زانایان ڕاجودابیان هەیە، لە گێڕانەوەی زەمیرەکە لەوەی کە دەفەرموێت: ﴿ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ ﴾ لە دوای کۆڕاییان لەسەر زەمیری لە ﴿ وَتُسَبِّحُوهُ ﴾ کە دەگەڕێتەوە بۆ (الله)کە. هەندێك لە زانایان دەڵێن: زەمیرەکان دەگەڕێتەوە بۆ (الرسول) ﷺ. هەندێکی تر دەڵێن: دەگەڕێتەوە بۆ (الله)کە. لەسەر بنچینەی ئەم یاسایە وتەی دووەم دروستە، زەمەخشەری ئەم وتەیەی هەڵبژاردووە لەسەر ئەم یاسایە.(٢٣٨)

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي ﴿٥٣﴾ ﴾ [یوسف: ٥٣]، دەوترێت: ئەمە وتەی یوسفە (علیه السلام). دەشوترێت: وتەی خێزانی عەزیزی میسرە ،وتەی دووەم دروستە، لەو بەڵگەیەی کە دەڵێت وتەی دووەم پەسەندە، ئیبنولقەییم دەڵێت: بۆچوونی پەسەند ئەوەیە تەواوکەری وتەکە بێت -وتەی خێزانی عەزیزی میسر- چونکە هەموو ڕاناوەکان یەك لە دوای یەك بەڵگەن لەسەر ئەوە، هەروەها ئەمە وتەی ئافرەتەکانە کە دەفەرموێت:

---

(٢٣٨) الكشاف ٣٧٣/٢، أضواء البيان ٧٥٠/٥ ـ ٧٥١، ٢٦٥/٧.

﴿مَا عَلِمۡنَا عَلَيۡهِ مِن سُوٓءٖۚ ٥١﴾ [يوسف: ٥١]، ئەمەیش وتەی خێزانەکەی عەزیزی میسرە: ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٥١﴾ [يوسف: ٥١]، پێنج ڕاناو کە هەندێکی دیارە و هەندێکی نادیار، پاشان ئەمە لکاوە پێوەی کە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ لِيَعۡلَمَ أَنِّي لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ ٥٢﴾ [يوسف: ٥٢]، لێرە مەبەستی یوسفە (علیه سلام)، هیچ شتێك نییە کە پچڕانی خستبێتە نێوان وتەکەوە، وتەیەکی تێدا نییە و شارابێتە و بەڵگەبێت لەسەری کە ئەوەی پێش کە باسکرا وتەی یوسف (علیه السلام) بێت.[٢٣٩]

## ١٦. (الأصل عدم التقدير ولا يلجأ إليه إلا بحجة يجب الرجوع إليها تثبت هذا المحذوف) لە بنچینەدا وتە (حذف) لابراوی تێدا نییە، شتێك نییە بۆی بگەڕێتەوە مەگەر بە بوونی بەڵگە نەبێت بۆی بگەڕێتەوە، کە بوونی لابراو بچەسپێنێت:[٢٤٠]

مەبەست لەم یاسایە ئەگەر وتەیەك لە واتاکەی تێبگەی بێ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ (تقدير مقدر) شتێکی لابراوی خەملێنراو، ئەوە واتایەك نابێت بۆ لابراوەکە، واتا ئەوکات پێویستیی بە شتێکی خەملێنراوی لابراو نییە، ئەگەر کەسێکیش بیهێنێتەوە بە بێ بوونی هیچ بەڵگەیەك ئەوە بێواتا دەبێت. نموونە: وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ٣٣﴾ [المائدة: ٣٣]، زانایان لەسەر ئەم ئەحکامە دوو وتەیان هەیە:

---

[٢٣٩] روضة المحبين، ٣٢٠ـ ٣٢١.

[٢٤٠] نص ابن جرير على هذه القاعدة ٥٩٢/٢.

یەکەم: پێشەوای موسوڵمانان ئازادە لە نێوان ئەم سزایانە کە جێبەجێی بکات لەسەر ئەو کەسانەی دژایەتیی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن.

دووەم: دەڵێن ڕاناوێکی نادیاری تێدایە، کە ئەم لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، ئەگەر کەسێك بکوژرێت دەکوژرێتەوە، ئەگەر بکوژ بێت و ماڵی خەڵکی بردبێت، لە خاچ دەدرێت و دەکوژرێتەوە، ئەگەر تەنها ماڵی خەڵکی بردبێت ناکوژرێت، بەڵام دەستی ڕاست و پێیی چەپی دەبڕێت، ئەگەر تەنها خەڵکی ترساندبێت ئەوە دوور دەخرێتەوە.

لەسەر بنچینەی ئەم یاسایە وتەی یەکەم پەسەندترە، چونکە لە بنچینەدا شتی (حذف) لابراو خەملێنراو لە وتەدا نییە، ئەم شتانەی کە لە وتەی دووەمدا وتراوە شتی خەملێنراوی نادیارن، ئەمە پێویستی بە بەڵگەی قورئان و سوننەت هەیە.[٢٤١]

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ۝٢﴾ [البقرة: ٢]، ئەبو حەییان دەڵێت: چەند شێوازێکی ئەعرابی لە بارەوە هاتووە لەوەی، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ۝٢﴾ [البقرة: ٢]، ئەوەی کە ئێمە هەڵمانبژاردووە تێیدا ئەوەیە ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ﴾ ڕستەیەکی سەربەخۆیە و لە (مبتدأ و خبر) پێکهاتووە، چونکە هەرکات وتە پێویستیی بە شتی لابراو و خەملێنراو نەبوو ئەوە لەپێشترە کە پەنای بۆ نەبرێت.[٢٤٢]

نموونەیەکی تر: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ ۝٥٣﴾ [یوسف: ٥٣]، ئەوترێت ئەوە وتەی یوسفە (علیه سلام) و، دەوترێت: وتەی ئافرەتەکەی عەزیزی میسرە، دووەم دروست ترە، بەڵگەی پەسەندیش لەم بارەوە ئەوەیە: پەیوەستە بە وتەی ئافرەتەکەی عەزیزی میسرەوە، کە دەڵێت: ﴿... ٱلۡـَٰٔنَ

(٢٤١) أضواء البيان ٢/٨٦ـ ٨٨، ٤/١٣٧، ٧/٢٦٥.
(٢٤٢) البحر المحيط ١/٣٦.

حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ لِيَعۡلَمَ أَنِّي لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾ ۞وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ ﴿٥٣﴾ ﴾ [يوسف: ٥١ - ٥٣]، ئەوەی کە وای وتــوە، پێویســـتی بە وتەیەکـــی لابـــراو هەیە، کە هـــیچ بەڵگەیەك لەسەر بوونی لەفزەکە نییە.

وتەی هاوشێوەی ئەمە (حذف) لابراو تێیدا ڕوو نادات، بـۆ ئەوەی شـێواوی و نارِوونی تێدا ڕوونەدات. مەبەستەکەی ئەوەیە: هەردوو واتاکە هەڵدەگرێت، بەڵام وتەی یەکەم لە پێشترە بە یەکلایی.(٢٤٣)

❊❊❊

(٢٤٣) تفسير القيم ٣١٦.

# (كليات القرآن)

مەبەست لە (كليات القرآن) ئەو لەفزە یان شێوازێکە لە لایەن هەندێ لە موفەسیرەکانەوە دەربڕاوە، کە لە قورئاندا بە بەردەوامی لەسەر ئەو واتایە هاتووە. ئەم دەربڕاوە (كلية) زاراوەکانی قورئان ڕوون دەکاتەوە لە لەفز و شێوازەکانیدا، لەفزەکە ئەبێتە (كلي) تایبەتی قورئان. ئەم دەربڕینانە لە دوای وردبوونەوە و هەڵێنجان لە قورئانی پیرۆز هاتووە، ئەم ئەحکامە لە دوای وردبوونەوە و هەڵێنجان بووە بە (كلي)، واتا واتایەکی بەردەوامی کە بەشێوازێك ڕەخنە هەڵناگرێت، ئەمە یاسایەکی پەسەند کراوە لە کاتی دروستبوونی ڕاجودابیدا، چونکە هەڵێنجانێك تەواو و جێگیر بوویێت ئەبێتە بەڵگە،[٢٤٤] یان ئەوەیە بە نموونە ڕەخنەی لێگیراوە لە هەمان کاتدا موفەسیرەکە ئەم نمونانە ڕوون دەکاتەوە، لەسەر ئەم شێوازە دەبێتە ئەحکامی زۆرینەی، ئەکرێت سودی لێ ببینرێت لە تەرجیحکردن، وەکو ئەوەی ئێستا دێت، هاوەڵان و تابعین و ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتوون پشتیان بەم (كليات)انە بەستووە.

یەکەم کەس باسی لێوە کردووە و کۆی کردۆتەوە لە دووتوێی کتێبدا پێشەوایی زمانەوانی ئەحمدی کوڕی فارسە لە ساڵی (٣٩٥ك) کۆچی دوایی کردووە، کتێبەکەی بە ناوی (الأفراد)، هەندێ لە وتەکانی ئەم کتێبە ماون گواستراونەتەوە و زەرکەشی لێوەی گواستۆتەوە باسی کردووە لە کتێبی (برهان في علوم القرآن)[٢٤٥] و سیووتیش لە کتێبی (الإتقان )[٢٤٦] و، (معترك الأقران)[٢٤٧] سیووتی شتێکی کەمی بۆ زیادکردووە و، ڕاغیب لە کتێبی (مفردات)کە گرنگیی

---

[٢٤٤] أضواء البيان ٢/٥، ٣٢٩/٥، ١٣٥/٦.
[٢٤٥] ١/١٠٥ـ١١٠.
[٢٤٦] ٣/٥٦ ـ ٦١.
[٢٤٧] ٣/٥٦٢.

پێ داوە، سەفوان داودی[٢٤٨] کۆی کردۆتەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کردووە، ئەبی بەقاء لە کتێبی (کلیات)ەکەی پشتی بەم کتێبە بەستووە، هاتووە لە ژێر هەموو لەفزێکی قورئان (کلیات)ەکەی باسکردووە ئەگەر هەبێت. ئیبن عاشوور لە پێشەکییەکەیدا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت کردووە پێوەی، ناوی لێ ناوە (عادات القرآن).[٢٤٩]

ئێستا نموونەی ئەو (کلیات)ە باس دەکەین، وەکو ئەوەی موفەسیرەکان باسیان لێوە کردووە:

## یەکەم: (كليات الألفاظ):

١. ئیبنو عەبباس و ئیبن زەید دەڵێن: هەموو شتێك لە قورئاندا (رجز)ی تێدا بوو، ئەوە ئازارە.[٢٥٠]

٢. موجاهید دەڵێت: هەموو (ظن)ێك لە قورئاندا ئەوە (علم) زانستە.[٢٥١]

٣. سوفیانی کوڕی عویەینە دەڵێت: خوای گەورە ناوی (مطر)ی هێنابێ، تەنها مەبەستی عەزابە پێی.[٢٥٢]

٤. ئیبن زەید دەڵێت: (التزكي) پاکانە لە قورئاندا هەمووی ئیسلامە.[٢٥٣]

٥. موجاهید دەڵێت: هەموو ئەمانە لە قورئاندا (قُتِل الإنسان) یان (فُعِل بالإنسان) مەبەست پێی کافرە.[٢٥٤]

٦. فراء دەڵێت: (کتب) لە قورئاندا بە واتای (فرض)ە.[٢٥٥]

٧. ئیبن فارس دەڵێت: لە قورئاندا باس نەکراوە (البعل) تەنها بە واتای

---

(٢٤٨) ص ١١٨٨.
(٢٤٩) التحرير والتنوير ١٢٤/١.
(٢٥٠) تفسير الطبرى ٣٠٥/١ـ٣٠٦.
(٢٥١) تفسير الطبرى ٢٦٢/١.
(٢٥٢) فتح البارى ١٥٨/٨.
(٢٥٣) تفسير الطبرى ٣٩/٣٠، ٥٢.
(٢٥٤) تفسير الطبرى ٥٤/٣٠.
(٢٥٥) القطع والائتناف للنحاس ١٧٦.

(زوج) نەبێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ ﴾ [البقرة: ٢٢٨]، تەنها لە یەك جێگە نەبێت بە واتای (صنم) بت، دێت.[٢٥٦]

٨. ڕاغیب دەڵێت: (التثویب) بانگ کردنی دووبارە، لە قورئانی پیرۆز نەهاتووە، ئیللا بۆ (مکروە) نەبێت.[٢٥٧]

٩. ڕاغیب دەڵێت: لە هەر جێگەیەك خوای گەورە باسی کردنی نوێژی کردبێت و بە ڕێکی باسی کردووە بە لەفزی (الإقامة).[٢٥٨]

١٠. ئیبن عاشوور دەڵێت: بانگکردن بۆ نوێژ، بە (الأذان) بانگدانە، لە قورئاندا ئاماژەی پێکردووە تەنها بە (النداء).[٢٥٩]

١١. ئیبن عاشوور دەڵێت: مەبەست لە (الکفار): (الکفار) واتا (المشرکون) ئەمە زاراوەی قورئانە مەبەست لە وشەی (الکفار)دا.[٢٦٠]

ئەوەی لە قورئاندا بە زۆری یان زیاتر ئاماژەی پێداوە، ئیمامی شەنقیتی دەڵێت: بە زۆری کە باسی ڕێزی ئەهلی بەهەشت کراوە، کە لەگەڵ خێزانەکانیاندان بێ ئەوەی منەت بکرێت بەسەریاندا، لەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە خێزانەکانیان لە عیبادەتدا هاوشانی مێردەکانیان بوون.[٢٦١] مەبەست لێرە ئەوەیە؛ ژن و مێرد لە بەهەشتدا پێکەوەن، بێ ئەوەی سەیری ئەوە بکرێت لە عیبادەتدا هاوشانی یەك بوون یان نا، پلەی ئەمیش بەرز دەکرێتەوە هەردووکیان پێکەوە دەبن و بێ ئەوەی منەت بکرێت بەسەریاندا. دەشڵێت: بە زۆری لە قورئاندا پێکهاتەی (الزکاة) هاتووە لە سەر پاکێتی.[٢٦٢]

---

[٢٥٦] البرهان في علوم القران ١/١٠٥.
[٢٥٧] مفردات الفاز القران ١٨٠.
[٢٥٨] المفردات الفاز القران ٤٩١.
[٢٥٩] التحریر والتنویر ٦/٢٤٢.
[٢٦٠] التحریر والتنویر ٦/٢٤١.
[٢٦١] أضواء البیان ٤/٤٥.
[٢٦٢] أضواء البیان ٤/٤٥.

## دووەم: (كليات الأسلوب) شێوازی کولییات:

١. ئیمامی شاطبی دەڵێت: ئەگەر لە قورئاندا (ترغیب) هاندان بۆ ویستن، (ترهیب) ترساندن، دراوەتە پاڵی، یان لە دوایەوە هاتووە، یان لە پێشی، یان نزیکی، یان بە پێچەوانەوە، بەو شێوەیە ئومێد لەگەڵ ترساندن.[٢٦٣]

٢. ئیبنولقەییم دەڵێت: ئەمە ڕێچکەی قورئانە (أسماء الرجاء) ناوەکانی تکا، (أسماء المخافة) ناوەکانی ترساندن دراوەتە پاڵی، وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٩٨ ﴾ [المائدة: ٩٨].[٢٦٤]

٣. ئیبنولقەییم دەڵێت: خوای پەروەردگار ئەگەر باسی کەسی براوە و سەرکەوتووی کردبێت کرداری سەرکەوتنەکەیشی پەیوەست کردووە پێوەی و باسی کردووە، وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ خَٰشِعُونَ ٢ ﴾ [المؤمنون: ١ - ٢].[٢٦٥]

٤. شەنقیتی دەڵێت: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ٢ ﴾ [الأحقاف: ٢]، لە قورئانی پیرۆزدا ئەگەر خوای گەورە باسی دابەزینی قورئانی کردبێت، ناوە جوانەکانی خوای گەورە بە دوایدا هاتووە.[٢٦٦]

٥. شەنقیتی دەڵێت: هەموو بەسەرهاتێك کە هاتووە لە قورئاندا زۆر جار ڕەددەکەی دەکەوێتە پێشی یان پاشی، یان نەخێر لە پێش و پاشی ڕەددی تێدا نییە، ئەگەر هاتبوو ئەوە کێشە لەوەدا نییە کە بەسەرهاتەکە نادروست و درۆیە، ئەگەر لە پێش و پاشی هیچ نەهاتبوو ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی

---

[٢٦٣] الموافقات ٣/٢٣٦.

[٢٦٤] جلاء الافهام ١٧٤.

[٢٦٥] التبيان فى الاقسام القران ١٧.

[٢٦٦] أضواء البيان ٧/٤١، ٧/١٥٠.

بەسەرهاتەکە دروستە و ڕاستییە.[٢٦٧] نموونەی یەکەم: ﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۖ بَل لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ١١٦﴾ [البقرة: ١١٦].

نموونەی دووەم: وتەی عەزیزی میسرە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ٢٨﴾ [يوسف: ٢٨]. هەروەها وتەی هود هود، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَهَا عَرۡشٌ عَظِيمٞ ٢٣﴾ [النمل: ٢٣].

٦. ئیبن عەتییە دەڵێت: واجباتەکان بە ڕێگەی مەسدەر مەرفووع هاتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ ٢٢٩﴾ [البقرة: ٢٢٩]. ﴿فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيۡهِ بِإِحۡسَٰنٖۗ ١٧٨﴾ [البقرة: ١٧٨]، مەندووب (سوننەتەکان) بە ڕێگەی مەسدەری مەنسووب هاتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ ٤﴾ [محمد: ٤]، بۆیە ڕاجودایی تێکەوتووە لەوەی؛ (الوصية للزوجات) واجبە یان سوننەتە؟ بە هۆی ڕاجودایی لە خوێندنەوەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَصِيَّةٗ لِّأَزۡوَٰجِهِم ٢٤٠﴾ [البقرة: ٢٤٠]، بە ڕەفعەیە یان بە نەسبە؟

ئەبو حەییان دەڵێت: لە بنچینەدا لەم جودابیەدا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالُوا۟ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ ٦٩﴾ [هود: ٦٩]، یەکەمیان بۆ سوننەتە، دووەم بۆ واجبە، وتەی دروست لێرەدا ئەوەیە "ڕستەی ئیسمی" تەئکیدتر و جێگیرترە لە "ڕستەی فیعلی".[٢٦٨]

---

[٢٦٧] الموافقات ٢٦٣/٣.

[٢٦٨] معترك الاقران ٦١٧/٣.

# شێوازەکانی (القراءات) خوێندنەوەکان و کاریگەرییان لە تەفسیردا

ئەوە زانراوە کە (القراءات) دوو بەشن: موتەواتیر و شاز.

زاناکان ئەم قیرائەتانەیان بە موتەواتیری و سەنەدەکەیان لەبەرکردووە، بە شێوازێك نەتوانرێت شتێکی بۆ زیاد بکرێت یان لێی کەم بکرێت. ئەو زانستەی کە دەردەکەوێت و پەیوەستە بەم قیرائەتانەوە ئەمانەن: شێوازەکانی قیرائەتەکان، یان پێی دەوترێت: هۆکارەکانی قیرائات، یان نارەزای و رەخنە بۆ قیرائەتەکان.

مەبەست لەم زانستە: روونکردنەوەی شێوازی قیرائەتەکانە لە رووی عەرەبییەوە، جیاوازی لە نێوان قیرائەتە جوداکان. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم قیرائەتانە پێویستیان بەوەیە متمانەیان پێ بدرێت، بەڵکوو ئەمانە خۆیان بەڵگەن، وەکو ئیبنو جینی دەڵێت: (والقرآن يُتخير له ولا يُتخير عليه). واتە: قورئان بۆی هەڵدەبژێردرێت، بەسەردا هەڵنابژێردرێت.[٢٦٩] سەفاقسی لە "غيث النفع"دا دەڵێت: قیرائات شوێنی عەرەبی ناکەوێت، بەڵکوو عەرەبی شوێنی قیرائات دەکەوێت، چونکە بیستراوە لە رەوانبێژترینی عەرەب بە کۆڕا، کە پێغەمبەری خوایە ﷺ و هاوەڵان و شوێنکەوتووانی ئەوانن. شێوازەکەیشی ئەکرێت، دەربڕین، ئیعراب، سەرف، زمانەوانی و واتاکەی بێت. مەبەست لێرە ئەوەیە، کە پەیوەستە بە واتاکەیەوە، چونکە کاریگەریی دەبێت لەسەر تەفسیر، جودایی لە واتاکەی دروست دەبێت بە جودایی لە قیرائەتەکەی خوێندنەوەکەی.

---

[٢٦٩] المحتسب ١/٥٣

ئەو کتێبانەی پشتیان پێ دەبەسترێت لە شێوازەکانی قیرائەتەکان:

١. "الحجة في القراءات السبع"، ئیبن خالویه (٣٧٠ك).

٢. "معاني القراءات"، ئەبی مەنسوور ئەزهەری (٣٧٠ك).

٣. "الحجة للقراءات السبعة"، ئەبی عەلی فارسی (٣٧٧ك).

٤. "المحتسب في تبيين وجوه شواذ القراءات، والإيضاح عنها"، ئەبیلفەتح عوسمان کوڕی جینی (٣٩٢ك).

٥. "الكشف عن وجوه القراءات السبعة وعللها وحججها"، مەککیی کوڕی ئەبی تاڵیب (٤٣٧ك).

٦. "حجة القراءات"، ئەبی زەرعە-عەبدورڕەحمانی کوڕی زەنجلە (سەدەی پێنجەم).

لە کتێبەکانی ئەوانەی دوای ئەوان:

١. "طلائع البشر في توجيه القراءات العشر"، محەمەد سادق قەمحاوی.

٢. "القراءات الشاذة وتوجيهها في لغة العرب"، عەبدولفەتاح قازی.

٣. "المغني في توجيه القراءات العشر المتواترة"، محەمەد سالم محەیسین.

بەڵام کتێبی تەفسیر ئەوانەی کە بە درێژی باسی تەفسیری کردووە، باسی شێوازەکانی قیرائاتی تێدا کراوە، وەکو تەفسیری ئیبن جەریری تەبەری، ئیبن عەتیە، قورتوبی، ئەبی حەییان، ڕازی، شەنقیتی، تاهیری کوڕی عاشوور و ...هتد.

جۆرەکانی ڕاجودایی لە قیرائاتدا:

ڕاجودایی لە قیرائاتدا سێ جۆرە:

یەکەم: ڕاجودایی لە لەفزەکەیدا، بەڵام لە واتاکەی یەك شتن. نموونەی ئەم جۆرە: جیاوازی لە خوێندنەوەی (صراط)، هەندێك بە (صاد) دەیخوێنێتەوە، هەندێك بە (سین). وەکو: «علیهُم، علیهِم، علیهم»، و «القُدُس، القُدْس» جگە لەمانەیش.

دووەم: جودایی هەیە لە لەفز و واتاکەیشی، لەگەڵ ئەوەیشدا دروستە لە یەك شتدا کۆ ببنەوە. نموونەی ئەمە: جودان لە خوێندنەوەدا: «ملك»، «مالك»، «بظنین» و «بضنین»، لەم حەڵەتەدا هەردوو واتاکەی هەر بۆ یەك شت دەگەڕێتەوە.

وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤﴾ [الفاتحة: ٤]، و (ملك یوم الدین)، ئەکرێت خوای گەورە وەسف بکرێت بە (مالك) و (ملك)، لە نێوان ئەم دوو لەفزەدا جودایی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەگەڕێنەوە بۆ یەك شت کە خوای پەروەردگارە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا هُوَ عَلَى ٱلۡغَيۡبِ بِضَنِينٖ ٢٤﴾ [التكوير: ٢٤]، و (بظنین) وەسفی پێغەمبەرە ﷺ بەوەی کە ڕەزیل نییە و نەفی ڕەخنەی لێ دەکات.

سێیەم: جودایی هەیە لە لەفز و واتاکەی، لەگەڵ ئەوەیش ڕێگری هەیە کە کۆ ببنەوە لە یەك شتدا، ڕێك دەکەون لە دوو شتدا، بەڵام نابنە دژی یەك.

وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَيَوۡمَئِذٖ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٞ ٢٥ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٞ ٢٦﴾ [الفجر: ٢٥ - ٢٦]، بەم شێوازە دەخوێنرێتەوە: (یعذِّب) و (یعذَّب)، (یوثِق) و (یوثَق)، بۆ هەموو یەکێ لەمانە شێوازەکەی دەگۆڕێت لەگەڵ ئەوی تریان.

نموونەی ئەوەی کە لەم لەفزەدا دەخوێنرێتەوە: (یرجعون) و (ترجعون)، بە (یاء) و (تاء) یش دەخوێنرێتەوە، واتاکەیش تێیاندا جیاوازە.[٢٧٠]

ئەم جۆرەیان وەکو دوو تەفسیر دەبن، وەکو ئەوەی ئێستا باسی دەکەین:

١. دوو قیرائەت لە ئایەتێکدا، ئەگەر دەرکەوت دژی یەکن، هەردووکیان

---

[٢٧٠] النشر في القراءات العشر ٤٩/١ ـ٥١، دقائق التفسير ٦٩/١.

حوکمی دوو ئایەتیان هەیە، وەکو (جودایی جۆرێتی)ی لێ دێت.[٢٧١]

نموونەی ئەمە: وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ ١٥﴾ [البروج: ١٥]، (المجيد) بە ڕەفعە و جەڕەش دەخوێنرێتەوە، بە ڕەفعە (المجيدُ) ئەبێتە سیفەت بۆ (ذو)ەکە، بە جەڕە (المجيدِ) ئەبێتە سیفەت بۆ (العرش)ەکە. لەسەر ئەمە ئەم دوو خوێندنەوە هەردووکیان حوکمی دوو ئایەتیان هەیە. ئەم یاسایە لە خاڵی سێیەمە کە لە پێشدا باسمان کرد.

٢. ئەگەر قیرائەتەکان دژی یەك نەبوون و بۆ یەك شت گەڕانەوە، ئەوە ئەبێتە زیادەیەك بۆ حوکمەکەی، بە واتای ئەو قیرائەتە.

وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٍ ٨٦﴾ [الكهف: ٨٦]، دەخوێنرێتەوە: (حَمِئَةٍ) و (حامية)یش، ئەگەر بە (حامية) خوێنرا، ئەوە بە واتای: (حارة) گەرم دێت، ئەگەر بە (حَمِئَةٍ) خوێنرا، ئەوە بە واتای: (الحمأة) قوڕێکی بۆگەنیی ڕەنگگۆڕاو، ئیبن زەنجلە دەڵێت: ئەم خوێندنەوە (حَمِئَةٍ) نەفیی قیرائەتەکەی تر ناکات (الحامية) ئەگەر دروست بێت خۆر لە شوێنێکی گەرمەوە ئاوا ببێت، ئەکرێت گەرمیش بێت و لە هەمان کاتیشدا ئەکرێت شوێنەکە قوڕێکی ڕەشی بۆگەن بێت، ئەکرێت وەسف بکرێت بە گەرم و بە (حمأة) قوڕێکی بۆگەنیی ڕەنگگۆڕاو.[٢٧٢] ئەم یاسایە لە جۆری دووەمە کە باسمان کرد.

٣. قیرائات کە هەندێکیان هەندێکی تریان ڕوووندەکەنەوە.

وەکو ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَ ٨٩﴾ [المائدة: ٨٩]، حەمزە، کیسائی،

---

[٢٧١] الشنقيطي في أضواء البيان ٨/٢، دقائق التفسير ٦٩/١.

[٢٧٢] حجة القراءات ٤٢٩ـ ٤٧٠ تفسير الطبرى ١٢/١٦

شوعبە و عاسم، بە: (عَقَدْتُّم) دەیخوێننەوە، بە سووکی بە بێ ئەلف، ئیبن زەکوان لە ئیبن عامر (عَاقَدْتُّم) بە ئەلف بە وەزنی (فاعل) دەیخوێننەوە. ئەوانی تر بە (عَقَّدْتُّمُ) بە تەشدید و بە قورسی، بە بێ بوونی ئەلف دەیخوێننەوە. تەزعیف و (المفاعلة) هەر بە واتای (مجرد الفعل) ڕوویی کردارەکە دێت، بە بەڵگەی قیرائەتی (عقدتم) بە بێ ئەلف و تەزعیف، قیرائەتەکان هەندێکیان ڕوونکەرەوەی هەندێکی تریانن.(٢٧٣)

لە کۆتاییدا لات شاراوە نەبێت خوێنەری بەڕێز، لە نێوان ئەم باسانە تێهەڵکێش و پەیوەندی هەیە، مەبەست لە جیاکردنەوەم بۆ جۆرێتییەکەی بوو، ئەگەر چی ئەمانە لە پێشدا هەر یەك بەش بوون. لە دوای گواستنەوەی ئەم نموونانە، بۆت ڕوون دەبێتەوە لە یەك قیرائەتدا زۆرێتی تەفسیر و واتای جیا جیا ڕوو نادات بە قیرائەتە جیاوازەکان دروست دەبێت. ئەم چەند نموونە، نەرمی و جوانی ئەم (باب/بەشەت) بۆ ڕوون دەکاتەوە، لە هەندێك لەو کتێبانەی شێوازی قیرائەتەکان .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ ﴿٨٣﴾ ﴾ [الأنعام: ٨٣]، دەخوێنرێتەوە: (درجاتٍ) بە تەنوین و، (درجاتِ) بە کەسرە لەسەر ئیزافە. ئەوەی بەم شێوازە دەیخوێنێتەوە (دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ)، لێرەدا مەرفووعەکە خاوەنی (الدرجات)ەکەیە. ئەوەی بەم شێوازە دەیخوێنێتەوە (درجاتِ) مەرفووعەکە خودی (الدرجات)ەکەیە. مەککی دەڵێت: هەردوو خوێندنەوەکە نزیکن؛ چونکە هەرکەس دەرەجە و پلەکەی بەرز دەکرێتەوە، بەرز دەبێتەوە لەگەڵی، هەرکەس بەرز دەکرێتەوە دەرەجەکەیشی بەرز دەبێتەوە.(٢٧٤)

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡعِظَامِ كَيۡفَ نُنشِزُهَا ﴿٢٥٩﴾ ﴾ [البقرة: ٢٥٩]، نافع، ئیبن کثیر، ئەبو عومەر و یەعقووب بەم شێوە

---

(٢٧٣) أضواء البيان ٢/١٢٠

(٢٧٤) الكشف عن وجوه القراءات السبع ١/٤٣٨.

دەیخوێننەوە (نُنْشِرُهَا) بە (راء)، ئەوانی تر دەیخـوێننەوە: (نُنْشِـزُهَا) بە (زای)، ئەبو مەنسـوور دەڵێـت: (نُنْشِـزُهَا) بە (زای)، بە واتـای: لە دوای لەنـاوچوونی؛ ڕاستی دەکەینەوە و بەرزی دەکەینەوە، هەندێکی بۆ لای هەندێکی تـری بەرز دەکـرێتەوە، واتـا (ترتفـع) کە لە (نشـز) وەرگیـراوە و، (النشـز): ئەوەی بەرز دەبێتەوە لە زەویدا. ئەوەیشی دەیخوێنێتەوە بە: (نُنْشِرُهَا) بە (راء)، بە واتـای (أنشـر الله الموتى)، واتا زیندوویان دەکاتەوە لە پاش مردنیان، واتـا (حَيَـوا).[٢٧٥]

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ بَلۡ عَجِبۡتَ وَيَسۡخَرُونَ ١٢ ﴾ [الصافات: ١٢]، هەنـدێك بە: (بَـلْ عَجِبْـتُ) دەیخـوێننەوە بە زەمـمە، بە بەڵـگەی: هەواڵـی خـوای پەروەردگـارە دەربـارەی خـۆی. هەنـدێکی تـر بە: (بَـلْ عَجِبْـتَ) بە فەتـحە دەیخوێننەوە، بە بەڵگەی (تاء)کە بۆ پێغەمبەرە ﷺ.[٢٧٦]

***

---

[٢٧٥] معانی القراءات اللازهری ٢٢٢/١.

[٢٧٦] الحجة فی القراءات السبع لابن خالویه ٣٠١ـ ٣٠٢.

## سەرچاوەکان:


١. "الإتقان في علوم القرآن"، جلال الدين السيوطي (٩١١هـ)، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ١٤٠٧هـ.

٢. "أحمد بن فارس، وريادته في البحث اللغوي"، هادي حسن حمودي، عالم الكتب، ط١، ١٤٠٧هـ.

٣. "الإشارة إلى الإيجاز في بعض أنواع المجاز"، عز الدين عبد العزيز بن عبد السلام (٦٦٠هـ)، المكتبة العلمية بالمدينة المنورة.

٤. "أصول في التفسير"، الشيخ محمد بن صالح بن عثيمين، دار ابن القيم، ط١، ١٤٠٩هـ.

٥. "الأصول من علم الأصول"، محمد بن صالح بن عثيمين، مؤسسة الرسالة، مكتبة الرشد، ط٣، ١٤٠٦هـ.

٦. "أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن"، محمد الأمين بن محمد المختار الجكني الشنقيطي (١٣٩٣هـ)، ط. الرئاسة العامة لإدارة البحوث العلمية... الرياض، ١٤٠٣هـ.

٧. "إعراب القرآن"، أبو جعفر أحمد بن محمد بن إسماعيل النحاس (٣٣٨هـ) تحقيق: زهير غازي زاهد، عالم الكتب، مكتبة النهضة العصرية ط٢، ١٤٠٥هـ.

٨. "اقتضاء الصراط المستقيم لمخالفة أصحاب الجحيم"، أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن تيمية (٧٢٨هـ) تحقيق: د. ناصر بن عبد الكريم العقل، مكتبة الرشيد، الرياض، ط١، ١٤٠٤هـ.

٩. "إنباه الرواة إلى أنباء النحاة"، الوزير جمال الدين أبو الحسن علي بن يوسف القفطي (٦٢٤هـ) تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار الفكر العربي، القاهرة، مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت ط١، ١٤٠٦هـ.

١٠. "الإنصاف في التنبيه على المعاني والأسباب التي أوجبت الاختلاف بين المسلمين في آرائهم"، ابن السيد البطليوسي (٥٢١هـ) تحقيق: د. محمد رضوان

الداية، دار الفكر ط٣، ١٤٠٧هـ.
١١. "الإنصاف فيما تضمنه الكشاف من الاعتزال" (بحاشية الكشاف): ناصر الدين أحمد بن محمد بن المنير الإسكندري، دار المعرفة.
١٢. "البحر المحيط"، محمد بن يوسف الشهير بأبي حيان الأندلسي، دار الفكر، ط٢، ١٤٠٣هـ.
١٣. "البرهان في علوم القرآن"، بدر الدين محمد بن عبد الله الزركشي، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعرفة.
١٤. "التبيان في أقسام القرآن"، ابن قيم الجوزية، تحقيق: طه يوسف شاهين، دار الكتب العلمية، ١٤٠٢هـ.
١٥. "التحرير والتنوير"، الطاهر ابن عاشور، الدار التونسية، ١٩٨٤م.
١٦. "التسهيل لعلوم التنزيل"، محمد بن أحمد بن جزي الكلبي، دار الكتاب العربي ط٢، ١٣٩٣هـ.
١٧. "تفسير آيات أشكلت"، مخطوط، شيخ الإسلام أحمد بن عبد السلام بن تيمية (٧٢٨هـ).
١٨. "تفسير ابن أبي حاتم"، أبو محمد عبد الرحمن ابن أبي حاتم الرازي (٣٢٧هـ) تحقيق: د. أحمد عبد الله العماري الزهراين، الدار المدنية.
١٩. "تفسير القرآن الكريم"، أبو الليث نصر بن محمد بن أحمد السمرقندي (٣٧٥هـ) تحقيق: د. عبد الرحيم أحمد الزقة، مطبعة الإرشاد، بغداد ط١، ١٤٠٥هـ.
٢٠. "التفسير القيم للإمام ابن القيم"، جمع: محمد أويس الندوي تحقيق: محمد حامد الفقي، مكتبة السنة المحمدية.
٢١. "التفسير الكبير"، تقي الدين أحمد بن عبد السلام بن تيمية (٧٢٨هـ)، عبد الرحمن عميرة دار الكتب العلمية، ١٤٠٨هـ.
٢٢. "التمهيد في أصول الفقه"، محفوظ بن أحمد بن الحسن الكلوذاني، تحقيق: محمد بن علي بن إبراهيم، مركز البحث العلمي، جامعة أم القرى.
٢٣. "تهذيب اللغة"، أبو منصور محمد بن أحمد الأزهري (٣٧٠هـ) تحقيق:

أ. علي حسن هلالي، الدار المصرية للتأليف والترجمة.
٢٤. "الجامع لأحكام القرآن"، أبو عبد محمد بن أحمد القرطبي (٦٧١هـ) تحقيق: أ. علي حسن هلالي، الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٨٧م.
٢٥. "جامع البيان عن تأويل القرآن"، أبو جعفر محمد بن جرير الطبري (٣١٠هـ)، شركة البابي الحلبي، ط٣.
٢٦. "جلاء الأفهام في فضل الصلاة والسلام على محەمەد خير الأنام" أبو عبد الله محمد بن أبي بكر ابن القيم الجوزية(٧٥١هـ)، تحقيق: شعيب وعبد القادر الأرناؤوط، دار العروبة للنشر والتوزيع ط٢، ١٤٠٧هـ.
٢٧. "الحجة في القراءات السبع"، حسين بن أحمد بن خالويه (٣٧٠هـ)، تحقيق: عبد العال سالم مكرم، دار الشروق، ط٢، ١٣٩٧هـ.
٢٨. "حجة القراءات"، أبو زرعة عبد الرحمن بن محمد بن زنجلة، تحقيق: مؤسسة الرسالة، ط٤، ١٤٠٤هـ.
٢٩. "دراسات في التفسير الموضوعي للقصص القرآني"، أحمد جمال العمري، مكتبة الخاندي، ١٤٠٦هـ.
٣٠. "دراسات لأسلوب القرآن الكريم" محمد عبد الخالق عضيمة، دار الحديث، ط١، ١٣٩٢هـ.
٣١. "الدر المنثور في التفسير بالمأثور"، عبد الرحمن جلال الدين السيوطي، دار الفكر، ط١، ١٤٠٣هـ.
٣٢. "دقائق التفسير الجامع لتفسير ابن تيمية"، تحقيق: د. محمد السيد الجليند، مؤسسة علوم القرآن، دمشق، ط٢، ١٤٠٤هـ.
٣٣. "روح المعاني"، أبو الفضل شهاب الدين محمود الألوسي(١٢٧٠هـ)، إدارة الطباعة المنيرية.
٣٤. "روضة المحبين ونزهة المشتاقين"، شمس الدين ابن قيم الجوزية، دار الكتب العلمية، بيروت.
٣٥. "زاد المسير في علم التفسير" أبو الفرج جمال الدين عبد الرحمن بن علي الجوزي(٥٩٧هـ) تحقيق: محەمەد عبد الرحمن عبد الله، دار الفكر، ط١،

١٤٠٧هـ.
٣٦. «السنّة”، محەمەد بـن نصر- المـروزي، تحقيـق: أبي مـحەمەد سـالم بـن أحمد السلفي، مؤسسة الكتب الثقافية، ط١، ١٤٠٨هـ.
٣٧. «شرح أصول اعتقاد أهل السـنة والجماعـة»: أبـو القاسـم هبـة الله بـن الحسن اللالكائي(٤١٨هـ) تحقيق: د. أحمد سعد حمدان، دار طيبة.
٣٨. «شفاء العليل في مسائل القضـاء والقـدر والحكمـة والتعليـل»: شـمس الدين محەمەد بن أبي بكر بن قيم الجوزية(٧٥١هـــ) دار الكتـب العلميـة، ط١، ١٤٠٧هـ.
٣٩. "طبقات المفسرين"، الحافظ شمس الـدين محمـد الـداودي (٩٤٥هــ)، دار الكتب العلمية، بيروت.
٤٠. "طبقات النحـويين واللغـويين"، أبـو بكـر محمـد بـن الحسـن الزبيـدي الأندلسي (٣٧٩هـ)، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، دار المعارف، ط٢.
٤١. "فتح البـاري بشرـح صـحيح البخـاري"، الحـافظ ابـن حجـر العسـقلاني (٨٥٢هـ)، محب الدين الخطيب وآخرون، دار الريان، القاهرة، ط١، ١٤٠٧هـ.
٤٢. "فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية في علـم التفسـير"، محمـد بن علي الشوكاني، مطبعة البابي الحلبي، ط٢، ١٣٨٣هـ.
٤٣. "القـاموس المحـيط"، مجـد الـدين محمـد بـن يعقـوب الفيروزآبـادي (٨١٧هـ): تحقيق: مكتب تحقيق التراث في مؤسسـة الرسـالة، مؤسسـة الرسـالة، ط٢، ١٤٠٧هـ.
٤٤. "القطع والائتناف"، أبو جعفر النحاس، تحقيـق: أحمـد خطـاب العمـر، مطبعة العاني، بغداد، ط١، ١٣٩٨هـ.
٤٥. "الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويـل في وجـوه التأويـل"، أبـو القاسم جار الله محمد بن عمر الزمخشري (٥٣٨هـ)، دار المعرفة، بيروت.
٤٦. "الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها ووجوهها"، أبو محمد مـكي بـن أبي طالـب القيسي- (٤٣٧هــ)، تحقيـق: د. محيـي الـدين رمضـان، مؤسسـة الرسالة، ط٣، ١٤٠٤هـ.

٤٧. "الكليات"، أبو البقاء أيوب بن موسى الحسيني الكفوي (١٠٩٤هـ)، تحقيق: عدنان درويش، محمد المصري، مؤسسة الرسالة ط١، ١٤١٢هـ.
٤٨. "القواعد الحسان لتفسير القرآن"، عبد الرحمن بن ناصر السعدي، مكتبة المعارف، ١٤٠٠هـ.
٤٩. "مجاز القرآن"، أبو عبيدة معمر بن المثنى البصري(٢١٠هـ)، تحقيق: د. محمد فؤاد سزكين، مكتبة الخانجي، دار الفكر، ط٢، ١٣٩٠هـ.
٥٠. "مجموع فتاوى شيخ الإسلام أحمد بن تيمية"، جمع: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، تصوير الطبعة الأولى، ١٣٩٨هـ.
٥١. "المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز"، أبو محمد عبد الحق بن عطية الأندلسي (٥٤١هـ)، تحقيق: عبد الله بن إبراهيم الأنصاري، السيد عبد العال إبراهيم، مؤسسة دار العلوم، ط١.
٥٢. "مذكرة أصول الفقه"، محمد الأمين بن المختار الشنقيطي (١٣٩٣هـ)، دار القلم، بيروت.
٥٣. "مشكل إعراب القرآن"، أبو محمد مكي بن أبي طالب القيسي (٤٣٧هـ)، تحقيق: د. حاتم صالح الضامن، مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٤٠٥هـ.
٥٤. "معاني القراءات"، أبو منصور محمد بن أحمد الأزهري (٣٠٧هـ)، تحقيق: د. عيد مصطفى درويش، د. عوض حمد التوزي، دار المعارف، ط١، ١٤١٢هـ.
٥٥. "معاني القرآن الكريم"، أبو جعفر النحاس، تحقيق: محمد بن علي الصابوني، مركز إحياء التراث الإسلامي، جامعة أم القرى، ط١.
٥٦. "معاني القرآن وإعرابه"، أبو إسحاق إبراهيم بن السري الزجاج (٣١١هـ)، تحقيق: د. عبد الجليل عبده شلبي، عالم الكتب، ط١، ١٤٠٨هـ.
٥٧. "معترك الأقران في إعجاز القرآن"، جلال الدين السيوطي، تحقيق: علي محمد البجاوي، دار الفكر العربي.
٥٨. "معجم الأدباء"، ياقوت، دار الفكر، ١٤٠٠هـ.
٥٩. "معجم مقاييس اللغة"، أبو الحسين أحمد بن فارس (٣٩٥هـ)، تحقيق:

عبد السلام محمد هارون، دار الكتب العلمية.
٦٠. "معرفة علوم الحديث"، الحاكم ابو عبدالله محەمەد بن عبدالله الحافظ (٤٥٠هـ)، ت:السيد معظم حسين، دار الآفاق الجديد، بيروت، ط٤-١٤٠٠.
٦١. "مفردات ألفاظ القرآن"، الراغب الأصفهاني، تحقيق: صفوان عدنان داودى، دار القلم، الدار الشامية، ط١-١٤١٢هـ.
٦٢. "مقدمة جامع التفاسير"، لأبي القاسم الراغب الأصفهاني، ت: د.أحمد حسن فرحات، دار الدعوة، ط١-١٤٠٥هـ.
٦٣. "مقدمة في أصول التفسير"، تقي الدين أحمد بن عبدالحليم بن تيمية (٧٢٨هـ)، تحقيق: د.عدنان زرزور، دار القرآن الكريم، ط٣-١٣٩٩هـ.
٦٤. "المكتفي في الوقف و الابتداء"، لأبي عمرو عثمان بن سعيد الداني(٤٤٤هـ)، تحقيق: د.يوسف عبدالرحمن المرعشلي، مؤسسة الرسالة، ط١-١٤٠٤.
٦٥. "الموافقات في أصول الأحكام"، لأبي إسحاق ابراهيم بن موسى الشاطبي (٧٩٠هـ) تحقيق: محي الدين عبدالحميد، الناشر: مكتبة محمد علي صبيح و أولاده.
٦٦. "الناسخ والمنسوخ في القرآن الكريم"، لأبي بكر ابن العربي (٥٤٣هـ)، ت: د. عبدالكبير العلوي المدغري، وزارة الأوقاف والشؤن الإسلامية، ط١-١٤٠٨هـ.
٦٧. "النشر في القراءات العشر"، لمحمد بن محمد ابن الجزري (٨٣٣هـ)، دار الفكر.
٦٨. "النكت على كتاب ابن الصلاح"، الحافظ ابن حجر العسقلاني (٨٥٢هـ)، تحقيق: د. ربيع بن هادي عمير، دار الراية، الرياض، ط٢-١٤٠٨هـ.
٦٩. "النكت والعيون"، تفسير الماوردي: تحقيق خضر بن محمد خضر، مطابع مقهوي، الكويت، ط١-١٤٠٢هـ.
٧٠. "نواسخ القرآن"، ابو الفرج عبدالرحمن بن علي الجوزي (٥٩٧هـ)، تحقيق: محمد أشرف علي الملباري، المجلس العلمي بالجامعة الإسلامية، بالمدينة النبوية، ط١-١٤٠٤هـ.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکیی وەرگێڕ: | ٥ |
| پێشەکیی نووسەر: | ٨ |
| دەستپێك | ١٠ |
| بنچینەکانی تەفسیر | ١٣ |
| حوکمی تەفسیر و بەشەکانی: | ١٨ |
| ڕێگاکانی تەفسیر | ٢٥ |
| یەکەم: تەفسیری قورئان بە قورئان: | ٢٥ |
| دووەم: تەفسیری قورئان بەسوننەت: | ٣٢ |
| سێیەم: تەفسیری قورئان بە وتەی هاوەڵان: | ٣٦ |
| چوارەم: تەفسیری قورئان بە وتەی تابعین: | ٤٢ |
| پێنجەم: تەفسیری قورئان بە زمانەوانی: | ٥٠ |
| شەشەم: تەفسیر بە پێی ئیجتیهاد و بۆچوون (ڕەئی): | ٥٨ |
| تەفسیر بە مەئسوور | ٦٦ |
| ڕاجودایی سەلەف لە تەفسیردا | ٦٩ |
| هۆکارەکانی ڕاجودایی لە تەفسیری سەلەفدا | ٧٩ |
| کۆڕایی (اجماع) لە تەفسیردا | ٨٨ |
| ئەو بنچینانەی کە تەفسیر لەسەری دەخولێتەوە (دروست) بووە | ٩٤ |
| ڕێگای سەلەف لە تەفسیرکردندا | ٩٦ |
| ئاراستەی وتەکانی سەلەف | ١٠٤ |
| یاساکانی تەفسیر | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| یەکەم: یاسای گشتی: | ١٠٩ |
| دووەم: (القواعد الترجيحية) یاسای پەسەندکردن: | ١١٩ |
| (كليات القرآن) | ١٥٣ |
| شێوازەکانی (القراءات) خوێندنەوەکان و کاریگەرییان لە تەفسیردا | ١٥٨ |
| سەرچاوەکان: | ١٦٤ |
| ناوەڕۆك | ١٧١ |


❊ ❊ ❊